منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamotada.com

بەسەرهاتی کوردەواری

ئامادەو کۆکردنەوەی
ئازاد حەمەدەمین هیرانی

٢٠٢٠

بەسەرهاتی کوردەواری

کۆکردنەوەو رێکخستنی
ئازاد حەمەدەمین هیرانی

2020

بەسەرهاتی کوردەواری

ناوی کتێب: بەسەرهاتی کوردەواری

ئامادەکار: نازاد حەمەدەمین هیرانی
تایپ: ڕێژوان هێمن
هەڵەچن: ئارام ئیسماعیل مستەفا
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: باوکی داوان
نۆرەی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپکردن: 2020
تیراژ: ١٠٠٠

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

ژمارەی سپاردنی (٦٦٤)ی ساڵی(2020)پێدراوە

پێشکەشە بە:

1- بەگیانی بابم.. رەفتارو قسە خۆشەکانی بوونە هەوێنی ژیانم..

بەو کەســـەی وەك خەونێك هات و تروســـکاییە ک بوو قەدەر پێچایەوەو جاریکی دی نایەتەوە..

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی:

لەمێژووی دوورو نزیکدا بەردەوام گەلی کورد ســـتەمی لێکراوە . بەداخەوە خودی کوردیش بەشێکە لەو واقیعە.. هێمنی شاعیر دەفەرموێ:

هەر بەڵایەك لەئاسمانەوە بێت
با لەوێشەوە نەهاتبێ بۆ من
کە گەیشتە سەر زەوی، پرسیار دەکا
لەکوێیە مااڵی مام هێمن

ئەگەر ئێستا مام هێمن زندی بایە ئەو دێرە شیعرەشی زیاد دەکردو دەیگوت:

بە پرسیاریش گەر نەیدۆزیبام
بە بەردی دەگوت ئەوەیە سەری من

لەجەنگ و گۆڕانکارییەکاندا، زەرەرمەندێ سەرەکێ گەلی کوردو خاکی کوردستانە.. سەرەڕمیش لەجەنگەکاندا رۆڵەی بەدبەختی کوردستانەو قەرەبووی جەنگێش قرتاندنێ پارچەیەك لەخاکی نیشتمانە کەبەخشراوە یان سوڵحی پێکراوە. ئەو لەتکردنەش دژە کەلتورو دژە فیکرو لێکترازانی لێکەوتۆتەوە لێك گرێدانەوەشی ئەستەم بووە. لەناخەوە تاکی کورد زیاتر

لەنەتەوەکانی دیکە هەست بەنامۆیی دەکات . چالاکییە ئەدەبی و هونەری و رۆشنبیرییەکانیش رەنگدانەوەی ئەو واقیعەن.

سەرگوزەشتەکانیش لەقاڵبێکی کۆمیدی لەکۆڕو مەجلیسان نەوە لەدوای نەوە دەگێڕدرانەوەو زۆرێك لە رووداوەکانیش فەوتاون چونکە تۆمار نەدەکران . بەدووبارە و چەندبارە گێڕانەوەش لەگەڵ گۆڕانی زەمەن زۆرو کەم گۆڕانکاری تێکەوتوە.

, زۆربەی بابەتەکان رووداوی راستەقینەن و خستنەڕووی کێشە سیاسێ و کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ئابووریەکان و واقیع و مەینەتییەکانی گەلی کوردە بەرهەمەکەش بەدەرنیە لەکەموکوڕی. بێگومان مەبەستیشم لەکەدارکردن و تانەلێدان نیە لە هیچ کەس و ناوچەو هۆزو ...هتد. تەنها و تەنهاش مەبەستم ماناو پەند وەرگرتنە. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستیم لۆ هەموولایەك و خوازیارم بەڕۆحێکی وەرزشیانە

لەهەڵەکانم ببورن . رەخنەی لەپێناو رەخنەش لەسەر سەرو لەسەر چاوان. زۆریش هەوڵمدا بابەتەکان درێژدادڕ نەبن لۆ ئەوەی خوێنەر بێزار نەبێ..

ساڵی ٢٠٠٢ز بەرهەمێکم بەچاپ گەیاند کەوا (٧٠) بابەت بوو بەناونیشانی (بەسەرهاتی کوردەواری پەندئامێز) بەژمارەی سپاردنێ (١٩٩)ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر ئەم بەرهەمەش تەواوکەری هەمان بەرهەمە . ئەگەر تەمەن رێگەم بدا ئینشاڵا بەرهەمی دیکەش پێشکەش دەکەم.

پێشڤەچوون و تەکنۆلۆژیا و ئاڵۆزی ژیان چێژو هەست و سۆزی مرۆڤی سست کردیە تەنانەت هونەر. شیعر، گۆرانی کاوێژکردنەوەی رابردوون و ژیانیش بۆتە ماراسۆن.

هیوادارم توانیبێتم خزمەتێك پێشکەش بە نەتەوەکەم بکەم و بزەیەکیش بخەمە سەر لێوی خوێنەر..

سوپاسی سەرجەم ئەو بەڕێزانەش دەکەم کە هاندەرو هاوکارم بوون بەتایبەتیش هاوڕێی دڵسۆزو بەڕێزم کاکە رێزمان خالید...

لەگەڵ رێزمدا..

کۆکردنەوەو رێکخستنی

نازاد حەمەدەمین هیرانی

٢٠١٩/١١/١١

یەك عانە شك نابەم

لەگوندەکانی دەوروبەری(مەلا ئۆمەر)ی نێزیك هەولێرێ دەولّەمەندێکی رەزیڵ هەبوو کەس نەیدەزانی پارەو پولی لەکێندەرێ حەشاردەدا . سێ کوڕی گەنجی هەبوو لەبەر کاروکاسبی زۆر ماندی بوون بابیان بەخەیاڵیشی نەدەهات ژنیان لۆ بێنی. کوڕەکان بەتەگبیر بە بابیان گۆت: هەر هیچ نەبێ ژن لۆ یەکەکمان بێنە . چەندەی لێ پاڕانەوە بێ سوود بوو. بەناچاری هەڕەشەیان لێکرد ئەویش گۆتی: یەك عانە شك نابەم و دەچم پارە لەمام سەید بەقەرد دەکەم ..!! بەدزە دزە چوە دەرێ و بەرەو ئاقاری رۆیشت. کوڕە گەورەکەشی دوورو نێزیك تاقیبی کرد،کابرا هەروەستەیەکی کردو تەماشای ئەولاو ئەولاشی کرد. گوسکەکی لەبن عاردی دەرهێناو بەپاڕانەوە دەیگۆت: مام سەید بەئەوەندە سوێندو قورعانە هەندەك پارە بەقەرد دەبەم و شەرت بێ لۆت دێنمەوە..!! گۆسکەی داپۆشییەوەو بەرەو مارێ گەڕاوە . کوڕەکەش چوە سەر گۆسکەو پارەکەی دەرهێناو گۆسکەشی شکاند.

لەوەختی بەزم و شایی کابرا دڵی ئۆقرەی نەدەگرت و مشەوەش بووبوو وەکی دڵی خەبەری پێدابوو . چوە سۆراخی گۆسکەکەی ودیتی شکایە.. هەندە نەمابوو لەحەژمەتان بەزگ بداو بەگریان و نوزە نوز هاتەوە مارێ و لەسەر چاوان کەوت. کوڕەکەی هاتەلای و پێی گوت: چیە ..دەرێی نەخۆشی؟ گوتی: عەمر کورت.. لەبەر بەزم و رەزمی مل شکای وەکی توو

بوورەنج بەخەســـارو مالّوێران بووم . کوڕەکەش گۆتی: بابە ناحەقت ناگرم دەزانم مام سەید مردیە..!!

کاکە مەلا خۆش کاکە مەلا

لەچلەکانی ســـەتەی بیســـتەم لەگوندی جەلی بناری چیای ئاواگرد پیاوێکی هۆشمەند و لێزان هەبوو ناوی(کاکە مەلا) بوو.

لـــەبـــەر لـــیـــهـــاتـــوویـــی کـــردبـــوویـــانـــە دەمـــڕاســـتـــی گوندی.بەڕووخســـاریش هەتا بڵێی نابووت و ناشـــیرین بوو. قایمقامی کۆیە سەردانی جەلی کرد . لەو عان و ساتەشدا کاکە مـــەلا لـــەدامێنی گونـــدی خـــەریکی زەوی کێڵان بوو . قـــایمقـــام دەیویست قسە لۆ خەرکەکە بکات ئەوانیش دەیانگۆت: قوربان با کاکە مەلا بێتەوە..!! یەك دوو کەس خەبەریان گەیاندە کاکە مەلا ئەویش جۆتی بەرداو هاتەوە لۆ دیداری قایمقام.

کاتێك کاکە مەلا هاتە مەجلیسێ بەو سەرو سیما ناشیرین و نابووتەی قایمقام بە بێزەوە گوتی: ئەوەیە کاکە مەلا.. هەی تف لە کاکە مەلا..!! پاش گفتوگۆو رەفتاری جوانی کاکە مەلا.. قایمقام پەشـــیمان بۆوە. ئەوجا رووی لەخەرکەکە کردو گوتی: ماشاڵا.. کاکە مەلا خۆش کاکە مەلا..!!

دەبێ وەك من دەستت بشۆی..!!

عەباساغای سەرکەپکان لەنیوەی یەکەمی سەتەی بیستەم ژیاوەو لـــەســـالی ١٩٦٦ز کۆچی دوایی کرد. کوردپەروەرو خانەدان و هەژاردۆست بوو. سەرۆك هۆزی ئاکۆ بوو . بەسەرو ماڵ گەورەترین پاڵپشـــتی شـــۆڕش بووتاکو ئێســـتاکەش کردارو گوفتارەکانی وەك نموونە باس دەکرێت. رۆژانەش دەیان کەس

لەدیوەخانەکەی میوان دەبوون. عادەتیش بوو یەکێك بە مەسینەو دەستشۆر دەستی میوانەکانی دەشۆری و یەکەم کەسیش دەبوو کاکەباس دەستی خۆی بشوا.

رۆژیکیان دەستشۆرەکە ئاوێکی زۆر گەرم بەدەستی ئاغادا دەکا.. ئەویش بەسەرخۆی ناهێنێ تاوەکو تەواو دەستی دەشوات ئینجا بە دەستشۆرەکە دەڵێ: منیش ئاو بەدەستی تۆدا دەکەم. کابرا گوتی: ئاخر قوربان شورەییە .. چلۆن دەبێ ئاو بەدەستی منداا بکەیت..!؟ کاکەباس گوتی: وەڵاهی چلۆن دەستم شۆری دەبی ئەتۆش ئاوا دەستت بشۆی..!! کاتێك ئاوی بەدەستیدا کرد کابرا دەستی بەهاوار هاوارو باوکەڕۆ کردو گوتی: ئاغا بەخوای دەستم سووتا..!!

کاکەباس رووی لەمیوانان کردو گوتی: خزمینە لەبۆیە دەستی خۆم لەپێشدا دەشۆم،گ نەبادا دەستی میوانێك بسووتێ..!! خوانەخواستە.. یەکێکی دیکە لەجیاتی من دەستی سوتابایە، دەیانگوت: کاکەباس لەدیوەخانێ خۆی فڵانی ئەتك کرد..!!

کیللی.. بە بیللی دەگیرێ

لەپەنجایەکانی سەتەی بیستەم لەشارۆچکەی هیرانێ کەسێك ناوی عەزیز بوو، پێیان دەگوت عەزۆ شێت . شێت نەبوو بەس تێڕوانینی لۆ ژیان و واقیعی ئەو سەردەمەڕجیاواز بوو لەگەڵ خەرکانی دیکە. قسەخۆش و نیمچە وەلی بوو . یادگاری و پێشبینییەکانی هەرگیز لەبیر ناکرێن. بەداخەوە لەکۆمەڵگەی ئێمە لەجیاتی بەزەیی بە مرۆڤی لەو شێوەیە دەبێتە گاڵتەجاڕ و دەردی گرانتر دەکەن.

هیران بێ گاوان بوو کاکی هیرانێ زاتێکی بەڕێز بوو کەس لەفەرمایشتی دەرنەدەچوو .داوای لەعەزۆ کرد بچێتە بەر گاڕانێ

ئەویش بەقسەی نەکردو کاك دڵگران بوو..!! شێتەکی دیکە هەبوو کە بە مەسەلەکەی زانی و چووە خزمەت کاکی و گوتی: هەر ئێستا لەبەر چاوی تۆ تێر جوونی دەکەم . ئەوجا دەینێرمە بەر گارانێ..!! بەجووندان عەزۆی نارده بەر گارانێ . ئێوارێ کە گارانی هێناوە کاك لێی پرسی: باشە عەزۆ لۆ بەقسەی من نەچووی بەقسەی ئەو شێتە چووی..!!؟ عەزۆ گوتی: کاکە .. کیللی بە بیللی دەگیرێ..!! کاك لەمەبەستی گەیشت و گوتی: راستت گۆت هەر شتەو بەشتی خۆی..!!

* کیللی و بیللی: دوو وەرەقەی قوومارکردنن.

هینەکەی خۆم باشترە

لەسلێمانی جولەکەیەك زیارەتی مەرقەدی کاکەحمەی شێخی دەکردو ناوەناوەش دەچوە خزمەت شێخ مەحمود. کەسێکی باش و ژیربوو بۆیە لەمەجلیسێ رێزی لێ دەگیرا..

رۆژێکیان خەڵکێکی زۆر لە دیوەخانی شێخ دانیشتبوون شێخ قادری برای شێخ مەحمودیش بە جوەکەی گوت: مادامەکێ ئەوەندە باوەرت بە کاکەحمەی شێخەو شێخ مەحموشت ئاوا خۆش دەوێت بۆ بەیەکجاری نابیتە موسڵمان.!؟

جوەکە خۆی ناشڵەژاند و بەشێخ مەحمودی گوت: قوربان .. گەر روخسەتم بدەن جوابی شێخ قادر ئەدەمەوە. مەلیك مەحمودیش روخسەتی پێدا . ئینجا جوەکە گوتی: جەنابی مەلیك گەر خواپەرستی وەك زاتی موبارەکی کاکەحمەی شێخ و جەنابتان بێ ئەوە زۆر گرانەو لەتوانای منداا نیە. خۆ ئەگەر دینداریش وەك هینەکەی شێخ قادرە بێ ئەوا هینەکەی خۆم لە هینەکەی شێخ قادر باشترە..!!

بە خەیار دونیا نابێتە بەهار

لە گوندی (سەید عوبێد)ی دەشتی هەولێری، جۆتیارەك جۆتە هێسترەکی چەموشی هەبوو . لەبەر هەندێ بەترسەوە جۆتی دەکرد. رۆژەك لەجۆتکردنێ بە خەیار چووبوە دنیایەکی دیکە.. بووبوە ئاغا ..ئاغاش بووبوە سەپانی وی و ساعێب دیوەخان و هەیتوهوتەکی زۆر. هێسترەکانیش لەخەتە جۆتی لایاندابوو پەرِیبوونەوە بەیارەکی دیکە.

لاقەکی لەهەوجارِ گیر بووبوو هیسترەکانیش چەموش و لامل بوون و لەدو خۆیان رِادەکێشاو تڕە لوشکەیان دەهاویشت..!! لەهێشی لاقی بەئاگا هاتەوەو زۆر بە زەعمەت خۆی قوتار کرد. ئەوجا شادەکی بە عەقی هیناو لەدرێ خۆیدا گۆتی: هیزە.. هەر چابوو نەش فەوتام و بەخەیار دونیا نابتە بەهار..!!

ئەوەی هەبوو لەئاقاری جێبەجێی کرد

ئاغایەك گەفی لۆ خەرکی گوندەکی خۆی هەنارد چونکە سەرانەیان بەتەواوەتی نەدابوو قاسیدەکەش دە هەندەی دیکە قسەی وەسەر نابوو . گوایە ئاغاش خەرکی گوندی دارکاری دەکا. کەسیش نەدەوێرا بچتە لای ئاغەو شەکوا لۆ خەرك بکا. ئاغا ئۆقرەی لێ بڕابوو.. خزمەتکارەکی بەگەر خۆداو بەرِێکەتن . لە مابەینی هەردوو گوندان ئاغا تەسحێبەکەی لەدەست وەردەداو پرتەو بۆرەی دەکرد وتەسحێبەکەی لەدەست بەربۆوە و خۆی چەماندەوە لۆ تەسحێبەکەی و بایەکی لێ بەربوو..!! زۆر لەخۆی تەریق بۆوەو رجای لەخزمەتکارەکە کرد کە ئەو رازە نەدرکێنێ..

کە گەیشتنە گوندی خەرکەکە بەترسەوە پێشوازیان لێ کردن . سەرو سیمای ئاغاش ئاگری لێ دەباری . خەرك

نەیاندەزانی چ بکەن و چ بڕێن..!! جۆتیارەك بە خزمەتکارەکەی گۆت: ئەرێ ئاغامان لۆ ئەوەندە تۆرە و تونده..!؟ خزمەتکار لەجیاتی ئاغا رووی لە خەرکەکە کردو گۆتی: هیچ لەگۆڕێ نیە.. ئەوەی هەبوو ئاغام لە ئاقاری جێبەجێی کرد..!!

ئێرە جاستانە یان کیستانە..!؟

سارەکی تەڕو تووشی ئەو دەشتە هەموو ببووە شەختە گوندی جاستانیش وەکی گوندەکانی دیکە خانووبەرەی ساده و جزیری بوو. باران و رەهێڵ وەزعەکەی زۆر خراپ کردبوو. کابرایەکی ئەو گوندەش بەخۆی و مارو منداری بێ وەزع بووبوون و ئاو بەناو خانی وەر بوو بوو. لەسەرمان دەلەرزی و نەیدەزانی نە خەمی مارو منداری بی نەخەمی عەیوانەکانی بی . لەبێزارییان رووی لەعاسمانێ کردو گۆتی: هێی خودایە.. چما ئێرە جاستانە یان کیستانە..!!

گاوانی گوندی رازی نیە

بە هیمەتی مەلاو پیاو ماقولان و لۆ سوڵعی عەشایری شەڕو دوژمنایەتی چەندین ساره لەیەك لەو دوو گوندەی کێشەیان هەبوو دانیشتن و مەسەلەکەیان پراندەوە. کە گەڕانەوە لە ئاقاری تووشی گاوانی گوندی بوون . گاوان ئەو حەشامەتەی دیت و لۆ ئەوەی بزانی مەسەلە چیە.. پرسیاری کرد:

چ قەومایە..!؟

گۆتیان: لەسولعێ دێینەوە.

گاوان گۆتی: سولعی چی..!؟

کابرایەکی نەزان.. هیچ عیسابی لۆ گاوان نەکردو گۆتی:
ئەوجا ئەتو چی هەتا بزانی یان نەزانی..!؟
گاوان توڕەبوو و گۆتی: ئەمن بەو سولعە رازی نابم..!!
ئەو جارە کابرا گۆتی: پیسکەی وەکی تو چیە و کێ عیسابت لۆ دەکا.
گاوان کەللەی گەرم بوو بە تفەنگێ داڕساو دوو کەسی کوشت ئەوانیش گاوانیان کوشتەوەو دوژمنایەتی نوێ بۆوە .

گێرەی ئۆمەرە کۆری

مام ئۆمەر کوێخای گوندی قوچی سیانان بوو لەدەشتی کەندێناوە. پیاوەکی چاك و خانەدان و مێوان دۆست بوو. لەبەر ئەوەی چاوی خێل بوو پێیان دەگۆت ئۆمەرە کۆر. کە وەختی سواخکردنی خانی و لەودەو هۆری عەیوانان دادەهات مام ئۆمەر خۆری خڕ دەکردەوەو کای پێدادەکردو بەکەرو تێرکەش ئاوی بەردەداوە سەری . دە دوازدە کەری پێکەوە دادەبەستاو گێرەی پێ دەکردن. قوڕ شێلانەکەشی زۆر بێ سەروبەر بوو . ئەوجا دەبووە هەراو هۆریایەك ئەو ناوەی پڕ دەکرد.
ئەو ئیشەی مام ئۆمەر بووە پەندو هەر ئیشەکی بێ سەروبەر بی پێی دەڕێن: گێرەی ئۆمەرە کۆری..!!

تا سەگی دڕتان هەبێ

ڕێبوارێك لەگوندێکی دەشتی بیتوێنی میوانی مااڵێك بوو. بۆ ئێوارێ مااڵە خانەخوێ نیسکێنەیان لێ نابوو. لەبرسان میوان لەگەنە نیسکێکی خوارد. کە شەو راشکا.. میوان تەنگاو دەبێ و لەترسی سەگی مااڵەکەش جورئەتی نەدەکرد بچێتە سەر

دەســـتاوێ. هەتا دەهات تەنگاوییەکەشـــی زیاتر دەبوو. مالّە خانەخوێش لەشـــیرینی خەودا بوون و میوانیش بەدەم ژان و باوبژ خەوی لێ هەڕمابوو. کە دیقەتی دایێ منداڵێکی ساوا لەناو لانکێ نووســـتبوو. بەهێواشـــی هەرچی لەناو زگیدابوو هەڵی رشتە بن منداڵەکە. منداڵی بەستەزمانیش پیسایی هەتا قۆرنجی هاتبوو بۆن پیســـایش ژووریێ پنگاندبۆوە. منداڵیش زیڕەی لێ هەســـتابوو ژنەکەش دەگەڵ زیڕەو بۆنی پیســـایی وەئاگاهاتەوەو ویســـتی ژێر منداڵەکە پاك کاتەوە ســـەری ســـوڕما و مێردەکەی وەئاگا هێناو گوتی: کورە هەســـتە پیاوەکە.. ئەو هەموو گووە گوی ئەو منداڵە نییە..!! میوانیش ســـەری لەبن لێفێ دەرهێناو گوتی: بەخوای هەتا ســەگی ئاوا دڕتان هەبێ گوی منداڵتان لەوە گچکەتر نابێ..!!

چما ئەنگۆ لێگەڕان وەکی بەشەران دانیشم

لەو دەو زێیەی دەوروبەری ئەسکی کەڵەکشەوێك رێبوارێك بە تەنیشـــت شـــینایەکدا تێپەڕی لۆ تەڕە خواردنێ لایداو هەر ئەوەندەی زانی.. بووە ســەگ وەڕین و ئەها بیگرن ئەها نەڕواو دەست بە تەقەکردن دەکەن. لەترسان خۆی لەپەنای بڕکە تەماتە شاردەوە . بەلایت و شون هەڵگرتنی بۆنی ســەگ دەیدۆزنەوەو قۆڵبەستی دەکەن.

بێســتانەوان پێی دەڵێ: هەی ســەگباب.. ئەوە ئەتوی چەند شـــەوە بەشـــینایی فێربووی و دزیمان لێ دەکەی؟ رێبوار گوتی: وەڵڵاهی لۆ دزی نەچوویمە و لۆ حاجەتی چووم..!!

گۆتیان: ئەگەر راســت دەکەی ..دە وەرە پاشـــەڕۆیەکەتمان نیشـــان بدە. کابرا وەپێشـــە خۆ دەدەن و دەیبەنەوە ناو شـــینایی

نەویش تەپکە ریخەکی دیتەوەو گۆتی: نەهاا .. ئەوە پیسایی منە..

گۆتیان: هەی درۆز ئەوە گوی بەشەرە یان حەیوانە؟

لەترسان گۆتی: چما ئەنگۆ لێگەڕان وەکی بەشەران دانیشم..!!

بە یەك روپیە لەمن دەوڵەمەندتری

لەچلەکانی سەتەی بیستەم دەوڵەمەندێك لەگەڵ دەفتەردارەکەی سەری لەزەوییەکانیدا بەو نیازەی پرۆژەیەکی لەسەر دروست بکات . لەشوێنێك بەگۆچانەکەی نیشانی دەکردو لەبەر خۆیەوە نەخشەی دەکێشا . کە ئاوڕی دایەوە دەفتەردار دیار نەبوو . کە هاتەوە پێی گوت: لەکوێ بوی..؟

گوتی: لەسۆراغی حیسابێك بووم..!!

دەوڵەمەند گوتی: مەگەر لەگەڵ من نەهاتووی..؟؟

گوتی: بەڵێ.. بەڵام بۆ ئەوەی بزانم کامەمان دەوڵەمەندترین..!!

دەوڵەمەند: کە تۆ دەفتەرداری منی چۆن خۆت لەگەڵ من بەراورد دەکەیت!؟ پاشان گوتی: باشە کامەمان دەوڵەمەندترین..؟؟

گوتی: قوربان وەکو یەك واین بەس ئەتو بە یەك روپیە لەمن دەوڵەمەندتری.

دەوڵەمەند: مەبەستت چیە..!؟

گوتی: کفنەکەی تۆ شەهادەیەو کفنەکەی منیش خامە..!!

دەوڵەمەند تەزووی بەلەشی داهات و گوتی: مادام وایە.. ئێرە دەکەمە مزگەوت..!!

تۆڵەی خۆم سەندەوە

لەدەشـــتی کۆیە و لەزەمانی مەلەکی لەئەنجامی دەمەقاڵی کەسێك کوژراو پیاوکوژیش سـەرگەردان بوو . کابرای کوژراو کوڕێکی ســاوای هەبوو کە گەورەبوو لەمەســەلەکە گەیشــت و بەسۆراغکردن باوەکوشتەی دۆزییەوە . رۆژێك میوانی دەبێت و پاش نانخواردن بە باوەکوشــتەی دەڵێ: من کوڕی فڵانم و هاتوم بۆ تۆڵە سەندنەوە..!!

لەو عان و ساتەشدا بکوژەکە توشی وەرەمێك بووبووەەر لەخوای دەویســت لەو وەزعە قوتاربێ و قەتڵەکەشــی لەســـەر نەمێنێ پشـــتی خۆی بۆ دەســـووڕێنێ و کوڕەش گولەیەکی لێ دەداو خەڵتانی خوێنی کرد . تومەز فیشـــەکەکە بە وەرەمەکە کەوتبوو و سـووتاندبووی لەجیاتی مردن نەخۆشییەکەشی چاك بۆوە.

کابرا چاك بۆوەو خۆی دەخالەتی کوڕەکە کرد ئەویش جوامێرانە گوتی: وەڵڵاهی من تۆڵەی باوکم ســـەندەوە بەڵام کە نەمردی و لەگەڵ کاری خودا هیچ ناکرێ . کەوایە ئەوە منیش لێت خۆش بووم..!!

بە زگماك چاوەکی کۆرە بوو

جەرەبچیەکی خەرکی دەشـــتی هەولێرێ لەگەر دوو ســـێ جەرەبچێ دیکە چوونە خۆشـناوەتی . لەو چیاو چۆلەو داروبارە زۆرە چەند جارەك پەلەدار بە چڕوچاوی دەکەت . هەروەستەکی کردو دەســـتی لەســـەر لاچاوەکی داناو گۆتی: کورە بمگەنێ .. وەڵڵا چاوم کۆرەبوو..!! برادەرەکانیشی ســەنگرانەوەو گۆتیان: دە ئەو چاوەت بەردەو ئەوی دیکە بگرە..!! ئەویش بەقســـەی

کردن و هەموو شـــتەکانی دەدیت . ئەوجا گۆتی: عەجایب.. چیە دەڕێی بەس چاوەکم ساغە..؟

برادەرەکانی بەپێکەنینەوە گۆتیان: هەی هووو..!!! کورە نەتو هەر بەزگماك چاوەکت کۆرپە بەس ئەتو نەتدەزانی..!!

تێبینی:-

1- هەروەستە: راوەستانی لەناکاو.
2- سەنگرانەوە: جوولّە نەکردن.

ئەو مێگەلە ئەمانەتە

حەماغای کۆیە لەگەڵ کۆمەڵە خەرکێك بەســـواری وڵاغان ســـەفەری حەجیانکرد . لەدامێنی چیای حەمرین و دەوروبەری سلێمان بەگ مێگەلە مەڕێکی لێ بوو . دوو سێ کەسی راسپارد بۆ کڕینی چەند ســەرە مەڕێك. بەشـوانەکەیان گوت: هاتووین بۆ ئەوەی دوو ســـێ ســـەرمەڕت لێ بکڕین . شـــوانەکە گوتی: مێگەلەکە ئەمانەتەو ناتوانم بیانفرۆشم. گوتیان باشە هی کێیە؟

گوتی: مێگەلی حەماغای کۆیەیە..!!

گەڕانەوە لای حەماغاو مەســـەلەکەیان تێگەیاند ئەویش بەخۆی هاتە لای شوانەو پێی گوت: باشە.. بۆ هی حەماغایە..؟

شـــوان گوتی: بیســـت ســـاڵێك لەمەوبەر لێقەوماوبووم و چوومـە لای حـەمـاغـای کۆیـەو چـەنـد ســـــەر مـەڕێکی دامێ . نـەمزانی ئـەو مـەڕانـە بـەخێر بوو یـان بـەدۆخۆر.. منیش وەك ئەمانەت بەخێویان دەکەم تاوەکو رۆژێك دادێ چاوم بە حەماغا دەکەوێتەوە.

حەماغا شـــوکرانەی خودای کردو گوتی: من حەماغام و مەڕەکانیش حەڵاڵی خۆتە..؟؟

ئحمەکی دەوێ

کابرایەکی ســـاویلکەو تەمبەڵ کاســـبی نەدەکردو هەر دەیگوت خودا رازیقە..!! چەندەی ئامۆژگارییان دەکرد بێ فایدە بوو. خێرەومەندێك پێی گوت: کاســـبی عیبادەتەو دەرۆزەش شـــەرمەزاریيە. راســـتە خودا رازیقە بەس ئحمەکیشـــی دەوێ. کابرا غیرەتی جوڵاو چوە گوندەکی دیکە . وابـاو بوو لـەدوای نوێژی جـەمـاعـەت خـەرك میوانـداری خـەرکی لادێییـان دەکرد. تەمبەڵ لە قوژبنەکی مزگەوتێ دانیشـت و نەهاتە دەرێ و کەس نـەیـدیت و بـە برســـیـەتی مـاوە. لۆ نوێژی مـەغریبێش کـەس فەرمووی لێ نـەکرد. لـەبراســـان قســـەی خێرەرەومەندەکەی وەبیرهاتەوەو هاتەدەرێ و گوتی: ئححم م م م..!! بۆیە کابرایەك میوانداری کرد . کاتێك گەڕاوە گوندەکەیان خەرك لێیان پرســـی: چیت کردو چیت دیت..!؟

گۆتی: راستە خودا رازیقە .. بەس ئحمەکیشی دەوێ..!!

مەلا مانگای کانی محەمەوم

لەسـاڵی هەشـتکان شـەوێك شـەڕێکی گەورە لەگوندی کانی مانگای سـەر بە سـلێمانی لەنێوان پێشـمەرگەو سـوپای عێراقدا رووێدا. مـەلای گوندەکـەش نـاوی(محـەمـەو) بوو بـەســـەردان چووبووە ماڵە ناسیاوێك و لەگەرمەی شـەڕەکە دا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و لەســـوچێك خۆی حەشـــاردا. چەند چەکدارێك مەلایان بەدی کردو چەکدارێك قیژاندی و گوتی: زەلام.. تۆ کێیت..؟

مەلای بەستەزمانیش لەترسانا شڵەژا و گوتی: قوربان.. مەلا مانگای کانی محەمەوم..!!!

جغارەکێشی بێ کەرستە

کاروانچیەك لەکاروانێ دەگەڕاوە لەدامێنی هەورازی کەرتڕێنی کەسێکی دیکەی لێ پەیدابوو و بوونە هاوسەفەر . کە وەسەر هەورازی کەتن بەکاروانچیەکەی گۆت: دەفتەرە جغارەکەم نادەیێ؟ ئەویش گۆتی: فەرموو.. ئەوجا گۆتی: کیسە توتنەکەشم بدێ.. هەر گۆتی: فەرموو.. دیسان گۆتی: چەرخەکەشم بدێ.. گۆتی فەرموو.

چارەم جار، گۆتی: دار جغارەکشم بدێ..!!

کاروانچی توڕە بوو و پڕیدا کیسە توتن و چەرخ و دار جغارەکەی و لولی داو هەتا تاقەتی هەبوو فڕێیدان و بەکابراشی گۆت: ئەتوکە هیچ کەرستەیەکت پێ نیە.. ئەدی بەچ جغارە خۆری.. شەرت بێ لەرقی توو ئەمنیش جغارەی ناکێشم..!!

لەهەورازە نەفتێ گەوارە بارانەکی بەخوڕ باری . کابرا قاپووتەکەی خۆی دایە کاروانچییەکە لۆ ئەوەی تەڕ نەبێ . کە باران کڕی کردەوە کەسەکە نە جارەك و نە دوو و نە سێ .. ئەو چاکەیەی بەچاوی کاروانچیدا دەداوە .هەرکە گەیشتنە رووباری گۆمەسپانێ کاروانچی سێ جار خۆی نقومی بن ئاوی کردو گۆتی: خۆ ئەگەر بارانیش لێی دابام هەر ئەوەندە تەڕ دەبووم.. هەی سەگی سەگباب..دە بڕۆ لێرە رانەوەستی..!!

هاااات گەوادی رووباری

کە بەفر دەباری لەناوچە شاخاوییەکان لۆ پەیداکردنی گۆشت و کات بەسەربردنێ خەڵك دەچوونە راوەکەو و سوسکەو پۆر..هتد. چوست و چالاك و جاحێڵەکان بەقەدپاڵی چیاکان

هەڵدەگەڕان و شـــەکەت و ماندوو دەبوون. لەناو بەفرێ پەلەوەری کێوی برسی دەبوون و توانای فڕینیان کەمتر دەبوو. کە هەڵیاندەفڕاندن ســـەربەرەوژێر دەفڕین. کەســـانی چوختی و بێشـــەرم لەدەم رووباری خۆیان حەشـــار دەداو بێ ماندووبوون هەر یەکەو چەند کەوێکی راودەکرد.

ئەوانەی کە ماندووش دەبوون و لەو باسك لۆ ئەو باسك و لەو تەلان لۆ ئەو تەلان.. بەدەســـتی بەتاڵ دەگەڕانەوەو زۆر جاریش کەســـانێك دەکەوتنە ناو (پزی) و لەبن بەفرێ دەخنکان. راوچییەکان لەکاتی هەڵفڕاندنی کەوەکان هاواریان دەکرد: هاااااات گەوادی رووباری..!!

تێبینی:-

پزی: کەڵەکەبوونی بەفر لەنزمایی بەهۆی زریان دەبوە چاڵەبەفر .

مام باپیر

لەنوێژی هەینی مەلا ناوی خەلیفەکانی ئیســـلام ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، عەلی، حەسەن، حسێن، ..هتد دەهێنا. پاش تەواوبوونی نوێژ مام باپیری کەلە ڕەق بە مەلای گۆت: باشـــە مامۆســـتا لۆ ناوی هەموو خەڵکی گوندی دێنی و بەس ناوی من باس ناکەی؟ مەلاش گۆتی ئەوانە ناوی خەڵکی گوندی نیەو ناوی خەلیفەکانی ئیسلامن..!!

مام باپیر گۆتی: ئەمن ئەو شتانە نازانم و ئەگەر ئەو جارە ناوی منیش نەهێنی وای لەحارت..!! مەلا زانی مام باپیر کەلە ڕەقەو قایل نابێ گۆتی: باشە بەو شەرتەی (٣٠) سەرە بزنم لۆ

بینی. مام باپیریش رازی بوو. لەخوتبەکەی دی و پاش ناوهێنانی یارانی پێغەمبەر (د) رووی لەمام باپیر کردو گۆتی:

یا ایها المام باپیر إنك لدب کبیر

مکـــــانك جهنم و بئس المصیر

واتە: ئەی مام باپیری ورچ جێگات تەپری بنی جەهەندەمە..

مام باپیر زۆر کەیفی بەخۆی دەهات و نەشـــی دەزانی مەلا چی گۆت..!! فەقێیەکان تێگەیشـتن و بووە پستەپست و چبوو چبوو، مەلا زانی ئیشـــەکەی لێ ئاڵۆز دەبێ لۆیە مەســـەلەکەی پەردەپۆش کردو رووی لە فەقێیەکان کردو گۆتی:

یا ایها الفقهاء المعزة ثلاثون

لکم عشـــــرة و لي عشرون

واتە: ئەی فەقێیەکان (٣٠) ســـــەرە بزنە دە لۆ ئێوەو بیستیش بۆ من....!!

ئەز کوشتی

لەزەمانی حوکمی مەلەکی و ســـاڵانی پەنجاکانی ســـەتەی بیستەم مفەوەز عەلی قامچی رەش لەگەڵ چەند پۆلیسێك لەدۆڵی بالیســـــان و ئالانەو خەلیفان بەدوای پیاوکوژێکدا دەگەڕان . تووشی کابرایەك بوون و مفەوەز عەلی پێی گوت: ئەرێ کابرا.. نازانی کێ فلانی کوشت..!؟

کابرا یەکسەر گوتی: ئەز کوشتی..!!

مفـەوەز عـەلی واقی وڕماو گوتی: ئـەمن نـەمگوت ئـەتو قاتیلی.. بەس سۆراغی قاتیلەکەم لێ کردی..

کابرا بە بێ منەتی گوتی: وارێم ئەز کوشتی و تەواو..!؟

مفەوەز عەلی بەتوڕەییەوە گوتی: سەگباب.. وەڵڵاهی کو دەزانم خودا حەقە ئەوهاش دەزانم ئەتو نەتکوشتییە..بەس مادام ئەوەندە گەمژەو فشەکەری .. شەرت بێ دەبی هەتا هەتایە لەسجن بڕزێیەوە.. لەسەر ئەو وەزعەش کابرا تەقەی سەری دەهات..!!

عەباکەت چەورە

کێشە لەنێوان دوو کەسدا هەبوو یەکێکیان گۆسکە رووبەکی بۆ مااڵی قازی برد ئەوی دیکەش ئەسپیکی بۆ برد. لەدادگا جەنابی قازی کێشەکەی لەبەرژەوەندی ساحێب ئەسپەکە یەکلاکردەوە. خاوەن گۆسکە رووبەک گوتی: جەنابی قازی.. عەباکەت چەورە..

قازیش گوتی: نەخێر چەور نییەو بەسمی ئەسپ پیس بووە..!!

حەقی خۆم وەرگرتەوە

لەگوندێک کەسێك لەپیرەبابی توڕە دەبێ و سەرەوڵێژ لەدوخۆی راکێشا. کەلەی سەری و پشتی لەدارو بەرد دەخشاو هاواری لێ هەستابوو . کە گەیشتنە بەرامبەر مزگەفتێ بە کوڕەکەی گوت: کوڕم.. بەسە حەقی خۆم وەرگرتەوەو چیدیکە رام مەکێشە چونکە وەختی خۆی ئەمنیش بابی خۆم هەر هەتا ئێرە راکێشابوو..!!

بشفڕی هەر بزنە

دەمەو عەسر بوو چەند کەسێك لە سێبەری دیواری مزگەفتێ دانیشتبوون . تەیرەك لەسەر کەپکە شاخی پشت گوندی هەڵنیشت. هەر کەس بە هەوەسی خۆی مەزەندەی

دەکرد ئەو دەیگوت ئەوە بازە، ئەوی دیکە دەیگوت سیسارکە کەچەرە یەکێکی دیکە دەیگوت کوندەبەبۆیە. کابرایەکی کەلەرەقیش گوتی ئەوە بزنە..!! بەپێکەنینەوە گوتیان: ئاخر کو بزن دەفڕی و دەگاتە سەر ئەو کەپکە شاخەی..!؟ کەلە رەق نەسەر قسەی خۆی نەهاتە خوارێ و لەو کەین و بەینەدا بوون تەیرەکە لەشەقەی باڵیدا و فڕی. بە پێکەنینەوە پێیان گوت: خۆ بەچاوی خۆت دیتت تەیربوو فڕی. کابرا لەسەر قسەی خۆی نەهاتە خوارێ و گوتی:

کاکە ..ئەگەر بشفڕی هەر بزنە..!!

بەخراپەش باسم بکەن هەر باشە

کابرایەك چەندە چاکەو پیاوەتی دەکرد کەس باسی نەدەکرد. بەیانیەکی زوو کانیاوی گوندی پر لە پیسایی کرد . لەناو گوندی بووە دەنگ و دۆر هەتا دەهات مەسەلەکە گەورەتر دەبوو. کابرایان راپێچی دێوەخانی کوێخا کرد.

ئەویش لێی پرسی: لۆ ئەو کەتنەت کرد.؟

کابرا گوتی: چەندەی چاکەو پیاوەتیم دەکرد نە کەس منەتی پێی بوو نە کەسیش باسی دەکرد. بە مەزەندەی خۆم گوتم مادام بە چاکە باس ناکرێم .. دەبا بەخراپە باس بکرێم..!!

بەفرولّلاهی ناوقەدەتون

لەگوندێکی کوێستانێ بەفرەکی زۆر باریبوو هاتوچۆ وەزەحمەت کەوتبوو حوجرەی مزگەوتیش مەلاو فەقێی لێ بوو . دارو چیلکەش لۆ سووتاندنێ نەمابوو.

مامۆستا بە فەقێیەکانی گوت: بڕۆن دارو چیلکە پەیدا کەن. فەقێیەکانیش چەندەی کردیان نەیانتوانی لەچەند شەقاوێك زیاتر لە مزگەوت وەدوور کەونەوەو بەدەست بەتاڵی گەڕانەوە. مامۆستاش لەسەرمان و لە ڕقان هاواری کردو گوتی: کوڕم دە بڕۆن ئەرضوڵڵاهی واسیعەتون..!! فەقێیەکیش بەشەرمەوە گوتی: مامۆستا راستە ئەرزوڵڵاهی واسیعەتون بەس وەڵاهی بەفروڵڵاهیش ناوقەدەتون..!!

لەترسی کەرەکی وەکی تۆ فانۆسم هەڵگرتیە

کاتی خۆی کارەبا نەبوو خەرک چرا ڕەشکەو فانۆسیان بەکار دەهینا . کابرایەکی کۆرە شەوانە دەچووە مزگەفتێ لۆ نوێژی جەماعەت و فانۆسەکی بەدەستەوە دەگرت .کەسێك ئەو وەزعەی پێ عەنتیکە بوو لەبەرهەندێ بە پیاوە کۆرەکەی گوت: مادام چاوت نابینێ ئەو فانۆسەت لۆ چییە..؟؟ کوێرەکە گوتی: خۆ دەزانم کۆرەم بەڵام بەو تاریکە شەوەو لەترسی کەرەکی وەکی تو فانۆسم بەدەستەوە گرتیە نەبادا پێم لێ بنێی.!!

چەند چەند مردوو لەقەبری دەنێژن

ڕێبوارێك لا دەداتە مااڵێك بۆ نانخواردنێ . کابانی ماڵێ یاپراخ بە پەلکە مێوی لێنابوو. لەبرسان میوان دوو دوو یاپراخی لەناو پاروو لوول دەداو دەیخوارد. خانەخوێش لێی پرسی: باشە لای ئێوە دوو دوو مردوو بەیەکەوە دەنێژن..!؟

میوان لەمەبەستی تێگەیشت و گوتی: ئەگەر گەورەبوو یەك یەك ..خۆ ئەگەر گچکەش بوو دوو دوو ..!!

سم سمی کەرە .. لەپ لەپی مەیاسە

ململانێی بووك و خەسوان هەر هەبووەو هەر دەشمینێ، زۆرجاریش وەك تۆڵەسەندنەوەی خەسوو کە خۆی خەسووی هەبووەو زوڵمی لێکراوە ئەوانیش تۆڵەیان لە بووکەکانیان

دەکەنەوە . پیرەژنێك بووکەکی هەبوو و ناوی مەیاس بوو، دەیچەوساندەوەو رووشکێنی دەکردو نەیدەهێشت بەتێری نان بخوات..

مەیاس مەشکەی دەژاند و خەسووی(کەرە)ی دەشاردەوە نەبادا مەیاس بیخوات. ئەویش بەدزی لەپێکی لێدەداو نەیدەهێشت پیرێژن بزانێت. خەسوو لۆ ئەوەی لێی لەهەڵلا بدا، گۆسکە کەرەی لەناو دەلاقەیەك داناو عاردی ژوورەکەشی بە قۆڕ سواخ دا لۆ ئەوەی شوونی مەیاس دیار بێ.. مەیاسیش بەسواری کەرێ چووە ژۆرێ و لەپەکی لەکەرەداو هاتەوە دەرێ. پیرەژن کە ئەو وەزعەی دیت، شێت و هار بوو..!! دەستی بە بۆڵەبۆڵ کردو لەبەر خۆیەوە دەیگۆت: عەجایب..

سم سمی کەرە لەپ لەپێ مەیاسە

سەرم سوڕماوە نەمزانی چ باسە

ئاخر ناگۆترێ

کاك نوری برای سافی هیرانێ خڕکەلەو بەڕووخسار ناشیرین بەقسەی خۆش و گاڵتەو گەپ هەتا برێی لەمەجریسان شیرین..

پاییزان ئاغاو پیاو ماقوڵانی دەشتی دزەییاتی دەعوەتیان دەکرد. دەیان شەو و رۆژ مێوانیان دەبوو بەقسە خۆشەکانی مەجریسی گەرم دەکرد و بەزۆریش مێوانی کەسایەتی و ئاغای دزەییان خدری پاشا دەبوو بە دوو قۆری مەجریسیان گەرم دەکرد.

لەگوندی سۆربەشی لەدیوەخانی خدراغا دانیشتبوون و دیوەخان جمەی دەهات. کابرایەك وەژۆرێ کەوت و بەگوێی

خدراغای چرپاندو گۆتی: ئاغا.. فلان کەس بارگەی پێچایتەوەو لەگوندی دەڕوا..!!

کاك نوری بەو مەســـەلەی زانی و خەبەری لۆ ناردو پێی گۆت: کاکی هیرانی گوتی بێتە دێوەخانێ . کابراش جورئەتی نەکرد لەفەرمایشتی کاکی دەرچی و هاتە دیوەخانێ و لەسووچێك بەلالموز خواری دانیشت.

شێخ نوری پێی گۆت: کەسی کاکی لۆ باردەکەی ..!؟

کابرا گۆتی: ئاخر یا شێخ ناگۆترێ پێت بڕێم..!!

کاك گۆتی: شەرمێ مەکە، دەبرێ بزانم مەسەلە چییە..!؟

کابرا گۆتی: لەڕووی جەنابت نەبی خدراغا گۆتی گوی مەخۆ..!!

کاك نوریش پێکەنی و گۆتی: هەی کەســـی کاکی.. خدراغا ناماقولی کرد با بەخۆی گوی نەخوا..!! دەبڕۆ ئەتوش تێر گوی بخۆ.. شەرت بی قایل نابم کەس دەستت بگری..!!

فەرموو عەبا خواردنەکەت بخۆ

رێبوارێك جلکەکی شـــڕووڕی لەبەردابوو لۆ نانخواردنێ لادەداتە مالّی گەورەی گوندی . بەســـاردی بەخێرهاتنیان کرد و بەرماوەی مێوانانی دەرخوارد دا ئەویش زۆری پێ ناخۆش بوو. ئەو جارە بە جلکەکی پۆشـــتەو عەبای پیاو ماقوڵان هاتەوە دیوەخانێ و بەگەرمی بەخێرهاتنیان لێکردو لەســـەرینگانی مەجلیســـێ دانیشـــت . خواردنەکێ پوختەیان لەبەردەم دانا . ئەویش لچکی عەبای گرت و گۆتی: فەرموو بخۆ.. !!

پێیان گۆت: جەناب عەبا چۆن خواردن دەخوا..!؟

گۆتی: خواردن لۆ عەبا هاتییە لۆ من نەهاتییە..!!

بابم نیە.. خزمەتکارە

مام فەتاح لۆی گێرامەوەو گوتی:

لەچلەکانی سەتەی بیستەم نایب عەریف ئینزبات بووم لە حەبانیە . لەشکریش عێراقی و ئینگلیزبوون . پیاوێکی بەشان و شەوکەت هاتە پرسگە بەجلی کوردی و سەرو مێزەری مشکی و کورتەك و شەروالّی فەتاح پاشا.. زۆر بەویقار دیاربوو، بەهەستێکی کوردانە پێشوازییەکی گەرمم لێ کردو گوتم: خێرە هاتووی..؟

گوتی: باوکی فلّان زابتم وماوەیەکە نەهاتۆتەوە منیش بۆ سۆراغی هاتووم. بە پەلە چوومە لای ملازمەکەو گوتم: گەورەم باوکت هاتووە و لەبابول نیزامە.. بە فیزێکەوە گوتی: ئەو باوکی من نییە و خزمەتکارمانە..!! مام فەتاح زۆر پەست بوو .. نەیدەزانی چۆن بە باوکی بلّێ کوڕەکەی وای گوتووە. هەر چۆنێك بێت مەسەلەکەی تێگەیاند. کابرا رەنگی سوور هەڵگەڕاو ماوەیەك بێ دەنگ بوو. پاشان گوتی: ئەوەیە پاداشتی بەخێوکردنەکەم!؟ سوێند بێ نەگەڕێمەوە ماڵ تاوەکو چۆنم کردە زابت ئەوهاش فەسڵی دەکەم..

دوای (١٣) رۆژ بروسکەیەك لەدیوانی مەلەکی هات و فەرمانی دەستگیرکردن و راپێچکردنی بۆ دیوانی مەلەکی درابوو. لەگەڵ ئینزباتەکی دیکە بە مەئموری بۆ بەغدامان برد .بە کەلەپچەکراوی و هەتا توانیمان رەزیڵ و ریسوامان کرد.

کە گەیشتینە خزمەت مەلیك باوکی ملازمەکەش لەتەنیشت مەلیك دانیشتبوو. بەتوڕەییەوە مەلیك گوتی: ئەو پیاوە مەزنە چی تۆیە ..؟ گوتی: باوکمە..مەلیک گوتی :باشە کە هاتە حەبانیە بۆچی گوتت باوکم نیەو خزمەتکارە..؟

پاشـــان مەلیك گوتی: ئەرێ خەلکینە .. کەس هەیە بە باوکێکی ئەوها بەویقاری شەرم بێت..!؟

ئینجا بڕیاری فەسڵکردن و (٢٠) ساڵ زیندانی بۆ دەرکرد. باوکەکە بەچاوی پڕ فرمێســـکەوە رجای لە مەلیك کردو گوتی: لەبەر خاتری دایکی تەنها فەســـڵی بکەو لەزیندانیکردن عەفوی بکە..!!

مەلیك داواکەی قبووڵ کرد.

* مام فەتاح: ناوی فەتاح مستەفا بوو خەڵکی هیرانێ بوو. (٢١) ســـاڵ عەســـکەری و (٢٣) ســـاڵ پۆلیســـی و (١٨) ســـاڵ کارمەندی ئیشغاڵ بوو دونیا دیدەو خاوەن ئەزموون بوو.

بەخۆم دەزانم بۆ دەگریم

کەســێکی تەمەن پەنجا ســـاڵی کە هاوســـەری مرد دەســـتی بەگریان و لەخۆدانکردو بەکەس رانەدەوەســـتا. خزم و دراوســـێ دڵنـەواییـان دەکردو دەیـانگوت: ئـەوە کـاری خودایـەو هیمـەتت هەبێ.. هەرچی پێویستییەکیشت هەبووئەوا لەخزمەتداین..!!

لـەپـاش تـازیـە بـەجیرانـەکـانی گوت: کێ بـە خێری خۆی ماڵەکەم بۆ رێك دەخاتەوە..؟! سێ چوار ژن بەدەنگییەوە هاتن.

ڕۆژی دووەم گوتی: بـەخێری خۆی کێ بـەرەنـانێکم بۆ دەکا.. دیسانەوە چەند ژنێك نانیان بۆ کرد..

ئەوجارە گوتی: کێ دێت ئەو شەو لەگەڵم دەخەوێ..؟

کەس بەدەنگییەوە نەهات..!!

کابرا جارێکێ دیکە دەستی بەهاوارو گریان کردەوەو لەبەر خۆی دەیگوت: کاکە ..هەر بەخۆم دەزانم بۆچی دەگریم..!!

بووە گاجۆتیش هەر لەشانی دەکرد

ئەو گوندانەی لەقەدپاڵی چیا هەڵکەوتوون قوونەبانی خانووەکانیان بەزەوییەوە نووساوە. کابرایەك گۆلکەکەیانی هەر نەساواییەوە سبەینان و ئێواران لەسەر شانی دادەناو سەر هەوراز بۆ سەربانی دەبردو دەیهێناوە خوارێ.

وردە وردە گۆلکەکەش گەورە دەبوو کابراش لەگەڵ گەورەبوونی گۆلکەکە بەهێزتر دەبوو هەتا بووە گاجۆتیش هەر بەردەوام بوو. خەڵکی گوندیش دەهاتن و تەماشایان دەکرد و وەك رووداوێك ناوبانگی دەرکرد.

تەبایی دوو براو بەرەکەتی خودا

دووبرا لەگەر یەکدی سەر راست و تەبابوون

کارو کاسبیان پێکەوە دەکرد، برایەك ساعێب ژن و منداربوو ئەوی دیکە رەبەن بوو. وەکی خەرکی گوندی فەلاعەتیان دەکرد، کە دەهاتە عاسڵاتیش زکاتیان لێ دەردەکردو بەتیرو پشك دابەشیان دەکرد.

کە برای گچکە بارە گەنمی دەبردەوە . برای گەورە دوو سێ ربە گەنمی خۆی لەسەر کۆمەرە گەنمی برای رووەکردو دەیگۆت: برام بێ مارو عارە.. با لۆ خۆی عانەکی زیاتری پێ ببرێ و ببیتە ساعێب ماری خۆی.

برا گەورەش کە دەچۆوە مارێ و بارە گەنمی دەبردەوە، برا گچکەش وەکی برا گەورەی دەکردو دەیگۆت: کاکم ساعێب مارو منداڕەو مەسرەفی زیاترە ئەمن هەر کوەکی بی گوزەران دەکەم..!!

خودای گەورەش بەرەکەتی بەسەردا باراندن و گەنم هەر زیادی دەکرد..!!

ساعێب ژنی باش مار ئاوەدانە

لە گوندەکی دووبرا هەبوون زەوی و زاریان بەس بەشی یەکەکیانی دەکرد برای گچکە ماری بارکردو چووە شاری.

پاش عەیامەکی لۆ سەردانێ هاتەوە کە گەیشتەجێ برای لەمارێ نەبوو سەلامی کردو براژنی بەسەری لموزی بەخێرهاتنی لێکرد کە برای هاتەوە دوو بارەداری بەپشتی هێسترێ هێنابووئەویش لەخۆشیان بەبراژنی گۆت: ئەها برام چەند کاسبە..!!

ژنە بە تەوسەوە گۆتی: وەی لەو کاسبەی..!!؟ پاش چاك و چۆنی بەبرا گەورەی گۆت: کاکە، چەندەی نازاو رەشیدیش بی، هەر هیچ بەهیچ ناکەی چونکە بێ کابانی..!! ئەویش لەمەسەلەکە گەیشت و پاش رۆیشتنی برای تەڵاقیداو ژنەکی دیکەی هێنا.

یەك دوو جۆخین تێپەڕی و سەردانی برای کردەوە . ئەو جارە براژنی دووەمی بەگەرمییەوە بەخێرهاتنی لێکرد . کە برای هاتەوە بارە چیلکەکی هینابوو. براژنی گۆتی: ماندی و کاسبە ..! ئەوجارە براگەورە گۆتی: برام..

ساعێب ژنی خراپ دەرکە وێرانە

ساعێب ژنی باش مار ئاوەدانە

لەجیاتی ئیشەك دوو ئیشی پێکردم

ژنێك بەقسەی لووس و فرتوفێڵ ئیشی بەهەموو کەس دەکرد، لەمەجلیسان و لەناو خەڵکی هەر باس لەو مەسەلەیە

بوو. ئاغای گوندی بە خەڵکەکەی گوت: باشە ئیش بە منیش دەکا..؟ گوتیان: دە فەرموو ئەتوش خۆ بجەربینە*..!!

ژنەکە لەبن هەیوانێ هەویری دەشێلا. بە تیلەی چاوی ئاغای دیت و گوتی: بەقوربان ..دە ئەو دەستەنجەڵە ئاوەم بۆ بێنە .

ئاغاش دەستەنجەڵە ئاوەکەی بۆ برد . ئەوجارە ژنە سەری هەڵبڕی و گوتی: وەیش کۆرەبم ئاغا ..بەخوا شەرمەزار بووم. ئاوەکەی لەناو تەشتە هەویر رووکردو گوتی: دەستەنجەڵەکەش لەجێی خۆی دانێوە..!!

ئاغا هاتەوە دیوەخانێ و بەپێکەنینەوە گوتی: وەڵڵا بابە.. لەجیاتی ئیشەکی دوو ئیشی پێکردم..!!

* خۆ بجەربینە: خۆت تاقیکەوە.

خەتای عوسە کەچەرە

لەگوندەکی دەشتی هەولێرێ شوانەکی گێلۆکە هەبوو ناوی(مینە) بوو. سەبەینان زوو عوسە کەچەر مینەی تورە دەکرد. ئەویش لەتۆرەی هەندێ لەئاقاری لەگەر شوانەکی دی بەرانەکی بەکاوڕ دەگۆڕیەوە. وای لێهات بەران لەگوندی خەلاس بوون.

لۆ سۆراغی بەرانەکان، چوونە گوندەکەی دیکەو لەمەسەلەکە گەیشتن.

کەهاتنەوە.. مام رەعمان عوسە کەچەری دابەر گۆپاران..!! گوتیان: لۆ لەعوسەی دەدەی؟

مام رەعمان گوتی: خەتای مینە نیە.. خەتای عوسەیە..!!

ئەمن نەخۆشەکە نیم

بێوەژنێك کوڕێژگەکی پاشبابی هەبوو ژیانی خۆی لۆ بەختەوەری کوڕە تاقانەکەی تەرخان کردبوو. کوڕەکە نەخۆشی گرانەتای گرتبوو. ئەوەندەش بێ تاقەت بوو بوو .ناوە ناوە لەخۆدەچوو. ژنەکەش خۆی بەقوربان دەکردو دەگریاو دوعای لۆ دەکردو لەبەر خۆیەوە دەیگۆت: یا ڕەبی تاقانەکەم نەمرێ و حەزرەتی قابیز لەجیاتی ئەو، وەرە روحی من بکێشە..!!

چێڵەکەی لە حەوشە بەستابۆوەو لەتاو کوڕەکەی لەبیری چووبوو ئاو و ئالیکی بداتێ . سەتڵە ئاوەکیش لەحەوشە داندرابوو، لەبەر تێنوەتی چێڵ پەتکی پساندو سەری خستە ناو سەتڵەکەو چۆڕی لێ بڕی. قوڵپی سەتڵەکەش لەقۆچی گیربوو سەری لەناو ستڵ حاسێ بوو .

یێش چاوی گێراو خۆی بەولاو ئەولادا دەداو پێشەخۆی نەدەدیت .

لەناکاوچێل وەژووڕێ کەوتت . ژنەکەش فکری هەر لەسەر مردن بوو . کە بەو وەزعە چێڵەکەی دیت وای زانی لۆ روح کێشانی هاتیەو پاشەو پاش دەکشاوەو لەترسان بەدەست ئیشارەتی لۆ لای کوڕەکەی دەکردو دەیگۆت: وە ڵڵا ئەمن نەخۆشەکە نیم و ئەوە نەخۆشە ..!!

حەسودی ماڵی کاول کردی

کابرایەك دوو ژنی هەبوو لەبەر شەڕو هەرا حەزی نەدەکرد بێتەوە ماڵێ . سبەینان بەچارەکە ساعاتەکی زووتر لەخەڵکی دەچووە مزگەفتێ کەسێکی دیکە دیقەتی دەدایێ و حەسودی پێ دەبرد بۆیە لێی پرسی: خۆزگەم بەخۆت .. دیارە سەرو دڵت زۆر خۆشە..!!

کابرا بە بزەیەکی بێزارییەوە گوتی: بەڵێ بەڵێ ..زۆر خۆشم..!!

ئەویش وا مەزەندەی کرد ئەگەر ژنەکی دیکە بێنی وەکی ئەو وەزعی باش دەبێ . لۆیە ئەویش هەستا ژنەکی دیکەی هێنا. هەندەی پێ نەچوو لە پێش کابرای دیکەش زووتر دەهاتە مزگەفتێ.

کابرای یەکەم گوتی: چییە .. دەڵێی وەزعت لەمن باشتر بووە..؟

دووەم گوتی: خواگیر.. مادام ئەوهابوو، لۆ ماڵی منیشت کاول کرد..!؟

ئەویش گوتی: ناوە ڵێ حەسادەتی خۆت بوو ماڵی کاول کردی..!!

چارەی دوو ژنی، دوو هەمبانەیە

کابرایەك دوو ژنی هەبوو زۆر (قوڵتەباز)[1] بوو هەر جارەی بە نەوەعەکی خۆی قوتار دەکردو خۆی مشەوەش نەدەکرد . رۆژێك ژنەکان تەگبیریان کرد (تخونی)[2] مێردیان نەکەون . ئێوارێ پیاوەکە لەئیشێ هاتەوە، زەینێ خۆی دایێ ژنەکان لالوت دیاربوون و خواردنیشیان لۆ حازر نەکردبوو. کابرا پاروە نانەکی بە ماستی خواردو لەهەیوانێ بالیفەکی هیناو لەسەر لبادی لێی راکشاو خەوی لێکەت .لۆ نوێژی بەیانی هەستا دەستی بە کۆخە کۆخ و تەقە تەقی مەنجەرو مەسینەکرد. لەناوەندی عەوشەش خۆی بسمیل کردو پاش نوێژکردن لێ نووستەوە.

هەندەی پێ نەچوو لەبەر شەڕە جوون و شەڕە شەقی ژنەکان بەئاگاهاتەوەو هەر یەکەو ئەوی دیکەی سەرکۆنە دەکرد

کابراش کیفەی ســـمێڵی دەهات..!! لەبەر خۆی دەیگوت: پیاوی دوو ژن، دەبی دوو هەمبانە درۆیان لەبن هەنگڵی دابنێ..!؟

تێبینی:-

1- قوڵتەباز: فێڵبازو قسە قەڵەو.

2- تخون نەکەوتن: نزیك نەکەوتن.

لەسەر پیستە شێر، بەزاوا بوو

لەمانگی ١٠ی ١٩٧٩ز، خوالێخۆشـــبوو (حەمەد باوە)* بۆی گێڕامەوە: زســـتانە هەواری خێڵی جافان لەهەردوو دیوی چیای حەمرین بوو بەتایبەتی دەوروبەری سلێمان بەگ و چەم و پاوانی عوزێم، چەمەکەش قامیشـــەڵان و چڕبوو. گەنجێکی پاڵەوان و ســـوارچاك و بەشـــان و شـــەوکەت بەناوی (ئەحمەد بەگ) لەخێڵی جافان بوو سەرکاری مەڕو ماڵات و دەواری خێڵی جافان بوو. هەندێ کۆچەری عارەبیش لەســـایەی جافان مەڕو ماڵاتیان لەبەری رۆژئاوای عوزیم دەلەوەڕاندو دۆســـتایەتی باشیان هەبوو.

خوازبێنی کچێك لەو بنەماڵە عارەبەیان بۆ ئەحمەد بەگ کردو مارەپڕی کرا . پاش ماوەیەك ئەحمەد بەگ سەردانی ماڵە خەزورانی کرد دیاربوو شـــپرزەو بێ ســـەروبەر بوون ئەویش ســـۆراغی وەزعەکەی لێکردن. خەزوڕی گوتی: شـــێرێك لەو چەمە پەیدابووە رۆژانە مەڕو ماڵاتمان لێ دەخوات و لەگیانی خۆشمان دڵنیا نین.

ئەحمەد بەگ بەخەزوری گوت: من شـــێرەکە دەکوژم. شـمشـێرەکەی لەخۆ بەستاو بەسـواری ئەسـپ بەرەو چەمەکە شـــۆڕبۆوە. شـــەو راشـــکاو نەگەڕایەوە . ماڵە خەزور زۆر

تەرمەت بوون و نەشیان دەویرا سۆراغی بکەن بەڵام نەسگیرانەکەی کچێکی بە جەرگ بوو ئەویش شمشێرەکەی نەخۆ بەست و بەدوایدا چوو. بەرە بەری بەیانی بوو دیتی مەحمەد بەگ شێرەکەی کوشتیەو لەسەر کەولەکەی خەوی لێ کەوتوە..!! دڵی نەهات بەئاگای بێنێ و گەڕایەوە ناو رەشماڵان و وەزعەکەی بۆ گێڕانەوە لەپاداشتی ئەو چاکەیە باوکی کچەکە سەرۆك هۆزی عارەبەکان بوو بریاریدا زەماوەندی ئەحمەد بەگ و کچەکەی لەسەر پیستە شێرو لەو شوێنە بکرێت..!!

* ئەحمە باوە: خەڵکی گوندی مەلا قەرەیەو باوکی فارس بلوە بوو کەسێکی دونیا دیدەو قسەخۆش و کورد پەروەر بوو.

کانی فڵان ... تڕکەن

لەکوردەواریدا ناو و ناتۆرە زۆر کەسی شێت و سەرگەردان دەکرد. وەك خولیایەك کەسانی بێویژدان و گاڵتەجاڕی نەزان خەڵك رووشکێن و بێزار دەکەن. لەگوندەکی دەوروبەری (پیرمەم) گەنجێکی شەرمن و بەڕەوشت لەگەڵ چەند کەسێك لەسەر کانیاوێك دانیشتبوون و دامەو نۆریچکانێیان دەکرد. گەنجەکە لەبەدبەختێ بایەکی لێ بەربوو. لەشەرمان ئارەقەی کردو رەش داگەڕا. برادەرەکانیشی کردیانە هەراو گاڵتە پێکردن. پاشان یەکێك گوتی: دەبا ئەو کانیە ناو لێ بنێین کانی فڵان تڕکەن..!!.

کوڕەی بەستەزمان گوندی بەجیەیشت. پاش (25) ساڵان گەڕاوە گوندی و لەدڵی خۆیدا گوتی: ئەگەر ئەو ناوە قۆڕە نەمابێ ئەوا بەیەکجاری دێمەوە. کە گەیشتە بەر ماڵان، چەند هەرزەکارێك گەمەیان دەکردو لێی پرسین: ئەرێ کوڕینە خەڵکی ئاوایی لەکێندەرێ دادەنیشن!؟

گوتیان: لەسەر کانی فلّان تڕکەن دادەنیشن..!!
بەچاوی پڕ لە فرمێسك و حەسرەت لۆ هەتا هەتایێ سەرگەردان بوو .

زگ تێر کەس ناکوژێ

لەشاری کۆیە کەسێك لەبەر هەژاری و نەداری سەری لێ شێوابوو وڕێنەی دەکردو دایم لەشەڕدابوو . ڕۆژێك دەستی دایە خەنجەرێك و دەیگوت: دەچم حەسەناغای برای حەماغا دەکوژم..!!
خەبەر گەیشتە حەماغاو لەمەسەلەکە گەیشت و زانی لەبرسان وادەکات حەماغا فەرمانی کرد بڕێکی زۆر ئەرزاقی بۆ بەرنە مالّەکەی دەرو جیرانیش کابرایان هێور کردەوەو ناردیانەوە مالّێ، کە دیتی ئەرزاقەکی زۆر لەحەوشەیە بە ژنەکەی گوت: کێ ئەو ئەرزاقەی بۆ ناردوین..؟ گوتی: حەماغا. دیسان دەستی دایە خەنجەرێ و گوتی: قەسەم بەخوا، هەر کەسێ بە خراپە ناوی حەماغا بێنێ، بەو خەنجەرە لەت و پەتی دەکەم..!!

کورە جبە لەسەرخۆ

رواندز لەوەتەی هەیە مەڵبەندی کوردایەتی و زانست و ئەدەب و میواندۆستی بووە . حوجرەی مزگەوتەکان هەمیشە فەقێی و سوختەو مەلای لێ بووە. مەجلیسی حوجرەی فەقێیان بەقسەی خۆش و گاڵتەو گەپ بەناوبانگ بوو.
ڕێبوارێك لە یەکێ لەمزگەوتەکان شەو دەمێنێتەوە. درەنگانی شەو فەقێیەکان لە کولانکەی سۆبەدا گوریسێك

شۆڕدەکەنەوەو بەکابرا دەڵێن:ـــ هۆ فلان.. هەستە لەخەوێ. کابراش دەڵێ: ئۆباو بەو نیوەشەوە چوو لەمن دەوێ ؟ فەقێیەك گوتی: ئەمن جوبرائیلم.. هەستە ئەو گوریسەش لەخۆ بەستەو بۆ عاسمانێ هەلتدەکێشین..!!

کابرا گوریســـەکەی لەناو قەدی گرێدا. ئەوانیش بەرزیان کردەوە هەتا گەیشتە کولانکەی سۆبە. تەکانێکی توندیان لێدا. کابرا ئەوەندەی نەمابوو ناوقەدی بپچڕێ و لە عەژمەتان هاواری کردو گوتی: کورە جبە لەســـەر خۆ.. کورە جبە زگم تەقی..!! هەتا بێ هۆش بووهەربەرزو نزمیان دەکردەوە. بەیانی زوو بەپێخواستی دەرپەڕی و لەبەر خۆیدا دەیگوت: جبە.. ئەوە نیش نەبوو دەگەڵە منت کرد..!!

کورم چاوم دەلەوەرێنم

پیرەمێردەکی خەرکی قەراتی هەولێرێ در تەڕو قسەخۆش هەبوو. لەپیریان جولەی نەمابوو . ســـبەینان برادەرو ناســـیاو لەپشتێیان دەکردو لەجێیەکی قەرەبارغ دایان دەنا .زۆر بە دیقەت و تامەزرۆوە تەماشـــای خەرکی دەکرد ناوە ناوەش قســـەکی خۆشی تێ دەوەشاند.

لێیان پرسی: باشە ئەتوو چیشت بەو بەزم و رەزمەیە، لۆ لەمارێ دانانیشی..؟

گوتی: کورم.. ئیشتەم چاوم دەلەوەرێنم..!!

کەوگیر نییە پێچکە گایە

کابرایەکی لای خەلەکانێ، لەگەرمەی ئیشێ ژنەکەی برسی دەبوو. هەر جارەو بەبیانوەك خۆی دەخزاندەوە مالێ و

مژومۆرێکی دەکردو دەهاتەوە ســـەر ئیشـــێ. هەر لەخۆڕاش دەیگوت: هۆ بەڵێ ێ ێ..!!

مێردەکەشـــی دەیگوت: ئەوە دەگەڵ کێ قســـان دەکەی؟ دەیگوت: ئەوە فلانـە ژنـەو بێژنگیان دەوێ.،!! ئینجا دەهاتەوە ماڵێ و قاوڵتیەکی دەکرد. کابرا لەدڵی خۆیدا گوتی: دە شـەرت بێ چیتر ئیزنت نـەدەم . ئـەو جارە چـەندەی بڕووبیانووی دەهێناوە نـەیهێشـــت بچێتەوە ماڵێ. تا نێوەڕۆ لەبرســـان نوســـکەی لێ بڕابوو. کە گەڕانەوە ماڵێ.. ژنـەکە هاکەزایی مـەنجەڵە ئاوێکی خســـتە ســـەر ئاگرو هەندێ ســـاواری تێکردو لەمشـــەوەشـــیان لەجیاتی گەوگیر پێچکە گایەکی دەســـت دایێ و ســـاواری پێ تێك وەردەدا. کابرا بەپێکەنینەوە گوتی: چەتیو خۆ ئەوە کەوگێر نیە.. پێچکە گایە..!!

دکتۆر پشیلە

کابرایەکی دەوروبەری ســـەردەشـــتێ تاڵەموویکی لەناو رێخەڵۆکی ئاڵابوو ئەزیەتی دەداو بێتاقەتی کردبوو. وەك ئێستاش نەشتەرگەری نەبوو. لەحەژمەتان شارو گوند دەگەڕا بۆ ئەوەی خێرخوازێك چارەسـەری بکا. ئەسقەزا دیتە پشدەرێ و لەگوندێك میوانی ماڵێك دەبێ. ماڵـە خـانـەخوێش خـەریکی کاروکاســـبی بوونئەویش لەژێر ساباتێك لێراکشا. پشیلەیەك پەڕۆماستی سەر دەسمەنجەڵی لاداو دەستی بەماست خواردنێ کرد. پاشان هەندێ ماستی لەســەرو لموزی کەرویشکێك هەڵسوی. کابرای نەخۆش لەفێڵی پشێلەکە گەیشت و لەقاقای پێکەنینێکی بەردەوامدا هەستی بەکرتەیەك کرد لەهەناوی و وردە وردە ژانی کەمتر دەبۆوە. جا لەخۆشیان پشیلەی لەئامێز گرت و دەیگوت:

دەك بەخولامت بم.. دکتۆر پشیلە
تاڵەمووت پساند.. بەمەکرو حیلە

بەزمی قونێر

لەچلەکانی ســەتەی بیســتەم لەگوندی جەلی خۆشــناوەتی کەسێکی سوعبەتچی ناوی مامە قالە بوو. لەگەڵ چەند کەسێکی گوندی رووەکەنە چیای ئاواگردی لۆمازی چنینێ. بەرە بەری نێورانێ بوو مامە قالە لەبرســـان زۆری بلاروك خواردبوو. نەســـەر کانی ئاواگردی پشــوياندا. زگی پێچی دەکردو زگ چوی گرتبەمازی چنێك دەڵێ: عەیب نەبێ قونێر لەجێیەکی زۆر خراپم هاتیەو زۆر دێشــێ ئەگەر بەخێری خۆت بەنووکی چیلکەدارەکی نۆم دەربکەی.! مامە قالە لەســەر دوو تاشــە بەرد قاچی ئەولاو ئەولا کرد. کابراش بەشـــەرمەوە تەماشـــای پاشـــەری دەکردو دەیگۆت: کوا قونێر؟ مــامــە قــالــەش دەیگوت: دە ئــەتو جوان دیقەتی بدێ ئەوجا دەبینی..!! لەناکاو مامە قالە ئەوەی لەناو زگیدابوو.. هەڵی ڕشتە ســەرو گوێلاکی کابراو ســواقی دا. کابرا لەحــەژمــەتان بەخڕەبــەردان مــامــە قالــەی راونــا. ئــەویش خۆی لــەپــەنــای جــەمــاعــەت نــابوو دەیگۆت: کورە بیگرن .. ئــەگــەر بمگاتێ دەمکوژێ .. کابراش بەســـــەروگوێلاکی بەگوو ســـــواق دراوی تــاوی دایێ و خــەڵکــەکــەش لــەبــەر پێکــەنێن و بۆن گوو.. رادەپەڕین و خۆیان بەدوور دەگرت..!!

بەخۆم تەلقینی بابم دەدەم

لە قەراج و مەخمور (٧٥) گوندی لێیە. (٧٠) گوند کوردن ئــەوی دیکــەش عــارەب . بــەحوکمی جیرانــەتیش هــاموشـــۆی یــەکتریــان دەکرد. عــارەبــەکــانیش شـــرە کوردییــەکیــان دەزانی.

کوردەك ناسیاوەکی عارەبی هەبوو بەسەردان چوەلای . کە گەیشتە گوندی دیاربوو برادەرەکەی تازە مردبوو. ئەویش لەگەر خەرکی گوندی چووە سەرقەبران. زۆربەی گوندی عارەبانیش مەلایان نیە. لەبەر هەندێ نەیان دەزانی کو تەرقینی بدەن. کوڕە گەورەی کابرای مردی گۆتی : ئەمن بابم تەلقین دەدەم . پاش شاردنەوە .. خەرکەکە تەماشای دەوی کوڕەیان دەکرد. ئەویش لەپشت سەری گۆڕی بابی دانیشت و رووی لەخەرکەکە کردو گۆتی:

بویه.. اذا سویت زینیة بالدنیا اهناك جنة تر
واذا ماسویت زینیة بالدنیا أهناك تاکل خر
واتە: ئەگەر لەدونیا چاکەکار بووی ئێرە بەهەشتە
ئەگەر چاکەشت نەکردبێ لێرە گوت پێ دەخۆن

ئەوەی سمێڵی سوربێ هەمزاغا نییە

لەناوەڕاستی سەدەی هەژدە هەمزاغای مەنگوڕی ژیاوە. دوژمنان هەمیشە لێی دەترسان. عوسمانلیە رەگەزپەرستەکان دەستگیری دەکەن و لەموسڵێ زیندانیان کرد. بەبیانووی زۆرانبازی بەهۆی پاڵەوانێکی قولەڕەش نەیارانیان لەناو دەبرد کەسیش دەرەقەتی نەدەهات.

هەمزاغا جووتە سمێڵێکی گەورەی خورمایی و قەڵافەتێکی گەورەی هەبوو . داوایان لەهەمزاغا کرد زۆرانبازی دەگەڵ قولەڕەش بکا بەو مەرجەی گەر سەرکەوتووبوو ئازادی بکەن والی تورکان تەدارەکی زۆرانبازی ئامادەکردو دڵنیابوو لەسەرکەوتنی قولەڕەشەکە.

لەگۆڕەپانی ناو زیندان و لەبەر چاوی زیندانیان بەرەنگاری یەکتر بوونەوە . قولەڕەش رمێکی بۆ هەمزاغا

هۆیشت ئەویش خۆی خزاندە بن زگی ئەسپەکەی و قورتاربوو . نۆرەی هەمزاغا هات و رمی خۆی هاویشت . قوڵەڕەشیش وەك هەمزاغا خۆی خزاندە بن زکی ئەسپەکە بەڵام هەمزاغا لەو تیژانتر بوو رمەکەی ئاراستەی بن زگی ئەسپی قوڵەڕەش کردو پێکای. قوڵەڕەش دەستبەجێ مرد و هەمزاغاش ئازاد کرا.

پاش عەیامەکی زیندانیەك ویستی لاسایی هەمزاغا بکاتەوەو خۆی گیڤ دەکردەوە بەڵام هەر زوو فەشەلی هێنا. بۆیە والی تورکان پێی گوت: ئۆغڵم .. هەر کیمسە بیغە قرمزە نۆڵسە همزاغا داگە..!! واتە کوڕم ئەوەی سەمێڵی سوور بێ هەمزاغا نیە. هەر لەبەر هەڵوێست و جوامێری هەمزاغا لەساڵی ١٨١٨ی زاینی تێرۆرکرا.

دەی دەی پیاوەکە خێری تێدایە

کابرایەك بەکاروان کوندە دۆشاوەکی لەخۆشناوەتی ڕا بردە دەشتی دزەییاتی . دۆشاوەکەی سەر بەسەر بەگۆسکە روونەکی گۆڕییەوە. پاش چار پێنج رۆژان کە گەڕاوە لەتیشەڵانی پشت ماڵان گۆسکە خزی و کەوتە خواری و هوردو خاش بوو . روونیش بەقڵیشە بەردەکاندا چووە خواری . کابرا زۆر مەراقی لێ خوارد چونکە رەنج بەخەسار بوو . ژنەکەی بەهاواریەوە چوو، کە وەزعەکەی دیت .. زگی پێ سووتا . جا لۆ ئەوەی دڵی بداتەوە گۆتی: دەی دەی پیاوەکە، هەر گێش مەدێ و

خێری تێدایە..!! ئەویش لەمەراقان گۆتی: کچێ خێری چی تێدایە ناوەڵڵا قەبری بابی توی تێدایە..!!

هەر سێکیان وەك یەکن

کەسێك بە ناحەق حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو . چەندەی پاڕاوە نەحاکم نەکەسی دیکە باوەڕیان پێ نەکرد .

ژنەکەشی بۆ دوا سەردان هاتبووە لای و داوای لێکرد کە هاتەوە مـاڵێ کراس و کـەوێی بۆ بینێ..!! بۆ نـەگبـەتیش لـەو وەزعـە ناخۆشەدا زەوقی هەستابوو..!!

کاتی بردیان لەسێدارەی بدەن حاکم پێ گوت:

لەسەرە مەرگ چ داخوازییەکت هەیە..!؟

ئەویش بە پێکەنینـەوە گوتی: جەنابی نا حاکم .. عەقڵی تو عەقڵی ژنم عەقڵی گونم هەرسێکیان وەك یەکن..!!

حاکم بەسەرسوڕمانەوە گوتی: یەعنی چی..!!؟

کابرا گوتی: ئەتو باش دەزانی بێتاوانم و لەقســـەی خۆت نایەیتەخوارێ ..ژنیش دەزانی لۆ مردنێ دەمبەن داوای کراس و کەوێم لێ دەکات ئێ لەو کاتە ناخۆشەش هەوە س یەخەم بەرنادا جا لەوە زیاتر چی بڵێم..!؟

حاکم دڵی نـەرم بوو گوتی : ئەوا من عەفوم کردی بۆ دوو شتەکەی دیکەش بەخۆت حاکم بە..!!

رەشەو شیرنەو براوۆ

لەگوندەکانی دەوروبەری پیرمەمی ترێ بەســـەرچوو بوو. چەند کەســێك دارە مەیتێك تەگاخۆ دەبەن و دەچنە ناو رەزەکانی ئـاژگـەی و دارە مـەیتـەکـەیـان تـەژی ترێ کردو دایـانپۆشـــی. لـەگـەڕانـەوەدا کـابرایـەکی ئـاژگـەیی رووبـەڕوویـان دەهـات یـەك لـەترێ دزەکـان گۆتی: خۆ تـەنگـاو مـەکـەن ئـەمن ئـەزانم کو خۆ قورتارەکەین . کابرا گەیشـــتە لایان و زۆرزانەکە بە لاواندنەوە دەیگۆت :

رەشۆ شیرنۆ برا وۆۆۆ..

ئەگەر هەرت دەگرین پێتوە دەمرین

ئەگەر هەرت ناگرین، لەبۆت دەمرین..

بەو فرت و فێرە خۆ دەربازەکەن . پاشان یەکەکی دیکە لەو جەماعەتە دەڕێ : ئێ باشە .. ئەگەر خزمێ ئازگەی لۆ تازیەی هەتن، چ بڕێین ..؟ زۆرزان دیسان گۆتی: ئەگەر هاتن، پەخۆ ڕێم چارێم . لۆ سبەینێ خەرکی ئازگەی لۆ تازیەی هاتن و نیتیان تازیە لەگۆڕێ نییە . گۆتیان: تازیەو لەکێندەری دانایە..؟

ئەو جارەش زۆرزان گۆتی: خزمینە گەلەکو لێ مەمنونین، جوانە مەرگ بەناحەق کوژرا . هەتا تۆرەی خۆ نەکەینەوە، تازییەی دانانێین.. ئەگۆش هەڕوونەوە، وەکی تازیەن دانا، بەخۆ خەبەروەدەینێ..!!

ناوم سەگبابە

گەنجەکی منجڕو قیسکە تەنگ لەهیچ و خۆڕایی تووڕە دەبوو . لەچ ئیشەکیش هەتا سەر نەبوو . کەسوکاریشی خواخوایان بوو لەکۆریان بیتەوە . کوڕە وەکی تێفکری ئەو وەزعە شێتیشی دەکا . لەبەر هەندێ گوندی بەجێ هێشت و چووە شاری. هیچ ئیشەکیشی نەدەزانی . هەر کوەکی بی لەکن وەستایەك بووە شاگرد. ساعێب ئیش لێی پرسی: ناوت چیە..؟؟ گۆتی: ناوم سەگبابە..!! وە ستا هیکەکی لەخۆ دیت و گۆتی: کورە هەتیم .. هەر سەگباب سەگباب..!؟ گۆتی: بەڕێ . عەیامەکی چاك ئیشی کردو فێرە شت دەبوو هەتا بەتەواوی فێرە ئیشەکەش بوو. ئەوجا قەراری دا واز لەشاگردی بێنێ و ببتە ساعێب ئیشی خۆی.

وەستا گازی کردو گۆتی: سەگباب.. وەرە..

گۆتی : ناوەڵا بەخۆت سەگبابی..!!

وەستا گۆتی: باشە لۆ توپرە دەبی ئەدی ئەتوو نەتگۆت ناوم سەگبابە..؟

گۆتی: هەتا موحتاج بووم سەگباب بووم هەنوکەش دەستی خۆم دیت و شەرتم هەرات..!! چی دیکەش سەگباب نیم..!!

تێبینی:-

1) هیکەکی لەخۆ دیت واقی وڕما
2) شەرتم هەرات: کۆتایی ئیشەکەم هات..

ناونیشان بەو ناونیشانەی

لەگوندەکانی دەوروبەری (دوکان)، کابرایەك ئەرزاق و مەرزاقی لەماڵەوە نامێنێ و پارەشی نەبوو بۆیە دەچێتە لای دراوسێیەکی بۆ ئەوەی رەوانەی لای ناسیاوێکی شاری بکات. دراوسێیەکەش لەخۆی ڕانابینێ و بۆ ئەوەی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە پێی دەڵێ : کە چوویتە شار لەناوەڕاستی شار دوکانێك هەیە کەلوپەلی زۆری تێدایە ئینجا بە خاوەنەکەی بڵێ کە ناسیاوێکت لەفڵان گوندەو منی ناردۆتە لای تۆ بۆ ئەوەی هەندێ کەلوپەلم بە قەرز بدەیتێ ناونیشانەو بەو ناونیشانەی کە دوێنێ لای تۆ بووە بایی (10) روپیەش کەلوپەلت بەقەرز نەداوەتێ..!!

گونیەی سپی.. هی رەش نا

لەزەمانی عەبدولکەریم قاسم گەنم بەسەر جۆتیاراندا دابەش کرا . گەنمەکەش دوو نەوع بوو. باشەکە لەگونیەی سپی و خراپەکەش لەگونیەی مەیلەو رەش دابوو. مەئموری دابەشکردنەکەش بە میزاجی خۆی دابەشی دەکرد.

جۆتیارەکانیش بەریز راوەستابوون و خۆو بەخت گونیەی سپی یێ رەشیان بە بەر دەکەوت.

جۆتیارەك دەیزانی مودیر ناحیە کەناوی (ح.ع) بوو ئەژنەکەی دەترسێ و چووە لای و گۆتی: قوربان، لەترسی ژنەکەم ناوێرم فەردەی رەش وەرگرم ئەگەر عیلاجم نەکەی ناوێرم بچمەوە مارێ. جەنابی مودیر ناحیەش زگی پێ سووتاو ئەپارچە کاغەزەك لۆی نووسی: گونیەی سپی، هی رەش نا..!!

لەبەر خاتری جیرانان دێمەوە

کابرایەك لەگەڵ ژنەکەی ماوەیەك بوو گۆشتیان نەخواردبوو. مالّە جیرانەکەشیان گۆشتیان دەبرژاند و بۆن و بەرامی گۆشتی برژاویش ئەو ناوەی پڕکردبوو . کابرا لەگەڵ ژنەکەی کردیانە شەڕو هەراو ژنەش هانای بۆ جیرانەکەیان برد . پیاوەکە خوترمەدارەکی لەدەست گرتبوو و هەڕەشەی لە ژنەکەی دەکرد. مالّە جیرانیش بەناچاری بوونە ناوبژیکار. ژنەش یاخی بوو بوو چەندەی رجایان لێ دەکرد نەدەچۆوە مالّێ . گۆشتی برژای هات و ئەوانیش لەسەر سفرەی دانیشتن و تێر تێر گۆشتیان خوارد.

پاشان ژنەکە گوتی: پیاوەکە ئەو جارەش لەبەر خاتری جیرانان دەگەڵت دێمەوە..!!

ماران بارەکرد گولەش کەپرەکرد

جاران لەناوچە شاخاوییەکان ئەوانەی رەزو باغیان هەبوو لۆ هاوینێ کەپرو ساباتیان دروست دەکرد و پایزانیش

لەگەر بارانی (کەپرەشینە)[1] دەگەرانەوە گوندی و کەپرو ساباتیشیان تێك دەدا.

کابرایەکی (گولە)[2] و منجرێش بەدرێژایی هاوینێ لەخانووی گەرم و بۆن ریخ و کێچ و ئەسپێ لەگوندی دەیگوزەراند . کە خەرکی گوندی کەپرو ساباتیان تێك دەدا گولەش تازە بە تازە کەپری دروست دەکرد. هەر بۆیە ئەو رەفتارە بووە پەندو گوتیان: ماران بارەکرد.. گولەش کەپرە کرد.

تێبینی:-

1- کەپرشینە: یەکەم بارانی پایز

2- گولە: پوخە: پیسکە پیاو

ئەمنیش وەکی جەماعەت حیسابکە

قەتران خەرکی هەولێری بوو. جەستەیەکی قەبەو باڵا بەرزو بەهێز بوو. کوردپەروەر و سادە بوو هەموو ژیانی خۆی بە شۆفێری بەسەربرد. لەلای خەرکی هەولێر و شارۆچکە و گوندەکانی ناوچە شاخاوییەکان ناسرابوو. لەژیانیدا یەك جار ژنی هێنا ئەویش ماوەی شەو و رۆژەك بوو. لەساڵی 1974 زاینی بەخۆی و لۆرییەکەی هاتە ریزی شۆڕش و لەناوچەی باڵەکایەتی هاتوچۆی نێوان ئێران و گەڵاڵەو چۆمانی دەکرد. لۆ ئیسراحەتیش لەگەر چەند شوفێرەکی برادەری دەهاتەوە گەڵاڵە.

شوفێرەکان پێیان گوت: قەتران.. لۆ ژنەکی ناینی..!؟

گوتی: فکرم لێ نەکردیتەوە.. بەس کێ بەمن رازی دەبێ؟

شۆفێرەك گۆتی: ئەتو حەقت نەبی ـــ ئەمن ژنت لۆ پەیدا دەکەم..!!

پاش چەند رۆژێك ژنیان لێ مارە کرد و لۆیان گواستەوە و نەگەڵاڵەش کونجە خانوەکیان لۆ بەکرێ گرت.

قەتران نەیدەتوانی بێ ئیش دابنێشێ و رۆژی دواتر کروانێکی لۆ حاجی ئۆمەران کردو ئێوارێ هاتەوە مارێ و دیتی شۆفێرەکانی برادەری هەموویان بە شۆڕت و فانیلەی عەلاگە ڕاکشابوون. ئەویش چەندی تێدەفکری وەزعەکەی بەدڵ نەبوو. بەژنەکەی گوت: فلان شوفێر چی تووە؟

گوتی: ئامۆزامە..!

ئەو جارە گوتی: ئەدی فلان..؟

گوتی: کوڕە خاڵمە..

وەلحاسڵ پرسیاری هەموویانی لێکرد.. ئەوانیش هەر بەخزم دەرچوون..!!

قەترانیش بە پێکەنینەوە گوتی: ئێ خۆ ناکرێ دوژمنایەتی هەموو برادەرانم بکەم.. ئەوجا بەدەنگەکی گەورە گوتی: کچێ دەبڕۆ.. ئەوە سێ بە سێ تەراقم دای. لێرەو پاش ئەمنیش هەر وەکی جەماعەت حیساب بکە..!!

چەند زەلامت کوشت

کابرایەك ژنەکی بەحەیاو ئەدەبی هەبوو دڵپیسی لێدەکرد و لێنەدەگەڕا لەمارێ بچێتە دەرێ. لەگوندی باری کردو هاتە شاری. کە دەچووە دەرێ دەرگەی لەسەر گارە دەدا و هاتوچۆی کەسیشی نەدەکرد.

ژنەکە بێزار بوو بووچونکە لەهیچ و خۆڕایی مێردەکەی دڵپیسی لێ دەکرد. بەبیانووی نەخۆشی لەگەڵ مێردەکەی سەردانی دکتۆریان کرد. لە کۆرانێ لەبەردەرگەی مارێك ژنە

خۆی بەرداوە ناو چرکاوێ و عەبایەکەی پیس بوو. ئیزنی لەمێردی وەرگرت و چوە مارێك. درەنگ هاتە دەرێ و بە مێردەکەی گۆت: پیاوەکە چوومە ئەو ماڕە و ئیشی خۆم کرد و ئەتوشم لەپێش دەرگەی کردە حەرەس..!!

کابرا بە مشەوەشی لەمارەکە وەژوور کەوت و بەس ژنەك و دوو منداری دیت.

گوتی: باشە ئەو ژنەی هاتە ئێرە چی دەکرد..؟

گوتی: عەبایەکەی خاوێن کردەوە و رۆیشت.

پاشان کابرا گوتی: ئەدی باشە لەتو زیاتر چ پیاو لەمارێیە..؟

گوتی: نەخێر.

کەچوە دەرێ ژنەکەی گوتی: ها.. چەند زەلامت کوشت..!؟

* گارەدان: داخستن.

چما پەلار ئەوها دەبی

گەنجێك کچەکی خۆش دەویست. هەرچەندی دەکرد نەیدەزانی کو رازی دری خۆی لۆ بدرکێنێ. کچەکەش هەستی بەو وەزعە کردبوو، بەڵام وەکو نەریت دەبوایە کوڕ دەست پێشخەربێ.

کوڕەکە بە شەرمەوە مەسەلەکەی بەدایکی گوت.

دایکیشی گوتی: کوڕم - پەلارەکی لێدە..!!

کوڕە دەست دەداتە خوترمەکی و لەڕێی کانی کاتێك کچەکە بە بەردەمیدا تێپەڕی خوترمەکی پەلار دەکاتێ و لە گوزینگی پێی دەسرەوێنێ و زۆر ئازاری پێدەگەینێ .

کچە لەحەژمەتان دەڵێ: کوڕەتیم.. ئەو پەلارەت بۆ لێدام..؟

کوڕەکەش دەڵێ: ئاخر.. دایکم گوتی پەلارەکی لێدە..!!
کچەکەش بەپێکەنینەوە دەڵێ: هەی گێلە.. چما پەلار هەوها دەبی..!؟

کوڕۆ نەهاقێژە.. بەرد کۆرەیە

لەگوندەکی دەقەرا ئاکرێ زەلامەك خۆی بەئازاو عەگید دەزانی. خەنجەرەکی جەوهەرداری لەبەر پشتینی ڕادەکرد. خەڵکی گوندەکەی خۆی لەبەر خزمایەتی چاوپۆشیان لێدەکرد. ڕۆژێك چووە بازاڕی ئاکرێ و لەگەڵ زەلامێك دەمەقاڵی چێ بوو. هەوی دیکە چاپووکتر بوو چینە لێدانێکی باشێ لێدا. پاش ئەوەی خەڵك لەبن دەستی کابرایان دەرهێنا. دوور بە دووری هەڕوگیفی دەکرد. کابرای بەرامبەری ئەو جارە دەستی دایە خڕە بەردێك هەویش یەکسەر هاواری کرد و گۆتی: کوڕۆ نەهاقێژە.. بەرد کۆرەیە..!! لەترسان قوچاندی و خۆی بزرکرد. پاشان لەبەر خۆیەوە دەیگوت: خودێ ئەقی ل گوندی ژمن قەبیل دکەن.. ژچ عەردا ژمن قەبیل ناکەن..!!

مردوو بەخێرهاتنی لێکردم

لەپەنجاکانی سەتەی رابردوو کرێکارێکی خەڵکی کەرکووك لەنزیك تەق تەق کەوتە ژێر کۆنکریت و مرد. تەرمەکەی بە پیکەبێکی بەچادر داپۆشراو ڕەوانەی کەرکووك کرایەوە. وەرزی زستان بوو، لەگەڕانەوەدا و لەگەڕەکی ڕەحیماوا کەسێك دەست ڕادەگرێت. شوفێرەکەش لەدواوە سواری دەکات. لەسەرمان دەچێتە نێو دارەمەیتەکەو لەنێو نوێنەکە خەوی لێ دەکەوێ. لەنزیك دارەمان کەسێکی دیکەش سوار دەبێ و لەترسان لەڕۆخی دەرگا دانیشت و تیلە چاوێکیشی هەر لەسەر

تەرمەکە بوو. لەلۆفەکانی شیوەسوور لەگەڵ تاسە و هەڵتەك و داتەك کابرای نێو دارەمەیتەکە بەئاگاهاتەوە و یەکسەر بەخێرهاتنی لەوەی تر کرد. ئەویش لەترسان خۆی فڕێداو دەست و قاچی و سەروگوێلاکی خەڵتانێ خوێن بوو.

شوفێرەکە پێکەبی راگرت و بەکابرای گۆت: بۆچی خۆت فڕێدا.؟

ئەویش گوتی: گەر مردوو بەخێرهاتنت بکات مەگەر تۆش بای خۆت فڕێ نەدەدا.!؟

پێشنوێژیم بێ دەست نوێژ لۆ کردن

لەگوندەکی بناری سەفینی مەلایەکیان هینا لۆ پێش نوێژو تەراویحی مانگی رەمەزانێ. چەند رۆژەکیش پاش جێژنەی رەمەزانێ هیچ کەس سەرفترەو زەکاتی نەدایێ . دوو سێ جارانیش پێی دەگوتن.. کەس عانەکیشی نەدایێ..!!

لەنوێژی جومعەی بەخەرکەکەی گۆت: ئەرێ خەرکینە.. ئەدی قەول نەبوو سەرفترە و زەکاتم بدەنێ..؟ کەس نوقەی لێوە نەهات. دیسان وەی گۆتەوە. هەر هیچ نەبوو.. مامۆستا زۆر تووڕە بوو بوو. لەحەژمەتان لەسەر مینبەرێ هاتە خواری و بە خەرکەکەی گۆت: دە ئەنگۆش چاك بزانن .. هەموو پێشنوێژ و زکرەکانم بەبێ دەستنوێژ لۆ کردیینە. عیبادەتی مانگی رەمەزانتان هیچی قبوڵ نەبووە.!؟

بەخۆی خۆی گەورە کردییە

شەش حەفت برا هەبوون ئەوەی لەهەمووان کچکەتر بوو هەر لەخۆڕا خۆی کردبووە برا گەورە و دەوڕاستی هەموویان.

هەر ئیشەکیشی دەکرد دەبووە مایەی سەرئێشەو گرفت لۆ هەمووان هەتا وای لیەات زۆر لێی بێزار بووبوون. ئەوجا لۆ هەوەی تەمبێی بکەن و ئەو خوەی پێ تەرك کەن. دارکارییەکی بەشیان کردو دەیانگۆت: لێی دەن.. بەخۆی خۆی گەورە کردییە..!!

بڕۆ چاوت لەو دنیایە نەبێ

ئاغایەك بەس مەسڵەحەتی خۆی دەوێست.. ناوە ناوەش سەرکاری دەگۆڕی. باج و سەرانەشی ئەوەندە زۆر دەستاند خەرك بەزەحمەت گوزەرانیان دەکرد.

کابرایەکی پووخەو نابووت ناوی(ئەحمەدە پووخ) بوو . ئاغا کردییە سەرکارو هەرچی فەرمانی پێدەکرد بەزیادەوە جێبەجێی دەکرد و بەڕاست و چەپیش خەرکی دەچەوساندەوە.

رۆژێك جەنازەکیان بۆ گۆڕستان دەبرد. ئەحمەدە پووخیش رووبەڕوویان دەهات. کە گەیشتە لایان، داوای لێکردن سەرپۆشی سەر مردووەکە لادەن. پستەپستەکی لەبن گوێی مردوەکە کردو داپۆشیوە. ئەو خەبەرەش بە ئاغا گەیشتەوە یەکسەر بەدوای ئەحمەدە پووخی ناردو پێی گوت: ئەگەر بەڕاستی پێم نەڵێی چیت بەمردوەکە گوتوە: ئەوا بەدەردی مردوەکەت دەبەم..!!

ئەحمەدە پووخیش بەبێ دوودڵی گوتی: ئاغام.. خوانەخواستە هیچ ناماقوڵییەکم نەکردیە .. بەس بە مردوەکەم گوت: بڕۆ.. خوا حافیزت بێ.. چاوت لەو دونیایە پڕوپووچە نەبێ دونیایەك بێ و حمە پووخ سەرکاربێ تەمای چیت بەو ژیانە هەیە.. دەبڕۆ بۆ خۆت قورتار بوویت..!!

کێ کفتەی خواردییە با ئەو بچی

لەگوندەکی دەوبەستۆرەی ژنیان لۆ شوانەك دەگۆازتەوە. کەسیش خۆی نەکردە خەمخۆر لەجیاتی شوانەی بچێتە بەر مەڕی و بەزم و شایی لەکیسە خۆی بدا. زاوا بەناچاری بەخۆی چووە بەر مەڕی. ئێوارێش هەتا مەڕ لەبێردراو لەهۆرێ کرا

درەنگ داهات. لۆ میوانانیش کفتەی بەسلقە سۆرەیان لێنابوو هیچ کفتەش لۆ زاوای نەمابۆوە و لەگەنە سلقاوەك و نوردیە نانەکیان لۆ هینا.

زاوا گۆتی: ئەدی کفتە لۆ من..!؟

گۆتیان: میوان زۆربوون و هەر ئەو سلقاوەش مایە..!! شوانە پاروە نانەکی لوول داو بەهیشکی خواردی هەندەش تۆرەبوو بوو ئاگری لەنێوچەوانی دەباری. شەو راشکاو پێیان گۆت: لۆ ناچیە کن بووکێ ئەدی بووك لۆ تو نەهاتیە..!؟

ئەویش بەتۆرەییەوە گۆتی: کێ کفتەی خواردییە با ئەو بچی..!!

سەت کوڕ بەقوربانی کچەکی بی

خانەوادەیەکی تەمبەل و تەوەزەل روو قایم و قسە قەڵەوکچەکیان هەبوو ناوە ناوە بەمێردیان دەدا هەموو جارەکیش بە کەژاوە و ئاهەنگ مەسرەفەکی چاکیان بەزاوا دەکرد. زاوایەکانیش پیاوی دەوڵەمەند و بێوە مێردەکان بوون . هەر جارەش شیربابیەکی زۆر و خشڵ و زێڕەکی زۆریان بەزاوا دەکرد. لەپاش دوو سێ مانگان بەفرت و فێڵ و بڕو بیانوو کچەکەیان بەتەڵاقدان دەدا..!! هەندەی پێنەدەچوو بەدبەختێکی دیکە بەتەلەی وەدەبوو.. دایکەکەش پێی دا هەر دەگۆت و دەیگوت: سەد کوڕ بەقوربانی کچەکی بی..!!

دەبەرت مرم.. سێو لەباغەر

جاران فەلاعەتی و ئیش و کار بە زبارە رادەپەڕێندرا. هەوانەش کە کوڕیان هەبوو خەرکی ئاوایی زیاتر دەستەوایان دەگەڵ دەکردن. کابرایەك کۆمەرە کیژەکی هەبوو هچ کوڕیشی نەبوو . یەك لە کیژەکان زمان لووس و لێزان بوو. چاك دەیزانی کو جاعێران فریو بدا. بەقسەی لووس و تیلە چاوان جاعێری خڕ دەکردنەوە. لەوەختی ئیشێ بەدزی هەر یەکەو سێوەکی دەدانێ و دەیگۆت: ها.. ئەو سێوەی لە باغەرت بشارەوە و پشانی کەسی نەدەی..!! ناوە ناوەش ئیشەکەشی لێ وەزەق تر دەکردن و دەیگوت: هنەی دەبەرت مرم.. سێو لەباغەر..!! جاعێرەکانیش هەر هەموویان سێو لەباغەر بوون و لەگەر نەعرەتەی کچەکە هەندەی دی رژدتر دەبوون و هەتا ئێوارێ تەقرەکوت ئیشیان دەکرد.

بەفیتی خۆی شك دەهات

بەهاران رەوەندو کۆچەر روویان لەکوێستانی دەکرد. جاری واش هەبوو مانگی رەمەزانێ لەکوێستانێ بوون. کۆلکە مەلایەکیان پەیدادەکرد بۆ پێش نوێژو رێنموونی و بەڕۆژوو بوون. مەلایەك ناوی(فەقێ مەلا) بوو رەمەزانان دەچووە لای دەوارنشینەکان. ئەوانیش سەرفترە و زەکاتیان دەدایێ.

چیشتەنگاوەکی درەنگ مەلا فەقێ زۆری برسی بوو. نوردییە نانەکی لەباخەڵی ناو شۆڕبووە لای کانی بەرماڵان مەنجەڵە ماستەکی هێناو تێر تێر نان و ماستی خوارد. خەرکیش ماست و پێ خوریان لەدەم ئاوەکەدا دادەنا بۆ ئەوەی تێك نەچێ. بەڕێکەوتیش نۆرەی نان خواردنی لەماڵی ساحێب مەنجەڵە

ماستەکە بوو. کابانی ماڵێ گوتی: مامۆستا شەرمەزارم... نازانم چ بڕێم ســـەگ ماســـتەکەی ئاوەگر کردییە و مەنجەلیش بەنیوە بووە..!!

مەلا فەقێ گوتی: ئەتوو بەچاوی خۆت سەگت دیت ماستی بخوا..؟

ژنەکە گۆتی: نەوەڵا نەم دیت.

مەلا فەقێ تومەز بە فێتی خۆی شـــك دەهات بۆیە گوتی: شـەرعەن ئاوەگر نیە... لەو جێیەی ســەگ دەوی لێدایە.. لۆ من بینە..!!

ئەوە عەلەشیشە یان گوجیلە تاژییە

جـاعێرەکی گێلۆکـە چووبووە گـەڕەکی تـەعجیلی. ئـەو وەختـەش عـەفلـەی بووك گواســـتنـەوە و ئـەگلـەنجـە هەبوو. جـاعێرەکە بـەعـەیـاتی خۆی بـەزم و هـەرای ئـەوهـای نـەدیتبوو. بەڕەفتاری چ نەدیتکەیی هەر زوو خۆی ئاشـکرا کرد. دوو ســێ گـەنجی چوختیش بـەرداغـەك عارەقیان لۆ هینـا. ئـەوێش فڕەکی لێداو یەکســـەر تفاندیەوە گۆتی: کوڕە ئەو ماســـتاوە لۆ ئەوها تـارە.. تـار!! گوتیان: کـەنگینێ تـارە ئـەتوش وەکی مـە فڕی کـە. دوو ســێ پەرداخی خواردەوە و فوول ســەرخۆش بوو. لۆ ئەوەی زیاتر بـەزمەکە خۆش بی. گوجیلە تاژییەکیان لـەبن هـەنگری نـاو بـەســـواری تڕومبێل بردیانـەوە گـەڕەکی خۆیـان و گوتیـان: ئـەو عەلەلیشـــەش لـەگـەر خۆت ببـەوە مارێ. نێوەشـــەو ڕاشـــکابوو بـەســـەرخۆشـــی و بـەپێلـەقان لـەدەرکـەی دەدا. بابی بـەئاگا هات و بـەو وەزعـە دیتی و گۆتی: هـەتیم.. ئـەو گوجیلە تاژییە چیە لـەبن هـەنگرت نایە..!!

گۆتێ: بابە.. ئـەوە عەلەشیشە..!!

بابی گۆتی: هەی قورمساغ.. ئەوە عەلەشیشە ی ن گوجیەلە تازییە..!؟

گوجیلە سەگیش دەفڕی

دوو برا پێکەوە چوونە دیوەخانی کوێخای گوندی. دیوەخانیش جمەی دەهات و هەر یەکەو باسی شتەکی دەکرد. یەک لەبرایەکان قافی هات و گۆتی: ئەوێ رۆژێ گوجیلە سەیەکم نیت لەعاسمانی دەفڕی..!! خەرك تێکڕا لەپڕمەی پێکەنینیانداو گۆتیان: ئۆۆۆی لەو درۆیەی..!! برایەکەی دی هەری دایێ و گۆتی: بەرێ راستە.. ئەمنیش دیتم و بازەکی گەورە گوجیلەکەی بەچڕنووکی پێی هەرگرتبوو. گوجیلەی بەستەزمانیش هەر قوڕە قوڕی دەهات وهەر کوەکی بێ قەناعەتی بە خەرکەکە هینا..

بەگورجی پیلی برایەکەی گرت و هینایە دەرێ و پێی گۆت: هەی مار کاول... چیدیکە درۆی ئەوها نەقۆرا مەکە.. خۆ نەمن ناکرێ هەر پینەو پەڕۆی درۆی تو بکەم..!!

خواریێ داپۆشن سندان لەسەرێ دا

حەمەدەمین مەولود هیرانی پێشمەرگە بوو لە لقی مستۆی حاجییەمینی لە هێزی سەفین. لەساڵی ١٩٦٤ی زاینی مستۆ لەگەڵ پۆلێك لە پێشمەرگە دەچوونە بارەگای مەکتەب عەسکەری لەباڵەکایەتی. بەپیادە سێ چار رۆژان دەڕۆیشتن هەتا دەگەیشتنە نەوێندەرێ. بەڕێکەوت گەیشتنە سەر جۆماییەك و دیتیان چەند ژنێك لەسەر جۆگەلەی ئاوەکی لەسەر دەستاو دانیشتبوون کە پێشمەرگەکانیان دیت. لەجێی خۆیان هەر نەستان و چارۆگیان هینا خواریێ و دەموچاوی خۆیان داپۆشی..!!

مام حەمەدەمینیش گۆتی: خوشکم.. دە ئەنگو جارێ خوارێ داپۆشن.. سندان لەسەرێدا.. !!

سالعۆك ئەتوش

کابرایەك ناوی سالع بوو. لەناو خەرکیش بەسالعۆك ناسرابوو لەخراپەکاری و گوفتاری خراپ بێ قسوور بوو. ساران هات و ساران چوو سالعۆك هەر لەسەر بەزمی خۆی بوو. ئەوجا لۆ ئەوەی خەرك بڕوای پێ بکەن هەستا چوە عەجێ..!!

لەکاتی شەیتان روجم کردنێ.. شەیتان لێی وەجواب هات و پێی گۆت: سالعۆك ئەتووش...!!

هەر ئەوەندەم لەبیرە

کوڕیژگەیەك لەناو منداران گەمەیان پێ دەکرد و پێیان دەگۆت: کوڕی داك زۆر مێردکەری..!! ئەویش بەگریان دەهاتەوە مارێ. رۆژێك کوڕیژگە بەگریان هاتەوەو داکی هەوێری دەشێلا. بەداکی گۆت: ئەرێ دایە.. چەند مێردت کردیە..؟

ژنەکەش بەدەم هەوێر شێلانەوە گۆتی:

نۆ لەو هۆزی

نۆش لەو هۆزی

نۆ لەخێڵی برایمە قۆزی

نۆ لەدرووونە خۆم دەم دۆزی

نۆش لە سێبەر کەوتمە حەزی

نۆو نۆو نۆی دیکەش

خدرە جبەو رەحمەتیش..!!
کوڕەی بەستەزمان واقی وڕماو گۆتی:
پەکککووو دایە ..هەر ئەوەندەت لەبیرە..!؟
داکیشی گۆتی: هەتیم چوزانم.. دەستم لەناو هەویرە
بەو دەم و دەستە هەر ئەوەندەم لەبیرە..!!

حاشا وەلیلا.. خەفتا حۆریەکەشم ناوێ

لەسەرەتای شەستەکانی سەتەی بیستەم لەشارۆچکەی هیرانێ پیاوێکی قسەخۆش و نەستەق هەبوو ناوی(حاجیەمین) بوو. لەناو خەرکی ناوچەکە ناسراو بوو. مامۆستا مەلا عەزیزی کوڕی سافی هیرانێ ئیمام و خەتیبی مزگەفتێ بوو. لەوتاری هەینیدا باسی ئیماندارانی دەکردو دەیگۆت: لەبەهەشتێ ئیماندار خێزانی خۆی و حەفتا حۆریشی دەدەنێ..!!
مام حاجییەمین هەستاوەو گۆتی: مامۆستا ئەوە بەڕاستیتە لەبەهەشتی خێزانی خۆمان دەدەنەوە..؟
مامۆستا فەرمووی: بەڵێ.. لەگەڵ حەفتا حۆریش..!!
مام حاجییەمین گۆتی: وەڵڵا مامۆستا.. ئەمن لێرە لێی بێزارم حاشاوەلیلا.. حەفتا حۆرییەکەشم ناوێ..!!

ها حەججی.. تریدە تسەجل موتی مالەك ؟؟

ساڵی ١٩٨٧ی زاینی بارەگای قیادەی جەحفل خەفیفەی فەوجە سوکەکانی جاشان لەدەقەری بادینان بوو. پیرەمێردێك رۆژانە بەکەروتێرکە چەند مەنجەڵە ماستەکی لۆ جەماعەتی بارەگاکە دەبرد. رۆژێك قائیدی فەوجە سووکەکن کە زابتەکی عارەب بوو لەبەر دەرگەی ژوورەکەی دانیشتبوو. بەمەزەندەی

خۆی مام حاجی بەگێل زانی و پرسیاری لێکرد: ها حەججی.. ترید تسەجل موتی مالەك!؟ واتە دەتەوێ کەرەکەت لۆ جاشایەتی قەید کەی..؟؟ . مام حاجیش زۆری پێناخۆش بوو بەڵام هیچ وەڵامی نەدایەوە. لەگەڕانەوەیدا دیسان پرسیاری لێکردەوەو گۆتی: ها حەججی.. سەجەلتە..!؟ ها حاجی تۆمارت کرد..؟

مام حاجیش گۆتی: لا سەیدی..

زابتەکە گۆتی: لێش

مام حاجیش گۆتی: سەیدی .. ئەلموتی: تەڵەع عوربی..!؟ واتە: کەرەکە عارەب دەرچو.. بەپرپاری سەدامیش بەس کورد بەجاش قبووڵ دەکران..

لێگەڕێ باشترە

ڕێبوارێك لادەداتە گوندی و نوێژی نیوەڕۆی لەمزگەوتێ کرد، گوندنشین کەسانی غەریبەو غەوارەیان بۆ نانخواردنێ دەگەل خۆ دەبردەوە مالێ و کابرایەك میوانداری کرد. پێش نانخواردنێ ڕێبوارەکە وەك خۆهەڵکێشانێك گۆتی: لەبەغدایێ پازەکم هەڵدا سەد شاقاو بوو..!!

خانەخوێ بزکەیەکی هاتە سەر لێوان و گۆتی: دەفەرموو با خواردنەکە بخۆین.. لەپاش نان خواردنێ، بەخانەخوێی گوتەوە: ئەگەر مەعیشەتت باش نیە، لەگەڵ من وەرە..!!

خانەخوێش بە پێکەنینەوە گوتی: ناوەڵا کاکە. ئەگەر وەکی بازدانەکەی بەغدایێ بی.. لێ گەڕێ باشترە..!؟

عەجەب.. مەکینەی تو نەسوتایە

کابرایەك نەخۆشی مایەسیری هەبوو بیستبووی گۆژارك دەرمانە. ئەویش یەك دوو کیلۆ گۆژارکی لەمەنجەڵە ئاوێك کوڵاند و دوو پەرداغی لێ خواردەوە . پاش دوو سێ سەعات کەبرا وەزعی تێکچوو بەپەلە بردیانە نەخۆشخانەی فریاگوزاری بەویش هاواری دەکرد و ئارەقەی رەش و شینی دەرکردبوو. دکتۆرەکان لەدەوری خڕبووبوونەوە و نەیاندەزانی مەسەلە چیە. دوو سێ شروقەی هێورکەرەوەشیان لێدا بەڵام بێ فایدە بوو...

لۆ بەیانیەکەی هەندۆکەك هێور بۆوە . دکتۆر لێی پرسی: بەڕاستی پێمان بڵێ لۆ ئەوهات لێهات..؟

گوتی: وەڵڵا دکتۆر.. دوو پەرداغ ئاوی گۆژارکم فڕکردییە..!!

دکتۆر گوتی: باشە چ ئیشەکی دەکەی..؟

گوتی: سایەق لۆریم..

دکتۆر گوتی: مار کاول خۆ ئەگەر دوو پەرداغ گۆژارکاو لەناو مەکینەی لۆری بکەی دەسووتێ.. عەجەب مەکینەی تو نەسووتایە..!!

تێبینی:-

1. گۆژارك وەك شەمامە وایە بەس دەستی لێ بدەی هەتا یەك حەفتە تاراتی نارِوا.
2. وەکو دەرمان: یەك ملاکی چای لەئاوی گۆژارك لەگەڵ یەك کیلۆ هەنگوین تێکەڵ بکرێ هێشتا هەر تارە.

کێ زووتر جۆگەلەکەی تەواوکرد شووی پێ دەکەم

دەگێڕنەوە لەگوندی (ناوەندە)ی بناری هەڵگورد کەسێکی ناودار و خاوەن زەوی وزار هەبوو کچێکی شۆخ و لێزانی هەبوو لەو گوندەش دوو پاڵەوانی لێ بوو هەردووکیان عەشقی کچەکە بووبوون . بابی کچەکەش نەیدەزانی چۆن خۆی لەو کێشەیە دەرباز بکات. راوێژی بەکچەکەی کرد ئەویش گوتی: خەمت نەبێ بە بەردێك دوو کێشکە دەکوژم..!!

کچەکە بەپاڵەوانەکانی گوت: لەمبەرو لەوبەری گوندی هەر یەکەو جۆگەلە ئاوێك لێ بدەن جۆگەیەك بۆ گوندی وەردە ئەوی دیکەش بۆ لای رایەتێ کامە زووتر ئیشەکەی تەواوکرد شووی پێ دەکەم..!! پاڵەوانەکان بەشەو رۆژ ئیشیان دەکرد پاڵەوانی بەری لای رایەتێ دیتی بەرامبەرەکەی هەندەی نەمایە بگاتە ناو گوندی وەردێ بۆیە بیری لەفێڵێك کردەوە ئەویش لەگەڵ گەزەنگی خۆرهەڵاتێ گوریسێکی بریقەداری بەشاخیدا شۆڕ کردەوە بۆ چەواشەی رکابەرەکەی. ئەوەکەی دیکەش وای زانی جۆگەلەی تەواوکردییە و ئاو بەسەرشاخیدا شۆڕ بۆتەوە .. لەخەفەتان کولینگەکی لەخۆی داو خۆی کوشت.

ئێستاشی دەگەڵدابێ جۆگەلەکەی بەری لای رایەتێ بەنیوەچڵی ماوەتەوە و جۆگەلەی بەرێ لای وەردەش تەواو بووە و سەدان ساڵە ئاودێری پی دەکرێ.

تێبینی:-

1. زۆر ریوایەت لەو بارەیەوە هەن گوایە پاڵەوانێك ئیسلام بووە و ئەوەی دیکە کافر بووە لەپێناو خۆشەویستی کچێك کارێکی لەو جۆرەیان ئەمجامداوە بەڵام وادیارە ئەو جۆگەلە ئاوانە زۆر لەمێژووی ئیسلامیش کۆنترن.

2. لەهەموو دەورو زەمانێك ئامانجی ئابووری لەپشت هەموو لەکان بووە.

دزیش بوو نوێژیشی دەکرد

دزێك چوە سەر ماڵێك و کەلوپەلەکانی پێچاوە . مەلای بەیانی بانگی دا و یەکسەر دەستنوێژی هەڵگرت و نوێژی دابەستا. خاوەن ماڵ وەخەبەر هات و دیتی کەلوپەلی ماڵەکەیان نەچەند گونیەیەك ئاخنراوە و کەسیکیش لەتەنیشت شتەکان نوێژی دابەستایە.

پاش تەواوبوونی نوێژ ساحێب ماڵ گوتی: لێرە چ دەکەیت..!؟

گوتی: وەڵڵا دزم.

ساحێب ماڵ: باشە.. دزیت لەچی و نوێژت لەچی..!؟

دز گوتی: لەوەتی لەبیرمە نەدرۆم کردییە نە نوێژم چوە.

ساحێب ماڵ: مادام وایە بۆ دزی دەکەی؟

گوتی: لەبرسان ..!

لەبەر راسگۆیی ساحێب ماڵیش کچی خۆی لێ مارەکرد ئەویش تۆبەی کرد.

قابیلی ئەو تفەشت نیە

لەسەرەتای حەفتاکانی سەتەی بیستەم لەشاری هەولێری مامۆستا غازی ئیسماعیل بەرێوبەری قوتابخانەی ناوەندی رزگاری کوڕان بوو. قوتابیەکی بزێو و منجڕو تەمبەڵی هەبوو، وای لیەاتبوو بەتەوای دەستی لێ شووشتبوو هەر جارەی مامۆستا غازی دەهاتە پۆلێ پێشوەخت رووی لەو کوڕە دەکردو

دەیگوت: کەیفت بەخۆ ننێ تفت لێ ناکەم چونکە قابیلی ئەو تفەش نی..!!

گورگۆ

کەسێك ناوی گورگۆ بوو لەخواترس و رەوشت باش بوو، خەرك عەنتیکەیان پێ دەهات، گورگ لەکێ و ئەو لەکێ..!! کابرایەك پێی گۆت: کەسێکی وەکی تو باش لۆ ناوت گورگۆیە.!؟

گوتی: بەخۆشم لەو ناوە بێزارم بەس لەسەر وەسیەتی داکم ئەو ناوەیان لێ نام چونکە شەش برای دیکەم هەبوو زوو دەمردن.

ناویشیان(محەمەد، عەلی، ئەحمەد، حەسەن، رۆستەم، یوسف) بووە. ئەوجا لۆ ئەوەی بەچاو نەچم ئەو ناویان لەمن نایە..!!

ئەها!!.. بایەکی لێ بەربوو

خدری پاشا لەگەر کۆمەرە خەرکەکی گوندی سۆربەشی لەو دیو گردی دانیشتبوون و خەریکی سوعبەت و قسەی خۆش بوون. کابرایەك لەدووری گوندی بەئاقاریدا دەڕۆیشت. خدراغا تیلە چاوەکی لەسەر کابرا بوو دیقەتی دەدایێ و لەناکاو بەجەماعەتی گۆت: ئەها!!.. ئەویهێ بایەکی لێ بەربوو..!!

خەرکەکەش گۆتیان: ئاخر ئاغا کو باوەڕت پێ بکەین.!؟

گوتی: ئەمن لەسەر زیافەتەکی گرۆتان لەگەر دەکەم، دەبڕۆن گاسی کەن بابێتە ئێرە.

دوو کەس چوون کابرایان گاس کرد . خدراغا گۆتی: کاکە، لەسەر زیافەتەکی گرۆمان کردیە، ئەگەر بەڕاستی جوابم

بدەیەوە ئەتوش لەو زیافەتە دەخۆی. کابرا خدراغای چاك دەناسی و گۆتی: وەڵڵاهی بەڕاستی جوابت دەدەمەوە.

خدراغا گۆتی: پێم بڕێ لێروکانیهێ بایەکت لێ بەرنەبوو..!؟ کابرا هیکەکی لەخۆی دیت و گۆتی: بەڕێوەڵا .. بەس ئەتو کو دەزانی..؟

ئاغا گۆتی: بەهەندێ دەزانم کە ئاوڕت لەپشتە خۆت داوە..!!

فاتێ وا دەزانێ لای عەیشێمە

کابرایەك دوو ژنی هەبوو عەیشێ و فاتێ. مالّیشان جودا بوو . هەر شەڕو هەرایان بوو جاری واش هەبوو شەڕ دەکەوتە کۆرانێ و دەبووە ڕۆژی حەشرێ. پیاوەکەش دەرەقەتیان نەدەهات. جارێکیان کابرا چوە کاروانی و پاش دوو سێ ڕۆژان هاتەوە. لەدامێنی گووندی پێش ئەوەی بگاتەوە گوندی ڕێژنە بارانەك باری و کەرەکەی چارپەلی لەقوڕێدا عاسێ بوو پێی دەرنەدەهات و شەوی بەسەرداهات. دوو سێ کەسی لێ پەیدابوو.. هەرکوەکی بی لەو وەزعەیان قوتارکرد و گۆتیان: گێ مەدێ و شوکری خوا بکە کە قوتاربووی..!!

کابرا بەدەنگەکی گەورە گۆتی: کاکە وەڵڵاهی خەمی ئەو وەزعەم نیە .. بەس خەمی پرتەو بۆرەی ژنەکانمە. عەیشێ وادەزانێ لای فاتێمە فاتێش وا دەزانێ لای عەیشێمە..!!

پێرە باب قوزە لقورتێ بخوا

پیرەمێردێك دەگەڵ چار کوڕان دروونەی گەنمیان دەکرد، چار نانیشیان دەگەڵ خۆ بردبوو. کاتێی نانخواردنێ نەیان دەزانی چۆن چار نان بەسەر پێنج کەس دابەش بکەن. کوڕێك گوتی: واچاکە پیرەباب نانەکان دابەش بکات پیرەبابیش زۆری برسی بوو بۆیە گوتی: لەهەر نانێك کەرتێکێ لێ بدەنە پیرەبابی قیروسیا دەبا پیرەباب قوزەلقورتێ بخوا..!! بەو حسابەش پیرەباب دوو نان و هەر کوڕەو کەرتە نانەکی بە بەر دەکەوت.

کوڕەکانیش بە پێکەنینەوە گوتیان: وای لەو عەدالەتییەی پیرەباب..!!

سەر ڕووت .. ئەتوش

لەچلەکانی سەتەی بیستەم قایمقامی رواندزێ سەردانی گوندەکانی کردو پاشچاوەشی دەگەلە خۆ برد. لەگوندەکی کە گەیشتنەجێ هەر بابا بوو دەست لەسەر سینگ پێشوازیان لەباشچاوەش دەکرد. باشچاوەش هەرچەندەی بەخەرکەکەی دەگوت: کاکە ئەوە جەنابی قایمقامەو تشریفی هێنایە و پێشوازی لەو بکەن و کەس گوێی پێ نەدەدا. کە گەیشتنە مالّێ کوێخای گوندی لە(سەرینگانێ)[1] و(جێ و بالینگانەکێ)[2] بۆشتەیان لۆ باشچاوەش راخست و بەتەنێ بەخێرهینان و فەرموو فەرموو بەس لەو دەرکرا. قایمقام سەری لەو وەزعە سووڕ مابوو لەجیاتی بەخێرهێنان و ڕێزگرتن بەکاوەخۆ کابرایەك سەرزارەکی بەقایمقامی گۆت: سەر ڕووت .. ئەتوش..!!

تێبینی:-

1- سەرینگان: لای ژۆرێ.

2- جێ و بالینگان: فەرش و بالیفی و باش لەشوێنی پیاو ماقوڵان.

ناویشی ڕەمەزانە

زەمانێك باج و سەرانەی عنتیکە بەسەر خەڵکدا سەپێندرا بوو. لەسەر ناوی مرۆڤ فرۆشتنی پەلەوەر و ئاژەڵ سیفاتی مرۆڤ و ڕەنگ و ڕۆخسار...هتد.

کەسێك لەژنەکەی دەترساو دەبوایە بچێتە شار و کەڵەشێرەکەیان بفرۆشێ بەو مەرجەی لەپێنج لیرە کەمتر نەیفرۆشێ. بەیانی زوو گەیشتە مەیدانێ و تاوەکو نیوڕۆ لەبەر هەتاوێ دانیشتبوو تەنها چار لیرەشیان پێدەدا. بەناچاری فرۆشتی، دوو جەندرمە لەوێ بوون و دەمودەست گەیشتنە سەری و گۆتیان: یەك لیرە باجی فرۆشتنی کەڵەشێرە کابرا بەبۆڵە بۆڵ دەیگوت: هەی قوڕ بەسەرم ژنەکەم لەپێنج لیرە کەمتر قایل نابێ. باشە چۆن بەسێ لیرە بگەڕێمەوە ماڵێ!؟

جەندرمەکان گوتیان: ئەوی... ئەوە لەژنیشی دەترسێ..!! یاسایەو دەبێ لیرەیەکی دیکەش باج بدەی.

کابرا دوو چەپەڕۆکی لەسەر و گێلاکی خۆی داو کڵاو جەمەدانی کەوتە سەر زەوی و سەری کەچەڵی بەدیارکەوت.

دیسان گوتی: بەچار لیرە رازی نەبووم چۆن بەدوو لیرە بچمەوە ماڵێ؟

جەندرمەکان گوتیان: کەچەڵیش باجی لەسەرە دەبێ لیرەیەکی دیکەش بدەی.

کابرا تەنها یەك لیرەی پێ مابۆوە نەشدەوێرا لەترسی جەندرمەکان هیچ بڵێ. لەو عان و ساتەدا ناسیاوێکی لێ پەیدابوو کە بەو وەزعە دیتی گوتی: رەمەزان ئەوە چیت بەسەرهاتیە..؟

جەندرمەکان گوتیان: دەبی لیرەیەکی دیکەش بدەی چونکە ناوێشت رەمەزانە..!!

تەقەی خۆشی راگرن

لەگەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆی نەگبەتی لەساڵی ١٩٩٣ی زاینی لەنێوان یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی لەشاری هەولێرێ و لەگەڕەکی سێتاقان چەکدارانی یەکێتی لەبینایەی قوتابخانەی هەژار و بزوتنەوەش لەمزگەوتی حاجی موڕاد سەنگەریان لەیەکتر گرتبوو. لەبن دیواری مزگەوتیش سەکۆییەکی لێ بوو پیرەمێردێکی سەرگەردانی جلو جۆڕ پشتێندەکی گەورەو مێزەرێکی گەورەی لەسەری دەپێچاو لەسەر پارچە حەسیرو ڕایەخێکی شڕۆلەش دەنووست. بەرەبەری نوێژی عیشایێ شەڕ گەرم بوو زۆر بێرەحمانەش تەقەیان لەیەکترو دەوروبەر دەکرد. پیرەمێرد لەمابەینی هەردوولا لەسەر سەکۆیەکە پاڵی دابۆوە ناوە بەدەنگێکی بڵند هاواری دەکرد: کاکە.. تەقەی خۆشی راگرن..!! ئێمەی خەرکی گەڕەکیش لەپەنا دیواران تەمەشامان دەکرد. چەکدارانیش پێدەکەنین و تەقەکردن دەوەستا، دیسان دووبارە و سێ بارە و چەندبارە دەبۆوە پیرەمێردیش هەر دەیگوت: توخوا بەسە.. ئەی هاوار تەقەی خۆشی راگرن..!!

ئەسپەکەت دوو ئالیکە

دێوەرەیەك شەوی بەسەردادێ و

لادەداتە لای دەوارنشینان لەپاش نانخواردنی شێوان، نەتەنیشت چیغی رەشماری لەسەر تێرکەو شمەکی خۆی پاری داوە کە شەو راکشا سوار ئەسپێك لەدووری رەشماران هەسپەکەی راتەوراندو بەپارێزو بێ خشپە خشپ هاتە پێش و بەدەستی خڕە خڕێ لەچیغی رەشماری وەهینا. ژنەك لەبن چیغی نێوەی لەشی خۆی هینا دەرێ و سوارەش ژوانێ خۆی کرد. نێوەرە هەستی لەخۆ بڕی بوو کابرا هەر هەستیشی پێ نەکردو وایزانی جلو جۆرە لەوێندەرێ دانرایە. دێوەرەش وەکی سوار نەسپەکە خڕەخڕی لەچیغی وەهیناو لۆوێش مەیسەر بوو.

کە رۆژداهات دەوارنشینەکان کۆچ و کۆچباریان پێچاوەو لۆ لەوەڕگەیەکی دیکە بەڕێ کەتن. دێوەریش بارگەی پێچاوە و بەگەر کۆچێ کەت. سوار ئەسپی گۆڕین پەیدابوو. ژنەی ژوانی شەوێ گۆتی: سوارە ئەسپەکەت دوو ئالیکە..!!

دێوەرە زووتر بەجواب هات و گۆتی: خاتون .. ئالیکەکەی ئاخیری پیسە کەرەکەی من خواردی..!!

تێبینی:-

دێوەرە: فرۆشیاری گەڕۆك.

وەڵڵا بابە.. هەر شەشەران مابوو

لەگوندەکی ئەو دەشتە کاکی بەکاکیەی هەولێرێ پیرەمێردەکی قسەخۆش و جغارە خۆرەکی نەقۆرا ناوی مام پیرداود بوو. دایم کێسە توتن و دەفتەرە جغارەی لەدەست بوو.

ئۆخەی دری دانەدەکەت و قەلنەشـــی دەکێشـــا. لەبەر پڕوشـــکە ئاگری جغارەش جلکی هەموو کون کون دەبوو. مانگی ڕەمەزانێ وەزعی زۆر شـــڕ دەبوو. پێش بەربانگێ هەندەی نەدەما زیڕەی بکـــا، خـــەرکی ئـــاواییش ئـــەوەنـــدەی دی تـــەنگـــاوییـــان دەکردو دەیانگۆت: وای مام پیرداود چەند خۆشـــــە لەو دەمەدا قەلنەکت لەکن بێ و تێر تێر قومی لێدەی..!!

ئەوێش ئەوەندەی دیکە سـوی دەبۆوەو لەمەراقان شـێت و هار دەبوو. جوونیشی بەهەموان دەدا.

ڕۆژی یـەکـەمی جێژنـە خـەرك مـار بـەمـار دەگـەڕان لۆ جێژنانە پاشـــان چەند کەســـەك تەکبیریان کرد و چوونە کن مام پیرداود گۆتیان: مام پیرداود ئەوە ڕەمەزان خلاس بوو. ئەوجا خۆت حازرکە و نۆرەی شەشەرانە..!!

مـام پیرداودیش گۆتی: وەڵڵا بـابـە .. بـەدەردەکی گـەلـەك خۆش ڕەمەزانم گرت ئەوجا هەر شەشەران مابوو.!!

تەلقینی نادەم

کـابرایـەك بـەحـەق و نـاحـەق خـەڵکێکی زۆری کوشـــتبوو. کـەمرد داوایـان لـەمـەلای گـوندی کرد نوێژی لـەســـــەر بکـات و تـەلقینی بـدات. مـەلا یـاخی بوو گوتی: ئـەو پیـاوکوژو کـافرو زەندیقە، تـەلقین نـادەم. بـەچاوی خۆم دەی بینم لۆ جـەهـەنـدەمێ ڕاپێچی دەکەن..!!

ژنی کابرای مردوو چڕپـەیـەکی لـەبن گوێی مـەلا کرد و پێی گوت: مامۆستا.. پیاوەکەم پێش مردنی وەسیـەتی کرد کەزەوی و زاری خوار مزگەفتێ دەقەبەر مـەلاو فەقێیان بێ. یەکســـــەر مـەلا فرمێســـکی بـەچاواندا هاتـە خوارێ و گوتی: خزمینـە ئـەمن بـە ســـەهو چوو بووم ..!! خۆ ڕەحمەتی نەبوو کەسـێکی دیکە بوو

ۆ جەهەندەمیان دەبرد. رەحمەتیش بەکەیف و ســـەفا لەگەڵ خۆزیاندایە..!!

کەسیك گوتی: مامۆستا پێش وەسیەتەکە گوتت کافرە چ ووە بووە بەهەشتی..؟

مــەلا گوتی: کــاکــە ئــەنگۆ لــەبــازاڕی خودا تێنــاگــەن، بەچاوتروکانێك لەعەبدو بەندەی خۆی خۆش دەبێ..!!

لــەئــاخیرەکــەی بــاغچــەکــە بــەیــەکجــاری بووە ملکی مــەلاو عەبدو خۆی تاپۆی کرد..

تِلکەکی پێوەکە

پیرەژنێك ســـێ کچی هەبوو ئــەو کــاتــەی بــەمێردی دەدان دەیگوت: کچم لەشــەوەی بوکینی تلکەکی بەزاوای وەکەن ئەگەر دێدەنــگ بوو بــەکــەیفی خۆتــان بێرەتێنن. خۆ ئــەگــەر قبوولّشـــی نەکرد نوقەتان لێوە نەیەت.

کچی یەکەم و دووەم ســـەلامەت دەرچوون . کچی ســێیەم کە تلکی بەزاوا وەکرد. یەکســـەر زاوا گوتی: بەکامە ئەنگوســتت تلکت پێوەکردم..؟

بووکەکەش بەترسەوە گوتی: لۆ دەپرسی..؟

زاوا گوتی: هەتا ئەنگوستیلەیەکی زێرت لۆ بکرم..!!

ئەویش گوتی: ئەو پەنجەیە بوو.

زاوا یــەکســـــەر پــەنجــەی بڕێ و لــەپــەرۆکــەکی وەرپێچاو گوتی: دەبڕۆ پەنجەکەت بەدیاری لۆ تەکبیرکەر ببە..!!

نیسکە مڕە

لەرۆژێکی زستانی ساردو باران لەناوچەی پشدەری، رێبوارێك میوانی مانّێك بوو. هێندەی برسی بوو هەتا هەنگڕا لەگەنە نیسکێنەی هەرلووشی.. بەیانیەکەی دەگەل خوداحافیزیکردن گوتی: ئەو چێشتەی دوێنێ ئێوارێ خواردمان چی بوو.؟

خانەخوێ گوتی: نیسکێنە.

میوان گوتی: هێندە بەتام بوو ..زۆری لێ بچێنە.

لەگوندیکێ دیکەش میوان بوو هەر نیسکێن بوو بەڵام ئەو کەڕەتە سکچووی پێ گرت و درەنگانی شەو دەرێ و ژووری دەکرد. بەیانی دەگەل وەئاگاهاتنێ دیار بوو هێشتا مڕەمڕو قوڕە قوڕی هەناوی دانەمرکابۆوە بەخانەخوێی گوت: ئەرێ برالە.. ئەو چێشتەی دوێنێ نێوی چ بوو؟

خانەخوێ گوتی: نیسکە مڕە..!!

میوانیش بەهەراسانیەوە گوتی: چیتر مەیچێنەو تۆوی ببڕە..!!

خۆت شێت مەکە لۆت دەرناینی

لەهیرانی عەزۆ شێت بەکۆتەی دەگۆت: خۆشێت مەکە.. وەکی لۆ من دەردێنی. لۆ تو دەرناینی..!! ئەگەر بەقسەشم نەکەی دەمری و لەتڕێ سەی دەچی. کۆتەش شێتەکی دیکە بوو.

قسەی خارە عەزۆ بەڕاست دەرچوو کۆتەی بەستەزمان بەرگەی ئەو وەزعەی نەگرت و مرد. لەسەر قەبران عەزۆ لۆێ دەگریا و دەیگۆت: مارکاول، ئەدی نەم دەگۆت خۆشێت مەکە، وەکی لۆمن دەردینی لۆ تو دەرناینی..!!

هەی کەر هەی کەر.. لەپیاوی کەر

سەردەمانێك جاعێری گوندی نەوعە گەمەکیان دەکرد لۆ تەفرەدانی کەسانی گێلۆکەو بەستەزمان . پارچە دەسرۆکەکی پەڕۆیان لەچاوی خۆیان دەبەستاوە بێجگە لەکەسە گێلەکە نەوانی دیکە پەڕۆیان لەچاوی خۆیان دەکردەوەو لەدەوری گێلەکە خڕ دەبوونەوە و بەپێکەنین و چەپڵە ڕێزان دەیانگوت: هەی کەر هەی کەر لەپیاوی کەر..!! گێلەکەش بە نەزمی ئەوانی دیکە دەیگوتەوە..!!

هەتا عەریف عۆدە مابی چش

لە ١٩٥٨/٧/١٤ی زاینی حوکمی مەلەکی بەکۆتاهات. لەهەموو شوێنێك بەزم و هەرا بوو. لە مەعەسکەر تاجی بەغدایێ عەسکەرەك لەسەر قەروێڵەکەی پاڵیدابۆوە و تەقەی سەری دەهات ئەوانەی دەوروبەریشی شایی و سەمایان دەکرد.

یەکێك پێی گوت: دەرێی ئاگات لێ نیە ..مەلیك نەما.. حوکمەت گۆڕا.. دونیا بوویتە شامی شەریف..!!

عەسکەرەکەش گۆتی: باشە.. عەریف عۆدە مایە..؟

گۆتیان: بەرێ ...عەریف عۆدە هەر مایە.

هەر لەجێوە گۆتی: مادام عەریف عۆدە مابی ..چش..!!

واکەك لەسەر واکەکێ بوو

زۆر جار لەجیاتی شتێك بۆ ئاسانکاری وشەی دیکە بەکار دەهات، یان ئاماژە بۆ شتێك کەڕاستەوخۆ ناوی نەهێنرێ. هەندێ جاریش لەکاتی لەبیرکردنی ناوی شتەکە بەکاردەهێنرا

وەك(هین، هەرامە، وانەك، واك، وانێك،..هتد) دەبا پێکەوە زەینی خۆ بدەینە ئەو بالۆرە:

کابرایەك لۆ کەسێکی دیکە دەیگۆت: واکەك لەسەر واکەکێ بوو، هەر واکە واکی بوو.. واکەکم لێداو واکم وێ نەبوو واکی کەم واك بوو..!

یەعنی تەیرەك لەســـەر دارەکی بوو هەر جریوە جریوی بوو. پەلارەکم لێداو کەوتە خوارێ و چەقووم پێ نەبوو ســـەری بڕم مردار بوو..!!

ماندی نەبی .. تەنگاویت لێ نەبی

ئاغایەك لۆ راوشـــکارێ دەچوو حەشـــاماتەکی زۆریشـــی لەگەر خۆی بردبوو. بەتەنیشـــت جۆتیارەکیدا رەت بوون و ئاغا گۆتی: ماندی نەبی.. جۆتیاریش گۆتی: تەنگاویت لێ نەبی..!!

ئاغا لەمەبەستی نەگەیشت و جۆتیاریان دارکاری کرد.

عەیامێك تێپەڕی و ئاغا لەزیافەتی کابرایەکی ناودار بوو. زۆر تەنگاو بوو بوو شەرمیشی دەکرد باسی وەزعی خۆی بکات. ئاغا قسەی جۆتیاری وەبیرهاتەوە و پەشیمان بۆوە.

ئەو جارە بەخۆی چوە لای جۆتیارەکەو پێی گۆت: تەنگاویت لێ نەبی..!!

پاشای کۆرە کێیە

لـەســـــەردەمی حوکمڕانی پـاشـــــای کۆرە بڕیـار درا کە بەفەرمانی پاشـــای کۆرە ســـزای زینا کردن ئیعدامە. پاش چەند رۆژێك کەسێك بەتۆمەتی(زینا) کردن دەستگیرکرا. رێوڕەسمی دادگـاییکردن ســـــازکراو پـاشـــــای کۆرەش ئـامـادە بوو. قـازی

بەتوڕەییەوە بەتاوانباری گۆت: کوڕە هەی کافر.. ماتو نزانی حوکم حوکمی پاشای کۆرەیە و کو زینایەکەی!؟

تاوانبارەکەش بەبێ منەتی گۆتی: ئۆ باو.. چما توش نزانی.. وەکی پاشای سۆرە حوکمی کرد .. پاشای کۆرە کێیە..!!

فەقێ دەستان وەکە

سەردەمانەکی کۆن گەلەکج لەدەشت و دەرو قەدپاڵی چیاکان لەدروونە و جەفت و مازی چینێ دەیانکردە هەراو بەزم. جا ئەگەر کەسێکی غەوارە بەوێندەرێدا تێپەڕیبایە تەشقەرەیان پێ دەکردو بەفرت و فێڵ دەسخەرۆیان دەکرد و دەیانگۆت: کابرا دەستان وەکە .. ئەوەی بەو بەزمەی بزانیبایە تێی دەچوقاند و تەسلیم نەدەبوو. ئەگەر شارەزاش نەبوایە فریو دەدراو دەست وپێی شەتەك دەدراو بەدڕکە شەکرۆکە جەستەیان خەڵتانی خوێن دەکرد.

فەقێیەکی چارشانەی چوست و لێزان بەلای گەلە کیژێکدا تێپەڕی و پێیانگۆت: فەقێ دەستان وەکە.

گوتی: بەشەرتی گرۆکردن. کچەکان گۆتیان ئەگەر گرەوت بردەوە ئەوا کامەمان هەڵدەبژێری حەڵالی خۆتە.

فەقێ نەیکردە نامەردی و وەك باشوکە لەکچەکی رووهات و بەعاردیدادا پاشان تێڕوهات و لەسەرشانی دانا و هەر بەغار هەندی دەمێ لەبەر چاوان بزربوو..!!

چما هەر ئەتو چاو پیسی

چاو پیســـەك لەعەوای کێشـــکەی قورتار نەدەکرد. خەرك لێی دەترســـــان و خۆیـان لێی بـەدوور دەگرت. رۆژەك لـەبن سێبەری دیواری مزگەفتێ لەگەر کۆمەرە زەلامەکی دانیشتبوون. ســـوار ئەســـپەك بەئاقاریدا تێپەڕی. زەینی خۆی دایێ و گۆتی: ئۆۆۆی، لەو ئەســپە غوردەی..!!! ســـوارە بەئەســپەوە بەبەر تەقران کەت و ئەسپەکەش سەقەت بوو.

ســوار ئەســپ هاتە کن جەماعەت و گۆتی: زەعمەت نەبی کێ بوو شەکرەکی شکاند ؟ خەرکەکەش بەتیلەی چاو ئیشارەتیان لۆ کابرای چاوپیس کرد. لەچاوپیس نێزیك بۆوە و گۆتی: ئۆۆۆی کـابرا .. دەرێی چـاوت دوو تـەرعـە..!؟ چـاوپیس چـاوی زەق کردەوەو گۆتی: وەی لـەو درۆیـەی..!! ســـوارە چـاوی بڕییـە دوڕچاوی و گۆتی: ئۆۆی لەو دوو چاوە جوانەی..!!

چاوپیس هەردوو چاوی کۆرە بوو.

ئەوجا ســـوارئەســـپ گۆتی: هەی نەفام .. چما هەر ئەتو چاوپسی..!!

بەتەراقم ئەو تڕە کەرەکە قەت سەرناگری

لەگوندەکی مەلا مەولودی دەخوێندەوە. خەرکەکەش وەك شـرغەی مێش هەنگوین گەرم داهاتبوون . بەسـراوات لێدان و نزاو پاڕانەوە چووبوونە دونیایەکی دیکە . مامۆســـتا فەرمووی: حەل لەلا.. بزانن چ باسە.. دونیا لەسەر پشتی گایە .. گا لەسەر پشـتی ماســییە .. ماســی لەناو ئاوە ئاو لەســـەر هەوایە کەس نازانێ چ باس و چ هەرایە..!!

کابرایەك لەمەجریسێ وەجواب هات و گۆتی: مامۆستا بەتەراقم ئەو تڕە کەرەکە قەت سەرناگرێ..!!

خەرکەکە گۆتیان: ئەهاااا .. کابرا تەراقی کەت.

مەلا گۆتی: وانیە برام تەراقی نەکەتیە..

گۆتیان باشە ئەدی سوندی بەتەراقی نەخوارد..!؟

مامۆستا گۆتی: کابرا لەسەر حەقە چونکە دونیا هەر تێك دەچی..!!

تێبینی:-

تڕەکەرەك: هیشکە دیوار، چیلە بەرد.

پراوی دەخۆی یان پەلەپفە

کەسێك مێوانی مالێك بوو . لەپاش بەخێرهێنان خانەخوێ بەمێوانی گۆت: پراوی دەخۆی یان پەلەپفە.؟

مێوان لەمەبەستی تێنەگەیشت و گۆتی: پەلەپفە.

کابان بەگورجی سەرتریانە نانەکی رەقی لۆ هینان، خانەخوێ هێدی هێدی پەلکە نانی بەسۆبەی گەرم دەکرد و فوەکی لێدەکرد و دەیخوارد. مێوانیش هەر تەماشای دەکرد و چاوەڕوانی سفرەی خواردنی دەکرد.

خانەخوێ گوتی: دەفەرموو..نانەکەت بخۆ.

مێوان گۆتی: چ خواردن هاتیە هەتا بیخۆم..؟

خانەخوێ گۆتی: خەتای من نیە.. ئەتو بەخۆت پەلەپفەت هەڵبژارد.

مێوانیش گۆتی: ئەوجا ئەمن چوزانم ئەو نەگبەتیە پەلەپفەیە..!!

بنیادەم تەیری بێ بارە

کەسێکی زۆر تەمبەر و تەوەزەل لەجێی خۆی شاقاوەکیش نەدەجولا. کەسوکارو خەرکی گوندیش لێی بێزار بووبوون. لەسەر ئەو تەژگە بەڕەی لەسەری ڕاکشابوو هەر نەدەستاوەو بۆگەنی بوو بوو.

هەر کوەکی بی قەناعەتیان پێ هینا بڕۆکەك جولەیەك بکا و رایەخەکەی لۆ خاوێن بکەنەوە. ئەویش تۆبزی لەخۆی کردو بەنقەنق هەستاوە و لەوبەری ئاگردانی پازەکی هەردا ئەوبەری و دەستی بەپێکەنینەکی عەنتیکە کرد. وادیاربوو خۆی بە پارەوان دەزانی. ئەوجا رووی لەخەرکەکە کردو گۆتی: ماشەڵڵا .. بنیادەم تەیری بێبارە..!!

هایو لەخۆبی.. تفە دەستەکیەکەم

لەگوندەکی کوێستانی لەبناری شاخەکی هەردێرو رەوەز بازەك لەو هەردێرە هێلانەی کردبوو. بەمریشك و عەلەشیشی گوندی فێربووبوو. لەناکاو خۆی تێ ڕوو دەکرد و قلەکی دەڕفاند. لەگوندیش باس و خواس هەر لەسەر ئەو بازە بوو.

لەسەر بانیژەی مزگەفتێ راوتەگبیریان کرد لۆ ئەوەی خۆیان لەو بازە قوتارکەن. کەسێك خۆی بەلێزان و فریادڕەس دەزانی و گۆتی: خەموو نەبی ئەمن لەلای سەرەوەی شاخی خۆ بە گوریسی شۆڕەکەمەوە ئەنگۆش یەك یەک لەدوو من لاقی من بگرن و خۆ شۆڕکەنەوە هەتا دەگەینە هێلانەکە. وای لێهات دە دوازدە کەس خۆیان بەلاقی یەکدیدا شۆڕکردبۆوە خەریك بوو

هەردوو قۆرو پیلی دەپچڕا.. لەتاو هێشی قۆرو باسکی گۆتی: کوڕە هایو لەخۆبی.. تفە دەستەکیەکەم..!! هەر دەستی بەردا و لەتەپری بنی شاخی خۆیان دیتەوە و بەتفە دەستیش رانەگەیشتن.

تێبینی:-

هایو لەخۆبی.. ئاگەداری خۆتان بن.

سۆراخی مریشکێ بکەن..

خانەوادەیەك بێ کێشەو گرفت بوون . پیرەبابەکی مەندو دونیا دیدەیان هەبوو. بەمندارەکانی دەگۆت: بێباك و خەم سارد مەبن . شەوێك مریشکیان لێ دزرا. پیرەباب گۆتی: بڕۆن سۆراغی مریشکێ بکەن. منداڕەکانی گۆتیان: مریشك خۆی چیە هەتا سۆراغی بکەین..؟! شەوەکی دیکە دوو سێ سەرەبزن و مەڕیان لێ دزرا پیرەباب هەر دەیگۆت: بڕۆن سۆراغی مریشکێ بکەن..!! هەر ڕۆژەو شتێکیان لێ دەدزرا و هەر بێباك بوون. لەئاخرو ئۆخریدا کچێکی جاعێریان هەبوو ئەویش ڕفێندرا.

پیرەباب بەدەم گریانەوە دەیگۆت: چەندی هاوارم دەکرد گوێتان پێ نەدەدا.. ئەگەر لەئەوەل جار سۆراغی مریشکتان بکربایە.. ئەوها بەو نەوعەی سەرو مار و ناموسمان نەدەچوو..!!

بەدوو نەفەری حیز کێوە بچم

لەپەنجاو شێستەکانی سەتەی بیستەم لەگەراجی کۆتری سەلام لەگەڕەکی تەعجیلی شاری هەولێرێ ترومبێلی پەست و قەمەرە هەبوو لەمارکەی دۆج و شۆفرلێت و جەمسی. تاك

تاکەش لۆری عەنتەرناش هەبوو. قەتاری کەری کورەچیانیش ناوە ناو بەو جادەیەدا گوزەرایان دەکرد. بەڕێشمە و گورینگە و بن مل و سەرپاروی قاڵتاغ . تەقە تەقی نارو بزمار و زرینگەی زەنگوری ملی کەرەکان وەك سیمفۆنیایەك سەرنجی خەرکی رادەکێشاو رێیان لۆ چۆل دەکردن.

شۆفێرەکی قسەخۆش هەبوو بەفشقیاتکردن بەناوبانگ بوو. زیاتر لەدوو سەعات چاوەڕوانی.. بەس دوو نەفەری هەبوو. شۆفێرەکانی دیکەش بێزاربووبوون لەچاوەڕوانی و نۆرەی سەفەریان، پێیان گۆت: باشە لۆ ناڕۆی..!؟

ئەویش گۆتی: کورە .. بەدوو نەفەری حیز کێوە بچم..!!

کچم مابایە ..ئەتوشم پان و پڕوچ دەکردەوە

شۆفێرەك کەونە جێبەکی شڕووڕی هەبوو. یان ئیستۆپی نەبوو یان بەسێ دۆسە ئیستۆپی دەگرت و برۆکەك دەسەنگراوە، ناوە ناوەش لەنەفەرەکی دەداو سولعی عەشایری دەکرد. کابرایەك بەپێش جێبەکەیدا تێپەڕی ئەویش چەندەی هۆڕینی لۆ لێدا تەقەی سەری دەهات. بەهەزار ناری عەلی جێبەکەی هێورکردەوە و رایگرت.

لەجامی سەری هینا و بە کابرای گۆت: هەی گێلە .. چ بکەم هیچ کچم نەمایە هەتا سولعی پێ بکەم دەنا وەڵڵاهی ئەتوشم پان و پڕوچ دەکردەوە..!!

کێ لەهەموو کەس کەرتر بوو

پیرەمێردەکی دونیا دیدە یەك کوڕ و یەك ئەسپی رەسەنی هەبوو. لەسەرە مەرگدا وەسیەتی کرد و گۆتی: کوڕم .. ئەگەر

مردم، بە سواری ئەسپەکەم لەمەملەکەتان بگەڕێ. کێ لەهەموو کەس(کەر)تر بوو ئەسپەکەی بدەرێ. پاش مردنی بابی لەگوندو شاران دەگەڕا. خەرکانی(شێت، گێل، گەمژە، هتد...)ی دەدیت، هێشتا بەدڵی نەبوو. لەشارێك خەرك لەگۆڕەپانێك کۆبووبوونەوە و بەزم و هەرا بوو.(والی) لەسەر تەختی دانیشتبوو. کابرایەکیان بەزنجیر لەدوخۆ رادەکێشا. بەپێخواسی و جلکەکی جینگوڕ جینگوڕ هەرچی منداڵە وردکەش بەرد باران و ئەتکیان دەکرد.

لەکەسێکی پرسی : ئەرێ ئەو بەزمە چیە..؟ گۆتی: لەو شارە، سااڵێ جارێك والی دەگۆڕدرێ و ئەوەی کۆنیش ئەوها ریسوا دەکرێ. کوڕەکە چوە لای والی نوێ و گۆتی: قوربان.. بابم لەسەرە مەرگ وەسیەتی کرد ئەو ئەسپە بەدیاری بدەمە تۆ.

والی گۆتی: باشە ..باوکت چۆن من دەناسێ..؟

کوڕەکەش گۆتی: باوکم پێی گۆتم ئەو ئەسپە بدە بەکەسێك لەهەموو کەس کەرتر بێ..!!

پاش سێ ساری دی وەکی خۆت لێ دێتەوە

کەسێك هەبوو ناوی(کەرە) بوو تومەز هەر لەمندارێەوە ئەو ناوەی لێ بوو. لای ئەوێش ئاسایی بوو. کە ژنی هێنا. ژنەکەی زۆر بەو ناوە قەڵس دەبوو. ژنەکە بە کەرەکەی دەگۆت: ئەوڕۆ لەکانیێ ژنان زۆر بەسەر خۆمدا شکامەوە..چونکە پێیان دەگۆتم ژنی کەرێ . ئەوجا ئەگەر ئەو ناوەی لەخۆت نەگۆڕی لەلات دانانیشم. بەناچاری چوە لای ئاغای گوندی و گۆتی: ئەگەر عیلاجم نەکەی ژنەکەم دەتۆرێ. ئاغاش گۆتی : باشە .. زیافەتەکی بکەو ناوەکەت لێدەگۆڕم . وەهەستە بڕۆ .. ئەوە لەجیاتی کەرە ناوم لێ نای جاشك..!!

بەغاردان هاتەوە مارێ و بەژنەکەی گۆت: ناوی خۆم گۆڕی و لەجیاتی کەرە بوومە جاشـــك .. ژنەکەی گۆتی: کورە هەرخۆزیا کەرەکەی جاران بای .. بەســێ ســاری دیکە ئەوجا دەبیتەوە کەرەکەی جاران..!!

تازە گوری کراست گەورە دەکەی

کابرایەك ژنەکی پیس و پۆخرو بێ ســـەروبەری هەبوو. هیچ عیســـابی لۆ مێردی نەدەکرد . کابرا چەندەی کاروکاســـبی دەکرد دەرەقەت نەدەهات. ناوە ناوەش دەیگۆت: کچێ .. ناچارم مەکە ژنەکت بەسەر بینم..!!

ژنەکەش هەر فشەی پێ دەهات.

پاش عەیامەکی کابرا ژنەکی دیکەی هیناو باری گرانتر بوو. ژنەکە ش بەکاوەخۆ .. خۆی پۆشـــتە دەکردو چاوی خۆی بەکلی رەش دەکردو کراســـی گور گەورەی لەبەردەکرد. ئەوجا بەمێردی گۆت: ئەرێ ئەو کراسە گور گەورەم لێ دێ..!!؟

کابرا گۆتی: حەی حەی .. پاش تڕێ خەپشەی بڕێ .. ئەتو تازە بەتازە گوری کراست گەورە دەکەی..!!؟

کێشکەی دەگرم

جاران دوکانی عەللافان لەهەولێری لەوبەرو ئەوبەری قاپی گەورەی مزگەفتی شـــێخی چۆلی و کۆتری ســـەلام بوو. گەراجی تڕومبێلانیش هەندۆکەك خوارتر بەرەولای گەڕەکی تەعجیلی بوو. لەبەر هەندێ بازاڕەکی بەهەڕمێن بوو.

کابرایەك لەبن دیوارەکی دانیشتبوو هەندۆکەك گەنمی نەناو لەپی دەستی دانابوو. کەسێك لێی وردبۆوە و گۆتی: ئەو گەنمە چیە لەناو لەپت دانایە.؟

گۆتی: کێشکەی دەگرم..!!

کەسەکە گۆتی: هەی گێلە.. چما کێشکە دەوێری بێتە ناو ئەو حەشاماتەی. ئەتۆش لەجێوە بیگری..!؟

کابرا گۆتی: لەمنیش گێلتر هەیە .. ئەو دووسێ کەسەی بەرامبەرم دانیشتینە و پێشەکی پارەم لێ وەرگرتینە ئەگەر کێشکەم گرت دەیاندەمێ..!!

گەمژە هەر گەمژەیە

دوو کەسی گەمژە هەبوون هەر ئیشەکیان بکردبایە. بەسەقەتی دەیانکردو نەدارو گیرفان بەتاڵ بوون. خزم و ناسیاو بڕیاریاندا باربویان بکەن. پیاوەکی زاناش گۆتی: کاکە ..گەمژە هەرچی لۆ بکەی هەر گەمژەیە ..!!

گۆتیان: بەچ بزانین ئەوهایە.؟

گۆتی: قاپە هەنگوینەکیان بدەنێ .. ئەگەر وەکی خەرکی دیکە خواردیان دیارە ئەمن گەمژەم .. ئەگەرواش بوو قسەکەم ڕاستە . کوپە هەنگوینیان لۆ هینان و پاش کەمێك بوە شەڕ و هەرایان لەسەر ئەوەی کێ لەپێشدا بیخوا.

یەك لەگەمژەکان هەنگوینەکەی فڕێداو لەگەر خۆر و تۆزێ تێکەر بوو. ئەوی دیکەش دەیگۆت: مەگەر خوێنم بڕژێ دەنا لێناگەڕێم تلکەکیشی لێ بخۆی. لەبەرچاوی خەرکەکە رەنج بەخەسار بوون..

ئەوجا تێکڕا خەرکەکە گۆتیان : راستە گەمژە هەر گەمژەیە..!!

پارەش دەزانی دەچیتە گیرفانی کێ

1. پارە چوە لای کەسێکی خواپەرست و بەبەزەیی و گۆتی: ئەگەر بێمە لای تو چیم لێدەکەی؟ گۆتی: زەکاتی لێدەردەکەم و دەستی هەژاران دەگرم و مزگەفتی پێ دروست دەکەم و ژن لۆ گەنجان دێنم و رێبواران نان دەدەم.

پارە گۆتی: ئەتو چش...!!

2. چوە لای کەسێکی هەوەس بازو عارەق خۆرو گۆتی: بێمە گیرفانت چیم لێدەکەی؟

گۆتی: ئەنواع مەشروب دەخۆمەوە هەوەس بازی دەکەم وسەفەرو هەرچی رابواردن هەیە دەیکەم.

پارە گۆتی: ئەتوش چش....!!

3. چوە لای کەسێکی پیسکەو قرچۆك و گۆتی: بێمە گیرفانت چیم لێدەکەی؟

گۆتی: وەی، ئەگەر دەهاتی لێ ناگەڕێم قەت دەقت بشکێ لەنایلۆنەکت وەردەپێچم لەناو باولەکی ئاسن هەرت دەگرم لەناو چاڵێك دەتشارمەوە سارانەش یەك جار سۆراغت دەکەم. قەت لێناگەڕێم بکەویتە دەستی سەخی و ناتدەمە دەست پیرە ژنان چونکە لەلچکە کەلانگوچك لوولم دەدەن و دەمگەچرێنن.

پارە گۆتی: بەس دەچمە گیرفانی قرچۆك و رەزیل چونکە بەس ئەوان دەزانن قەدرم بگرن..!!

ژنی باش مێردی شەرمەزار ناکا

دووبرا هاوسەرەکانیان تاقیکردەوە.

یەکەم: پێش ئەوەی مێوانی بێ شـفتیەکی کڕی و بردیەوە مارێ. چەند خزم و ناسیاوەکی دەوعەت کرد . بەژنەکەی گۆت: لەو شەش شفتیەی هەمانە شفتییەك بینە. ژنە بەڕوخۆشی گۆتی بەسـەرچاو. شـەش جاران شـفتی پێ دەگۆڕێ و هەر دەیگۆت: بەسەرچاو. مێردەکەی رووشکێن و شەرمەزار نەکرد..!!

برای دووەمیش: شفتیەکی بردەوە مارێ و دەوعەتی برای و چەند خزم و ناسیاوەکی کرد.

بەژنەکەی گۆت: لەو شـەش شفتیەی هینام شفتیەك بینە . ژنەکەی شـفتیەکەی لەناو مەجریسـێ بەعەردی داداو قیژاندی و گۆتی: هـەی درۆزنی رەزیـل و قرچۆك بـەس ئـەوە شـــفتیـە بۆگەنەت هینابوو..!!

خۆ ئەنگۆ سوونەت ناکرێن

کوریژگەیەکی چارپێنج سـارانیان لۆ سـوونەتکردنێ دەبرد چەند کیژۆرەیەکیش سـاپسـاپانێیان دەکرد. کە منداڕەکەیان دیت وا خۆی دەپچڕاند و هـەنسـکی گریـانی دەهـاتێ.. کیژۆرەکـان گۆتیان: ئەوە ئەو کوڕەی کێوە دەبەن.؟

گۆتیان: سونەتی دەکەین..!!

کیژۆرەکان دەستیان بەگریانێ دەکرد.

گۆتیان: باشـە .. کوریژگە سـوونەت دەکرێ ئەدی باشـە ئەنگۆ لۆ دەترسێن!؟

کیژۆرەکـان گۆتیـان: ئـاخر دەزانین. لـەبۆمـە تیژی دەکەنەوە..!!

سێ وەسیەتی نەستەق

کابرایەك لەسەرەمەرگدا بەکوڕەکەی گۆت:

1. پێش ئەوەی قوماری بکەی بڕۆ لای گەورەی قومارباز‌ان.
2. پێش فاحیشەکردن بڕۆ لای ژنە فاحیشە بەڵام بەیانی زوو.
3. پێش عارەق خواردنەوە بڕۆ لای وەستای دروستکردنی عارەق.

پاش مردنی باوك یەکەم جار چووە لای گەورەی قومارباز‌ان. دیتی لەکورخانی حەمامێ دەژی. پیس و پۆخڵ و رەشداگەڕاو. کوڕەکە پرسیاری لێکرد کەوا بۆچی گوزەرانت بەو شێوەیە؟ قومارباز هەردوو زارەکانی قوماری فڕێدایە بەردەمی و گوتی: بزانە دوو شەشە؟ گوتی نەخێر.

قومارباز گوتی: زاروقومار بەروپشتیان نیە و دەمێك باشە دەمێك وەك سەگ لەکورخانە دەتۆپی..!!

دووەم جار دیقەتی دایە ژنە لەشفرۆشێك زۆر جوان و بەنازوفیز بە بەردەمی خەڵکدا تێپەڕی. ماڵەکەی بە نیشانکردو سبەینەکی زوو لەدەرگەی ژنەکەی داو دیتی ژنێکی ناشرین و دەمو چاو لۆچ لۆچ وەك گۆشتی برژاو وابوو. گوتی: تۆ فڵان ژنی..؟ ئەویش گوتی: بەڵێ..

کوڕە هێڵنجی هاتێ و رۆیشت..!!

سێیەم جار چوە لای وەستای عارەق دروستکردنێ. کەدیتی بەو شێوەیە دروست دەکرێ . ئەویشی لەبەرچاو کەوت. کوڕەکە لەمەبەستی باوکی گەیشت..!!

وە ڵڵاهی فاتیحەیان لۆ رانادەی

دوو فەقێ لۆ خیندنێ بەپیادە دەچوونە شـــاری . پێش ئەوەی شەویان بەسەردابێ. لایاندا گوندەکی و چوونە مزگەفتێ. پاش نوێژی مەغریبێ خەرکەکە هەر بابا بوو، لەمزگەفتێ دەهاتە دەرێ و کەس مێواندارای نەکردن . مجێوری مزگەفتێش دەری کردن. چوونە ناو گوندی و گەڕان و ســـووڕان کەس نەیحەواندنەوە و بەزگی برســـی و بۆرە بۆر لەگوندی چوونە دەرێ.

لەولای گوندیش قەبرســـتانی لێ بوو. فەقێیەك ویســـتی فاتیحایان لۆ ڕادا. ئەوی دیکەش گۆتی: وەڵڵاهی.. لێ ناگەڕێم فاتیحایان لۆ رادەی .. چونکە مردیەکانی ئەو قەبرســـتانەش باب و باپیری ئەو سەگبابانەن.!؟

مەلای گوندی کافر بووە

مەلا ئەعمەد مەلای گوندەکی نێزیك هەولێرێ بوو . هەتا ئەو ڕۆکەش خەرك زیارەتی قەبرەکەی دەکەن . خەرکی گوندی مەگەر لەچەند کەسێك بترازێ. لەگەر نوێژو جەماعەت دۆست نەبوون.

هەر کوەکی بی مامۆســـتا خەرکەکەی رازیکرد بەس نوێژی(نیوڕانێ، عەســـر، مەغریب،) بکەن. ئەو خەبەرە لە گوندەکانی دیکە براوبۆوە و دەیانگۆت: مەلا ئەعمەد کافر بوە..!!

چەند مەلا و پیاو ماقولەک هاتنە کن مەلا ئەعمەد و گۆتیان: مامۆستا .. ئەتو کو فتوا دەدەی خەرك بەس سێ نوێژی بکەن؟

مەلا گۆتی: کاکە .. ئەمن بەتەنێ سێ نوێژم پێ کردن .. ئەنگۆش ئازابن دوو نوێژەکەی دیکەیان پێ بکەن..!!

چما بەلاش پارەم دایتە سینەمەی

جاعێرەك لەگەڕەکەکی هەولێرێ منجرو بەگێچەر و شەڕاوی بوو. لەگەر کابرایەك بەشەڕ هات و کەلەکی سرەواندە قەپۆزی و دەوددانی پرخێن کرد و گێژو وێژ بوو. کابرا هەر ئەوەندەی پێکرا بڕێ: کورە هەی ئارچاغ، ئەوە لۆ ئەو کەلەت لێدام!؟

کورە شەقاوەکەش گۆتی: چما، بە بەلاش بیست سارە پارەم دایتە سینەمەی..!؟

بابت هەتا مردیش ئەو گوەی هەر دەخوارد..!!

ژنەك بەسەردان چۆوە ماڕێ بابی و دەستی بەگریان و هەنسکە هەنسك کرد. داکی گۆتی: چ بووە کچم .. لۆ دەگرێی ؟

گۆتی: دایە .. مێردم هەر دەڕێ ژنت بەسەر دەینم.

داکی گۆتی: لەمێژە وەدەڕێ؟

گۆتی: شەش عەفت مانگە..

داکی بەپێکەنینەوە گۆتی: کچێ هەر گێش مەدێ ..بابت هەتا مردیش هەر ئەو گوەی دەخوارد..!!

لەخۆڕا خەرکی قەردار دەکردەوە

لەهەشتایەکانی سەتەی بیستەم لەهەولێرێ ناسیاوەك بەس بەقسە لەناو مەجریسان قەرداری دەکردمەوە و دەیگۆت: پارەت ناوی..!؟ بڕێ شەرمێ مەکە..!! وای لیهاتبوو نەدەوێرام لەترسی ئەو هیشکە پیاوەتیە خۆمی نیشاندەم.

ناسیاوەکە لەسێتاقان دوکاندار بوو. لۆ راست و درۆی مەسەلەکەش لەگەر دوو برادەران لەبەرامبەر دوکانەکەی نەسوچیك راوەستاین. کەسێك چوە دوکانەکەو سەفتە پارەکی دایێ و ئەویش هاویشتیە ناو چەکمەجەی مێزەکەی.

چوومە ژۆرێ و پێم گۆت: ئەتو هەر دەرێی ئەگەر پارەت دەوێ دەتدەمێ.. ئێستاش پێویستم بە(٥٠) دینارە . بە قسەی لوس و پەکو پەکو.. سەت سوندو قورعان قەرداریشی کردمەوە. ئەوجا گۆتی: بریا وەختەکی ئەوها دەهاتی پارەم شك دەبرد..!!

ئەمنیش گۆتم: هەی درۆزن.. ئەدی تازە فلان(٢٨٠٠) دیناری لۆ نەهینای..!؟ ئەوجا پێم گۆت وە لێلا جارەکی دیکە لەناو خەرکی قەردارم بکەیەوە .. وای لەعارت..!!

ئەو حەشاماتە چیە

لەپەنجاکانی سەتەی بیستەم قایمقامی کۆیە باشچاوەشی راسپارد تەبلیغی کوێخای فلانە گوندی بکات و بێتە لای قایمقام. باشچاوەش لەبەردەم مزگەوتی گەورە مام خدری راسپارد.

کە گەیشتەوە گوندی لەبیری چوو کێ تەبلیغ بکا .لەپاش نوێژی عەسرێ بەخەرکی گوندی گۆت: بەئەمری باشچاوەش سبەینێ دەبی خەرکی گوندی لەبەر دەرکی سەرای کۆیە عازربن . هێشتا تاریك بوو وەرێکەوتن و بەیانیەکەی زوو لەبەردەرکی سەرا حازربوون.

قایمقام کەهاتە دەوامێ و لەباشچاوەشی پرسی ئەو هەموو حەشاماتە چیە..؟

گۆتێ: قوربان خەرکی فلان گوندن.

قایمقام گۆتی: چیتان دەوێ؟

گۆتیان: لەسەر قسەی باشچاوەش هاتوین ..!!

باشـــچاوەش بە مام خدری گۆت: جا خۆ نەمگۆت هەموو خەرك بەس گۆتم کوێخا بێت. مام خدریش گۆتی: قوربان، وەڵڵا لەبیرم چوو بەکێ برێم .. بۆیە هەموو خەرکم هینا و گۆتم لەو هەموانە یەکەکیان هەر دەردەچێ.

تێبینی:-

مام خدر: ناوێکی خوازراوە..

کێ دەو ڕاستی گوندییە ؟

دوو رێبوار لایاندا گوندەکی لۆ ناتخواردنێ . کە گەیشـــتنە ناو گوندی دوو بەرەباب بەشـــەڕ هاتبوون و ئەوســـەر و ئەوسـەری شـەڕەکەش دیار نەبوو. بەناچاری بوونە ناوبژیوان. هەتا لایەکیان هیور دەکردەوە لەلایەکەی دی شـــەڕ گەرمتر دەبوو ئەوانیش لەبرسان لاکەیان لێوە دەهات.

یـەکـەکیـان رووی لـەخـەرکـەکـە کردو گۆتی: ئـەرێ خەرکینە... ئەوە ئەو گوندە دەوڕاستەکی تێدانیە..!؟

لەتەنیشـــتەوان کابرایەکی شـــەویلاك و دەوخوار گۆتی: ئەمن دەوڕاستی گوندیمە..!!

یـەك لـەڕێبوارەکـان گۆتی: تڕحێێێێوو... وە ڵڵا بـابـە... ئەگەر دەوڕاستی گوندی ئەوهابی.. دەبی دەوخواریان کوو بی!؟

کەر بەس جۆی قابیلە

دوو برا لەلای دەوڵەمەندێك بوونە رەنجبەر. رۆژی یەکەم دەوڵەمەندەکە تەجرەبەی کردن و لەپێش نانخواردنێ بەیەکێکیانی

گۆت: هەســـتە لە دەرەوە دەســـتەکانت بشـــۆ . ئینجا بەبراکەی دیکەی گۆت: ئەو برایەت چۆنە؟ گۆتی: کەڕێکە بەچار پەلان..!!

کەهاتەوە ژووریێ .. بەبراکەی دیکەشـــی گۆت: دەتۆش بچۆ دەستت بشۆ. لەوەی دیکەشی پرسی: برات چۆنە؟ ئەویش گۆتی: کەری وەك خۆی هەر نیە..!! خانەخۆی چوە نانداینێ و بەژنەکەی گۆت: بۆ هەریەك لەوان لەگەنێك جۆ بۆ منیش پڕاو برنج و سەری پڕ لەگۆشت بێنە..!!

کە خواردن هات هەردوو برا تەماشـــای یەکیان دەکردو حەپەسابوون. خانەخوێ گۆتی: لۆ ناخۆن؟

گۆتیان: ئاخر چۆن جۆ دەخورێ؟

خانەخوێ گۆتی: باشـــە هەردووکتان بەیەکترتان نەگۆت کەرە؟

گوتیان: بەڵێ..!!

خانەخوێش گۆتی: دە کوایە .. کەریش هەرجۆی قابیلە..!!

ئەو هەموو سەلکە مریشك و عەلەشیشە چیە..!!؟

لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلول.. مەلا مستەفا بارزانی ناوچە ئازادکراوەکانی بەســەر دەکردەوە. لەهیرانێ چوە لای مەنســولی ئەو دەڤەرە، کەئەفســـەرێك بوو بەپلەی (رەئیس) واتە رائید. ســەرۆك لێی پرسی وەزعتان چۆنە؟ مەنسولەکە گۆتی: بەگشتی وەزعمان خراپ نیەو باشە.

چێشـــت لێنەری مەنســـولەکە فەردەیەکی پڕاوپڕ ســـەلکە مریشك و عەلەشیشی لەبەردەم سەرۆك هەڵڕشت ئەویش گۆتی: ئەوە چیە؟ چێشـــت لێنەر گۆتی: جەنابی ســـەرۆك.. مەنســـول بەخۆی وەزعی زۆر باشەو هەرچی پارەو یارمەتی لۆ پێشمەرگە

دێت، بەمریشك و عەلەشیشی دەداو دەیخوات پێشمەرگەش نانی رەق نیە بیخوا..!! هەر بۆیە سەلکەکانم هەڵگرتون بۆ ئەوەی رۆژێك لەڕۆژان پیشانی سەرۆکی بدەم..!! سەرۆك بارزانی لەمەسەلەکە گەیشت و بەحەکیمانە مەنسولەکەی دەگەڵ خۆ بردەوە سەرکردایەتی و هەتا مردیش جارێکی دیکە مەنسولایەتی پێ نەدراوە.

پەرەی دایە.. یان نا

پایزێکی درەنگ کاروانچیەکی خۆشناوەتی بارە مێوژەکی بردە دەشتی کەندێناوە. لەئاقاری گوندەکی بوو .. گەوارە بارانەکی بەخوڕ باری و کەرو بارەکەی لافاو بردی و بەس گۆپارەکەی دەستی پێ مابۆوە بەخۆشی هەتا پشتێندێ لەقوڕو چڕپاوێ وەرچوو بوو. لە توڕەییان خەنجەرت لێ دابایە پشکە خینەکی لێ نەدەهات. لەو وەزعەیدا بوو کابرایەکی دەشتەکی لێ پەیدا بوو. ئەویش پێی گۆت: کابرا.. پەرەیدایە یان نا.!؟

گۆتی: ناوەڵڵا پەرەی نەدایە.

کاروانچیەکە لەتاو کەرو بارەکەی کابرای دایە بەر گۆچانان و شل و کوتی کرد.

کابرا گۆتی: ئەوە ئەتوو دەرێی شێت بووی لەهیچ و خۆڕایی .. لۆ لێم دەدەی؟

کاروانچی گۆتی: دونیا کاول بوو ئەو دەشتە هەمووی بەبن ئاوێ کەتیە کەرو بارم بەئاوێدا چوو. ئەتوش هێشتا هەر دەرێی پەرەی نەدایە..!!

بەس ئەنگۆ بەشەڕمێن

لەحەفتاکانی سەتەی بیستەم لەشەقامی سەرەکی سێیتاقانی خوارێ کابرایەك دوکانەکی تکەو جگەر فرۆشی هاکەزایی دانابوو. کە موشتەری داوای شیشە جگەر یان تکەی دەکرد هەندی دەمێ لەسەر مقەرە لۆی دەبرژاند و بەهەرکروزاوی و نیوە برژاوی لەسەرقاپەکی فافۆنی دەمپەل لەبەردەمی دادەنا. نە تەماتە، نەسەوزەو پیازی لەگەڵ نەبوو. خۆ ئەگەر موشتەری تێنی بوایە، دەبوایە بەخۆی هەستێ و ئاو بخواتەوە.

خوانەخواستە، ئەگەر موشتەری داوای سەوزە یان ئاوی کردبایە، کابرا چاوی دەچوە پشتی سەری و دەستی دەدایە خوترمەکی و ئەوسەرو ئەوسەری کوڕە هەرزەکارەکەی دەبوو. ئەویش دەچوە پشت موشتەری وپشیلەو مشکانێی لەگەڵ بابی دەکرد. موشتەری بەناچاری دەبوە ناوبژێوان و بێزاردەبوو.. نانەکەی لێ دەبوە سندان. ئەوجا بەناچاری دەبوو بڕێ: کاکە، وەڵڵاهی هیچم ناوێ، بەس ئەنگۆ بەشەڕمێن..!!

بایی من و تو.. هەموانیش دەکا

هەرزەکارەکی منجڕ ئەوسەرو ئەوسەری بابی بووبوو، دەیگۆت: ئیلاوبیلا دوو ژنم پێکەوە دەوێ . بێوەژنەکی زۆرزانیش بەمەسەلەکەی زانی و هاتە لای بابی کوڕە و گۆتی: لۆ منی لێگەڕێ.. شەرت بێ ئەوها تەمبێی دەکەم جارەکی دی ناماقوڵی ئەوها نەکا..!!

بابی کوڕەش هەر خواخوای بوو لەو گێچەرە قووتار بی.

بێوەژن کوڕەی رازی کردووو خۆی لێ مارە کرد. لەشەوی بووکێنیدا لێنەگەڕا کوڕە هەتا بەرەبەیانی ئیسراحەت بکا.. هەندەی ماندی کرد بوو لەخوای دەویست زوو رۆژ دابێت.

چیشتەنگاوەکی درەنگ سۆراغی زاوایان کرد خەواڵوو.. نوزەی لێ برابوو. بابی پێی گۆت: ها کوڕم دەتەوێ ژنەکی دیکەت لۆ بینم ..؟ کورە لە حەژمەتان گۆتی: ژنی چی... و منی چی .. بە تەنێ ئەو ژنە بایی من و تو جیران و هەموانیش دەکا..!!

سەیدی بەخۆی سالم بوو

ساری ١٩٨٥ی زاینی لەهەولێرێ لەگەڕەکی تەیراوە گەنجێك ناوی سالم بوو لەگەر مفەوەزی بنکەی پۆلیسی تەیراوە بەشەڕ هاتبوو. معاونی بنکەکەش عارەب بوو تازە بەنەقڵ هاتبوو. لەگەر دوو پۆلیس چوون لۆ دەستگیرکردنی سالم . معاون لەدەرکەی داو سالم بەخۆی دەرکەی کردەوە و بەخێرهاتنی لێکردن . معاون گۆتی: ئێرە ماڵی سالمە؟

سالمیش یەکسەر دەستی بەزەمکردنی خۆی کردو راست و چەپ جونی دەدا و ئەوجا گۆتی: سەیدی ..دیسان سالم چ کەتنەکی کردیە؟

معاونەکە گۆتی: باشە .. سالم چی توە؟

گۆتی: ئەمن ناوم(غانمە) و برا گەورەی سالمم و ئیشەکەی لۆ من لێگەڕێ . دەستی لەسەر سمێڵە رەشە گەورەکەی داناو گۆتی:کەلام شەڕەف هەر بێتەوە مارێ بەخۆم تەسلیمی بنکەی دەکەم . ئەفسەر باوەڕی پێکردو ڕۆیشتن. سالمیشیەکسەر قوچاندی و دوو پۆلیسەکەش لەبەرخۆیان پێ دەکەنین.

معاون گۆتی: چیە .. لۆ پێدەکەنن..!؟

گۆتیان: سەیدی .. وە ڵڵاهی ئەوەی قسەی لەگەڵ دەکردی بەخۆی سالم بوو..!!

در پیسی نەکەی بەرات لێ نیە

لەگوندەکی دەوزێ .. مام(وەتمان)* درپیسی لەژنەکەی دەکرد. ژنەش شێرەژن بوو عومرەکی پڕ لەچەرمەسەری بەسەر بردبوو. ئەوجا لۆ ئەوەی مام وەتمان تەمبێ بکا. رێنجبەری ڕاسپارد کە چەند ماسییەک یەك یەك لەناو خەتە جۆتی بشارتەوە و لەدوو خەتە جۆتیش زیاتر نەکا.

پاش نیوڕانێ بەوەتمانی گۆت: ئەتو لەبەر در پیسی، نەئاگات لەخۆیە نە لە جۆت و نە لە جۆتیارە، . دە هەستە بڕۆ بزانە رێنجبەر جۆتی دەکا یان نا؟

مام وەتمان دیتی جۆتیار بەس دوو خەتە جۆتی کردیەو لەسەر گازی پشتێ لێ راکشایە. چاوی چوە پشتی سەری و بەخۆی دەستی بە جۆتکردنێ کرد . چەند شەقاوێك و ماسییەك لەگەڵ نوکی گاسنی دەهاتە دەرێ و لەتێرکەی دەکردن .

گۆتی: نازانم خەونە یان راستە ..ئێ باشە ئەو زەوییە ڕەق و هیشکە کو ماسی تێدایە..!؟

رێنجبەریش گۆتی: خەون نیە و ئەمنیش چەند ماسییەکم خڕکردیتەوەو ئەوانیشی دایە مام وەتمان. کە هاتەوە مارێ و وەزعەکەی لۆ ژنی گێڕاوە.

ژنەکە گۆتی: دە باشە .. کێخواو مەلا و چەند کەسێکیش زیافەت دەکەین .

مێوان تەشـــریفیان هینا و مام وەتمان گۆتی: ئەو ماسییانەی لەناو خەتە جۆتێ هەرم گرتنەوە لۆمان بینە.

ژنەکە گۆتی: وەتمان ..ئەوە شێت بووی کەنگینێ ماسیت هینایتەوە..!؟

مام وەتمان گۆتی: کچێ کو ماســی چی.. ئەو ماســیانەی لەناو خەتە جۆتێ هەرمگرتنەوە..!!

ژنەکە گۆتی: ئەرێ توخوا ئەنگو قەت گێتان لێ بوە لەو عاردە هیشکە و خەتە جۆتێ ماسێ تێدابێ..!؟

مام وەتمان تاویدا ژنەکەی و بەچەرۆکان لێی دەدا. ئەویش هاواری کرد و گۆتی: بێبەســتنەوە دەنا کەتنەکی دیکەش دەکا. ئەوانیش بەگوریسی بەستیانەوە.

پاش عەیامەکی .. مام وەتمان بەپارانەوە بەژنەکەی گۆت: توخوا بەڕاستی شێت بوویمە!؟

ژنەکەش گۆتی: ئەگەر در پیسێ نەکەی بەرات لێ نیە..!!

تێبینی:-

مام وەتمان ناوێکی خوازراوە...

دوو حوکمەت لێم دەترسێن

لەنێوەی شەستەکانی سەتەی بیستەم لەشاری هەولێرێ، عارەبانچیەك رۆژ تا ئێوارێ عەمباری دەکرد و ئاگای لەهیچ نەبوو. بێویژدانەك لەدائیرەی ئەمن خەبەری لێ دابوو گوایە حزبایەتی دەکا. بریاری دەســتگیرکردنی درا. خێرەومەندێك مەســەلەکەی تێگەیاند. ئەویش لەترســان فیراری کردو چووە

سەرێ لۆ ناوچەی بن دەستی شۆڕش. لەوێندەریش بە گومانی جاسوسی ویستیان بیگرن و بەناچاری هاتەوە هەولێرێ.

لەسەیتەرەی حوکمەتی ئەوان سەردەم لەپشت نەخۆشخانەی جمهوری بوو دەستگیرکرا. لەلێکۆڵینەوەدا حاکم پێی گۆت: ئەتو چی و چ حزبەك .. ؟

گۆتی: وەڵلاهی هەتا ئێستا نەمدەزانی ئەوەندە موهیمم.. دوو حوکمەت لێم دەترسێ و ئەمنیش هیچم بەخۆم شك نایەت..!!

ئاغا ئەوەش هەر بە درهەمەکی ..؟

ئاغایەك لەگەر خزمەتکارەکەی ئیتیفاقیان کردبوو لۆ هەر درۆیەکی ئاغا لەدیوەخانی بکا و ئەشهەدوبیلایەکی لۆ لێبدات و درهەمەکی بداتێ .

رۆژەك لەدیوەخانێ ئاغا درۆیەکی زۆر گەورەی کرد، خزمەتکارەکەش وەکی تێدەفکری نەیدەزانی کو ئەو درۆیەی لۆ پەردەپۆش بکا . لەبەر هەندی گۆتی: ئەرێ ئاغا.. ئەوەش هەر بە درهەمەکی..!؟

ئەمە نەن دزیە

ساری ١٩٩٣ی زاینی لەشاری هەولێرێ کابرایەك چووە کن مەنسوولەکی کەونە جاش و گۆتی: جەماعەتێ نگۆ پارەیان لێ دزیمە ..

مەنسوول گۆتی: کاکێ .. پارەکەت چەند بوو؟

گۆتی: هەشت هەزار دینار.

مەنسوول: کاکە .. جەماعەتێ مە نینە..!!

گوتی: کو دەزانی..؟

مەنسوول: ئەگەرلەپازدە هەزار کەمتر بی لۆ مە دەست نادا و خۆ بە پارەی کەم ماندی ناکەین..!!

کابرا گۆتی: باشە .. چارە چیە..؟

مەنسوول: کەکە .. لۆ خۆ هەڕوە کن جەماعەتەکی دی تاقیب کە..!!

پێشەکی پارەی چار قاپی دیکەش دەدەم

لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەتەی بیستەم لەشاری هەولێرێ و لەشەقامی شێخەڵڵا شارەوانی و پۆلیس مێوەفرۆش و دەستفرۆشەکانیان راوەدوو دەناو تەرازوو عارەبانەیان دەستبەسەر دادەگرت. هەر وەختی لیژنە و پۆلیس بەدیار دەکەتن. یەك دوو کەس هاواریان دەکرد و دەیانگۆت: هەرێ هاااااات ..!!

هەر بابا بوو بەرەو کۆرانەکان هەردەهاتن . کەسێك ناوی(رەعمان) بوو بەعارەبانەی سێ تایە میوەی دەفرۆشت. پۆلیسێکی مرور تەشقەرەی پێ کردو پریدا تەرازوەکەی بەڵام بەبورغێ لەسەر عەرەبانەی بەستابوو. مرور عەرەبانەکەی وەرگێڕاو سێ چار سندوقە ترێ بەگۆڕێ وەربوو. رەعمانیش لەتاو ئەو زەرەرە دەستی دا تەرازوەکە و چار قاپی لەسەرو گوێلاکی مرورەکە سرەواند. پۆلیسی بنکەی خانەقاش رەعمانیان دەستگیرکرد.

لەپاش لێکۆڵینەوە عاکم بڕیاری دا:

1. لەبەر ئەوەی پۆلیسەکە زیادەڕۆیی کردیە و ئەو ئەرکەش هی شارەوانیە .. سزای زیندانیکردنی لۆ ماوەی یەك مانگ لۆ دەرکرد.

2. لەبەر ئەوەی رەعمانیش لەکارمەندی حوکمەتی دایە

بەلێدانی هەر قاپێك یەك دینارو نێو سزا درا.

رەعمانیش دوازده دیناری لەسەر مێزی عاکم داناو گۆتی: جەنابی عاکم .. نەم دەزانی لێدانی قاپێك ئەوەنده هەرزانە لەبەر ئەوە پێشەکێ پارەی چار قاپی دیکەش دەدەم..!!

کوڕە مەکە هەی ئیسکیف

موستەشارێکی جاش لەگەر دوو سێ تڕومبێلی پڕ لەعیمایە چوە کن فیتەرەک لەسناعەی شیمالی هەولێرێ . لەو کاتەشدا فیتەرەکە لەبن تڕومبێلەکی دیکە بوو. موستەشار بەپۆزەوە نووکی پێراوی دەگەیاندە تەنگەی فیتەرەکە و بێ ئەوەی قسان بکا. فیتەریش وای زانی سوعبەتی لەگەر دەکەن و دەیگۆت: کوڕە مەکە.. دانیشە.. مەکە هەی ئیسکیف..!!

فیتەر لەبن تڕومبێلێ هاتە دەرێ و هەستاوە .. کە ئەو حەشاماتەی دیت زۆر ترسا.

موستەشار گۆتی: کوڕۆ .. ئیسکیف چنە؟

لەترسان گۆتی: یەعنی پیاوی مەزن و موحتەرەم.

مستەشار گۆتی: گەل هوسابت.. مرۆڤیت مە خڕ ئیسکیفن..!!

پاشان لەمەجلیسی موستەشاران بە هەموانی دەگۆت: ئیسکیف . ئەوانیش گۆتیان: کاکە عەیبە .. مەرێ ئیسکیف.

کابرای موستشار گۆتی: ئیسکیف چنە..؟

موستەشارێك گۆتی : یەعنی حیز.. !!

بەزەڕەی کەرێ باوەڕ دەکەی

دزێك چەند رۆژێك بوو دەگەڕاو دەسوڕا هیچی بەدەست نەکەوت. جا بۆ ئەوەی بەدەستبەتاڵێ نەگەڕێتەوە کەرێکی دزی. ساحێب کەر شوون هەڵگربوو. لۆ سۆراغی کەرەکەی لەدەرگەی ماڵی دزەکەی داو گۆتی: ئەتو کەری منت دزیوە..؟ گۆتی: من نەم دزیوە . وەلحاسڵ نەم دزیوەو دزیوەتە.. پاش دەمەقاڵێەکی زۆر لەبنەبانی خانوو کەرەکە زەڕی. ساحێب کەر گۆتی: ئەدی ئەوە کەرەکەی من نەبوو زەڕی..!؟

دزەکە گۆتی:کاکە ..بەمن باوەڕناکەی.. بەزەڕەی کەرێ باوەڕ دەکەی..!؟

بە خاکەناس ئاگرم لێ کوژاندەوە

ژنێك سووتابوو هێنایانە نەخۆشخانەی فریاگوزاری. پاش پشکنینی دکتۆر گۆتی: ئەو ژنە نەك هەر سووتایە.. دەست ولاق و پەراسوشی شکایە .

مێردی ژنەکەش گۆتی: ئاخر دکتۆر .. بەپشتە خاکەناس ئاگرم لێ کوژاندەوە..!!

ئەو سینگە نیشانە بی

لەحوجرەی مزگەفتێك مشتومڕی فەقێیان لەسەر قەبرستان و بەهەشت و جەهەندەم بوو. فەقێیەك گۆتی: دروست نیە شەوان بەتەنێ بچیتە ناو قەبرستانی و دەڵێن مردی لەناو قەبر دێتە دەرێ..

فەقێیەکی دیکە گۆتی: بەس پیاوی ئازاو رەشید دەوێری بەتەنێ بچیتە ناو قەبرستانی. یەکێکی دیکە گۆتی: دەبا لەگڵ

بکەین و بزانین لەو مەجلیسە کێ ئازایە .. بەو شەرتەی سنگە دارێك لەتەنیشت قەبری فلان پیاوچاك داکوتێ.. ئەوا لەواجبی راتبە رەحمەتی یەك مانگ عەفوی دەکەین.

فەقێیەك گوتی: ئەمن دەچم و هەستاو رۆیشت و گەیشتە ناو قەبرستانی. لەترسان سنگە دارەکەی لەسەر لچکی کەوێی خۆی داکوتا. کە هەستاوە و ویستی(هەرێ)[1]. سنگەدار رایکێشاوە سێ جار هەوڵیدا سنگەکەش هەر رایدەکێشاوە . لەترسان بە بسمیلاو پاڕانەوە دەیگوت : ئەی پیاو چاك.. بەس ئەو جارە بەرم دەن.. شەرت بی .. جارەکی دیکە ناماقوڵی ناکەم..!!

تێبینی:-

هەرێ: رابکات

ئەمن تەلەفۆنی خۆم کرد

لەساڵی ١٩٩٤ی زاینی گرانی و قات و قڕی بوو. کەسێکی گیرفان بەتاڵ لەڕانیەوە لەپشتی پیکەبێك سواربوو هاتە کۆیە. لەبەردەم گەراجی کۆیە دابەزی و دەمی نیوەڕۆ بوو. برسی بوو بوو هیچ پارەشی پێ نەبوو. بەرەو لای گەڕەکی جەمعیە رۆیشت. خانوەکی گەورەی دیت و لەمندالێکی پرسی: ئەرێ ئەوە ماڵی کێیە؟

گوتی: ماڵی فلان کەسە..

یەکسەر چوو لەدەرگای داو گوتی: ئێرە ماڵی فلانە..؟

گوتیان: بەڵێ.

ئەویش گوتی: مێوانی ئێوەم. خانەخوێ لەماڵێ نەبوو خەڵکی کۆیەش بەمێوان دۆستی ناسراون. بەگەرمی

بەخێرهاتنیان لێکرد. تەلەفۆنێك لەسەر مێزێك دانرابوو دەستی دایە سەماعەکە و بەدەنگەکی بەرز گوتی : ئەلوو.. ئەلوو.. کاکە مەخزەنەکان بەتاڵن.. وەکیل و موشتەری تەنگاویان کردووین و بەپەلە کەلوپەلەکان رەوانە بکەن . دیار بوو خۆی بەتاجرێکی گەورە پیشان دەدا .کوڕێ خانەخوێش بەپێکەنینەوە گوتی: کاکە ..ئەو هەراو هۆریایەت لەچیە..؟ خۆ ئەو تەلەفۆنە هەر خەتی تێدانیە..!!

مێوانەکەش سەری خۆی نەوی کردو گوتی: خەتی تێدابی و تێدانەبی ..ئەمن تەلەفۆنی خۆم کرد..!!

بەس ئەو گەوادەی لێ بوو

لەپەنجاکانی سەتەی بیستەم معاونەکی پۆلیسی تورکمان، نەقڵی کۆیە کرا. توڕە و توند بوو کوردیشی نەدەزانی. پۆلیسەکی هەولێری ناوی ئیسماعیل کاکۆ بوو لەبەر ئەوەی تورکی دەزانی، بووە دەرگاوانی(مراسل)ی معاون بەگ.

ڕۆژێك معاونەکە بەئیسماعیلی گۆت:(بو گەوادە چاغلەر) واتە بانگی ئەو گەوادە بکە..!!

گوتی: بەڵێ بەگم .. چوە دەرێ و لەترسان نەوێرا بڵێ کی. برادەرێکێ قەسابی هەبوو دوکانەکەی بەرامبەر دەرکی سەرا بوو.

چوە لای و پێی گوت: معاون بەگ داوات دەکات. ئەویش بەجلکی ئیشێ و (چەپو چاغەوە) هات و چووە ژووری معاونی. ئەویش جەڕەسی لۆ ئیسماعیل لێدا و بەتوڕەییەوە گوتی: ئەمن گۆتم بانگی ئەو قەسابە بکە..!؟

ئیسماعیلیش گوتی: ئاخر قوربان.. ئەتو نەتگۆت کێ .. ئەمنیش لەهەموو کوێ گەڕام بەس ئەو گەوادەی لێ بوو..!!

تێبینی:-
چەپوچاغ: کەرەستەی تیژکردنی چەقوو

قەتران خۆ ماندی نەکە

قەتران زەلامەکی چارشانەی بەوەج بوو. خەرکی هەولێری بوو. لۆریەکی بەتقۆردی دبڵ ئەکسڵی هەبوو. هاتوچۆی ناوچە شاخاوییەکانی دەکرد . جارێکیان مێوانی ئاغایەکی ناسیاوی بوو. چێشتەنگاوەکی درەنگ لەبن ساباتی دیوەخانێی دانیشتبوو. هەر کەسی دەهاتە دیوەخانێ بەخۆچەماندنەوە دەستی ئاغای ماچ دەکرد.

قەتران هێشتا سەرخۆشی بەری نەدابوو وەجواب هات و گۆتی: کوڕە ..ئەنگۆ دەستی چ ماچ دەکەن و هەتا درەنگی شەوێ پێکەوە عارەقمان فڕکردیە ...!!

چەندەی پێی دەگۆتن تەقەی سەریان دەهات. ئەویش لە رقان گۆتی: وە
وە ڵڵاهی ئەگەر کەر چار پەلی هەبی ئەنگۆ چاردە پەلتان هەیە..!!

ئاغا ش بەپێکەنینەوە گۆتی : قەتران ..خۆماندی نەکە..!!

ئەگەر بوتڵە عارەقیش لەدەستمدا ببینن هەر باوەڕناکەن..!!

مەلا خوار مەکەوە

مەلایەك لەوەختی فەقێیاتی کچەکی خۆش دەویست. چەندی داخوازی کرد، کچەیان نەدایێ. کچە مێردی کردو مەلاش هەر لەخەیاری جاران بوو.

رۆژەك مێردی ژنەكە رووە و قیبلە میزی دەكرد. مەلا پێی گۆت: كابرا ..وە للا تەراقت كەت..!!

ئەویش گۆتی: ئاخر.. لۆ تەراقم كەت!؟

مەلا گۆتی: كاكە ..ئەتو رووەو قیبلە میزت كرد..!!

بەو فرت و فێرە ژنەكەی پێ تەراقداو پاشان لەخۆی مارە كرد . كابرا شـــەو و رۆژ چاوەدێری مەلای دەكرد لۆ ئەوەی ئەویش بەرەو قیبلە میزێ بكا.

مەلا ئەو وەزعەی لەبیر چووبوو. كابراش دوورو نزیك هەر تاقیبی دەكرد. مەلا رووەو قیبلە دانیشت و میزی كرد.

كابرا یەكسەر پێی گۆت: مامۆستا.. وە للا ئەتوش تەراقت كەت..!!

مەلا جوابی داوە و گۆتی: تەراقی من نەكەتیە چونكە و ئەمن خوارم كردبۆوە..!!

لۆ پەزی خراپە

لەگوندەكی دەوروبەری ئاكرێ. مەلای گوندی بلندگۆیەكی لۆ مزگەفتێ هینا لۆ ئەوی باشـتر خەرك گوێیان لەبانگدانێ بی. نوێژی سەحەرێ سەیدا بە بلندگۆ بانگیداو دەنگیشی زۆر بەزر كردبۆوە. ساحێب پەزەكان هاتنە مزگەفتێ و لەجیاتی دەستخۆشی تۆبزیان لەسەیدا كرد كە نابێ چیتر بەبلندگۆ بانگ بدا.

سەیدا گۆتی: لەبەرچی..!؟

گوتیان: ئاخر لۆ پەزی خراپە..!!

بیست و حەفت مێردمان کردیە

دوو خوشك یەکێکیان بیست و شەش مێردی کردبوو ئەوی دیکەش بەس یەك مێردی کردبوو. ئەوجا لۆ ئەوەی عەیبەکەی خۆی داپۆشی.. لەناو خەرکی دەیگۆت: ئەمن و خوشکم بیست و حەفت مێردمان کردیە..!!

خوشکی لێی وەجواب هات و گۆتی: ئاخرخوشکم ..ئەمن یەك جار مێردم کردیە..ئەتوو کو وەکی خۆتم حیساب دەکەی.!!؟

مەزارا شێخی پەدرۆ ناخۆم

مرۆیەك کەرەستەی جۆتی دزی بوو. ساحێب کەرەستەکەش بەشون هەڵگرتن و پرسیاران دزەکەی دیتەوە و پێی گۆت: ئەگەر بەدزی یان بەتێرا دیتی ئەو شتانەت بردیە بەخۆشی بمدەوە..!!

ئەویش هەر ئینکاری دەکرد. بەناچاری بردیە مزگەفتێ و لەبەر چاوی خەرکی سوێندی خوارد. کوڕێ شێخی زۆری پێ ناخۆش بوو.گوتی ئەگەر دزی کردبێ ئێستا پێی ئاشکرا دەکەم..!!

کوڕێ شێخی گاز کرە وی و گۆت : کوڕۆ بێژە.. پەمەزارا شێخی نە ئەزم..!؟

ئەو ژی گوت : خودێ.. نەشێم بێژم پەمەزارا شێخی..!!

نانەك نەبوو لەمەعەسکەری بخۆی

لەچل و پەنجاکانی سەتەی بیستەم حوکمەت لەهەژدە ساری بەئیجباری خەرکی دەکردە عەسکەر لۆ ماوەی دوو سار. ئەویش سێ نەوع بوو.

1. موکەلف بەبێ معاش.
2. موعین معاشیان دەدایێ لۆ بەخێوکردنی مارو منداری.
3. موتەوەع معاشـــەکی باشـــی وەردەگرت وەك وەزیفە.

دەبوایە لەحەقدە ساری جلکی عەسکەری لەبەر بکا.

ئەوەی معاشـــی هەبوو بەدەســـت پڕی و دیاری بەئیجازە دەهاتەوە. کەســـووکاری . هەتا ئاقاری دوو گوند ئەولاتریش بەرەو پیلی دەچوون و خۆیان بەقوربانی دەکرد و پێیان دەگۆت: لۆ تاخیر بووی..!؟

ئەوەش کە معاشـــی نەبایە شـــەش حەفت مانگ یەك جار دەهاتەوە و دەست بەتارو بێ دیاری. نەکەس پێشوازی لێ دەکرد و نە کەســـیش بەخێرهاتن لێدەکردو پێیان دەگۆت: ئەوە پاروە نانەك نەبوو لەمەعەســـکەری بیخۆی.. لۆ ئەوەندە زوو زوو ئیجازەی وەردەگری..!؟

لەکەرێ کەرتر بخوا.. لۆ کەریش نەخوا

لەشـــەســـتەکانی ســـەتەی بیســـتەم مەلا محەمەد حوســـێن مودەڕیسی عارەبی بوو لەبەر کوردایەتی لۆ ناحیەکی باشووری عێراق دوورخرابۆوە. بـــەڕێوبـــەری نـــاحیـــەکـــەش زۆر گێـــل و گەمژەبوو . مەلا محەمەد زیافەتەکی کرد لۆ بەڕێوبەری ناحیەو معاونی پۆلیس و چەند پیاو ماقوڵێك. چەند شـــاقاوەکیش لەولاتر کەرەکی بەستا بۆوە.

سفرەیان راخست و مەلا محەمەد لەناو مەجریسێ گاسی مـــەلاژنی کردو گۆتی: دەبڕۆ جێ شـــیوەکێ باش لۆ کـــەرەکـــەی بەرامبەرمان ببە..!!

مێوانەکان تەمەشای یەکتریان دەکردو بوە پستە پست. ئەوجا یەك لەمێوانەکان گۆتی: مەلا محەمەد.. ئاخر کو کەر گۆشت و پراو برنجی دەخوا.!؟

مەلا محەمەدیش بەدەستی ئیشارەتی لۆ مدیرە فەندی کردو گۆتی: ئاخر لەکەرێ کەرت بخوا.. لۆ کەریش نەیخوات..!؟

ئەز مسەقەف بوومە

مامۆستا تەها لەگوندەکی دووره دەست تەعین بوو. قوتابیەکی تەمبەر و منجڕی هەبوو. خوێندنی پێ تەواو نەکراو مەکتەبی تەرك کرد.

پاش دەیان ساڵ قوتابیەکە چاوی بە تەها فەندی کەوتەوە و پاش چاك و چۆنی گۆتی مامۆستا.. نوکە ئەز مسەقەف بوومە..!!

مامۆستا گۆتی: یەعنی .. کو مسەقەف بووی !؟

گوتی: بەدی.. نوکە ئەز قەمار دکەم عارەق دەخۆم..

مامۆستاش بەپێکەنینەوە گۆتی: هەی عەمرت نەمینێ لۆ خۆت و مسەقەف بوونت..!!

ئەگەر بڵێی وەك ئەوم..ئازادی دەکەم

لەساڵی ١٩٧٣ی زایینی لەشاری هەولێرێ عەقید شێخ رەزا مودیر شورتەی هەولێری بوو. بەتۆمەتی دزی و کاری نابەجێ کەسێکی دەستگیرکرد. ئەو کەسەش لەسەرەتای پەنجاکانەوە تاوانی ئەنجام دەداو وەزیر و کاربەدەستانی عێراق پشتگیریان لێدەکرد. پاش ئەوەی دەستگیرکرا . چەندین وەزیرو کاربەدەستی باڵای حوکمەت لەبەغدا وەك(حەماد شەهاب ، ساڵح

مەهدی عەماش، حەردان تکریتی ، سالح مەهدی عەمماش...هتد) پاکانەیان لۆ دەکرد و داوای ئازادکردنیان دەکرد. شێخ رەزا بەڕاشکاوی و بەجورئەتەوە پێی دەگوتن: بەبەڵگەوە لەسەر دزی و کاری نابەجی گێراوە. جا ئەگەر بڵێی وەك ئەوم.. ئازادی دەکەم..!!

ئەوانیش قوربانیان بەسومعەی خۆیان نەدەدا..

کابرا پاش ئەوەی بێ هیوا بو بەشێخ رەزای گۆت: زیاتر لە(٣٠) ساڵە لەو عێراقە کەس خۆی لەقەرە نەدایمە. ئێستاش بەسزای خۆم رازێم و شەرتە هەتا مردن تۆبە..!!

ئەرێ چ ئیشتان بەمن نیە

دەرویشەك. گوند بە گوند دەگەڕاو دەفی لێدەدا. خەرك خێریان پێ دەکرد. کابرایەك بەنەکاوی تەراقی خواردبوو. بەمارەبەجاش ژنەکیان لەدەرویش مارەکرد. لۆ بەیانیەکەی دەرویش سوندی خوارد کەوا ژنەکە خۆی تەسلیم نەکردیە...!!

بەفتوای شەرعیش دەبوایە ژنە خۆی تەسلیم بکا. بەو فرتو وفێرە پاش دە دوازدە رۆژان ئەوجا تەراقی دا.

پاش هەفتەکی دی دەرویش هاتەوە گوندی و بەدەف لێدان چوە بەر دەرگەی مارێ کوێخا و دەیگۆت: هۆۆۆ خەرکینە.. چ ئیشتان بەمن نیە..!؟

کابرایەک لێی وەجواب هات و گۆتی : هەی سەگی سەگباب.. چیدیکە روو لەو مەملەکەتەی نەکەیەوە. جارەکی دیکەش کەس ئەو گوەی ناخوا..

گلەیی لەو کەسە بکە.. کۆبوونەوەی لەگەڵ کردون

لە ساڵی ١٩٨٧ی زایینی تاریك و رووتی بەیانی بووعەسکەر و جاش بەقیادەی عەمید(تەمر) ئامیر مەوقیعی هەولێرێ گەمارۆی کۆمەڵگەی دارەتویاندا لەنزیك شاری هەولێرێ. ماڵ بەماڵ تەحەڕی دەکرا. لەئەنجامدا دوو هەرزەکاری تەمەن حەفدە ساڵیان دەسگیرکرد کەوا هەردووکیان موالید 1970 بوون. داکی یەك لەگیراوەکان بەگریان و پاڕانەوە بەعەمید تەمری گۆت : لەۆ لەو هەموو خەرکە بەس ئەو دوو هەرزەکارە بێگوناهە دەگرن ..؟

عەمید تەمرێش گۆتی: خۆ من ئەو دوو کوڕە ناناسم.. گلەیی لەمن مەکەو بڕۆ گلەیی لەو کەس بکە کە دوێنێ شەو لەماڵی ئێوە کۆبوونەوەی لەگەڵ کردون..!!

دەمانچەیە.. یان پێچکە بزنە

لەزەمانی مەلەکی لەچلەکانی سەتەی بیستەم ئاغاو بەگ دەکرانە مودیر ناحیە. بەدیاری هەر یەکەو دەمانچەیەکی (سمیس)یان پێدەدان. دەمانچەکانیش ناشرین بوون و پێیان دەگۆت: پێچکە بزن. ئاغایەکی مودیر لەپشدەرێ غولامەکی زۆرزانی هەبوو. جا بۆ ئەوەی دەمانچەکەی لەبەر دڵی ئاغا بخات گوتی: ئاغا.. ئەوێ رۆژێ دووکەس دەمەقاڵیان بوو یەکێك دەمانچەیەکی وەك وانێکەکەی تۆی بەدەستەوە بوو. سێ چار فیشەکی دە دەموددان سڕەواند. ئەویش هەر خۆشی لەگورە نەبردو دوو تفی رووکردە عەرزی و گوللەکانی تفاندەوە. گوتی: هەتیو.. لەبۆ سوبعەتان دەکەی خۆ هێندەی نەمابوو دەمو ددانم بشکێ. ئاغاش دەمانچەکەی لەبەر پشتێنی دەرهێناو فڕێیدایە بەردەمی و گۆتی: جا کەوایە من ئەم پێچکە بزنەم بۆ چیە..!!

ماکو غێر تەبیب مال موتایە..یجی یتوەسەت

ساری ١٩٦٥ی زاینی دکتۆر عەزەدین نیعمەتوڵڵا لەهەولێرێ لۆ بووك گواستنەوە دەوعەتکرابوو. چەند ترومبێلەك لەهەولێرێ بەرێکەتن لۆ گوندەکی نێزیك قوشتەپە. لەکن گوندی قەرەچناغە مەفرەزەکی عەسکەری سەیتەرەیان دانابوو. زابتەکی عارابی چارشانەی ناشرین لەناوەندی جادەی راوەستابووئاگری لەناو چاوی دەباری. دکتۆریش لەدری خۆیدا گۆتی: واچاکە بچم رجای لێبکەم بەشکەم ئیزنمان بدا. چوە لای زابتەکە و گۆتی: سەیدی.. مەمنوون دەبم ئەگەر ئیزنمان بدەی و بووك گواستنەوەیە.

زابتەکە گۆتی: جەنابەك شیشتوغول؟ واتە چ کارەی؟

گۆتی: تەبیب بەیتەریم.

دکتۆر گۆتی: کورە.. هەر ئەوندەم زانی زابت لێم هاتە پێش و بەهەموو قوەتی خۆی راژدیەکی لەبناگوێ دام و گێژو وێژ بووم. پاشان دارەکیشی لەزگی راکردم و گۆتی: ئیمشی.. ماکو غێر تەبیب مال موتایە یجی یتوەسەت..!! واتە کەس نەمابوو.. بەس دکتۆری کەران نەبێ..!!

چیە.. نامناسیەوە

ساری 1972 زاینی بەرێوبەری پۆلیسی قەزای هەولێرێ لەنیشت نەقلیاتی تەیراوە بەناحەق شەقازلەیەکی لەبنا گوێی پۆلیسێك دا ناوی عەبدوڵا ئیسماعیل بوو. ئەویش لەلای عەقید شێخ رەزای بەرێوبەری پۆلیس شکایەتی لێکرد. شێخ رەزاش نەقلی کردە لای خۆی و کردیە ئامر حەرەسی دەرگای سەرەکی.

پاش چەند مانگەك بەرێوبەری قەزا تەقاویتکرا. چەند رۆژەك پاش تەقاویت بوونی بەجلکی مەدەنی ویستی هەروەکی

جاران بەدەرکەی سەرەکیدا بچێتە ژوورێ. عەبدوڵا پێی گۆت: مەمنوعە..!!

کۆنە مدیر بە تۆرەییەوە گۆتی: چیە.. نامناسی!؟

عەبدوڵاش لێی چوە پێش و دوو راژدی لەبن گوێی داو گۆتی: چاکت دەناسمەوە.. بڕۆ لەدەرگەی پشتەوە موراجەعەت بکە.

لەوێندەریش پاسەوانەکان تۆڵەی خۆیان لێکردەوە. شێخ رەزا بەوەزعەکەی زانی و گۆتی: خۆ ناکرێ هەموو پۆلیسی هەوڵێری لەسەر تۆ سزا بدەم وئەوە ش ئەنجامی خراپەکانی خۆتە..!!

کۆنە بەڕێوبەر پاش مانگێك هەولێر و عێراقیشی بەجێ هێشت و ئاوو ئاو چوو..!!

هەتا ئەوهابی.. سەرت نەدەشکێ و نەدەقنجێ

کابرایەك بە گیزانی سەری خۆی لووس و پووس تاشیبوو. لەبن ساباتێ پاری دابۆوە و دەستی بەسەری خۆیدا دەیناو دەیگۆت: سەرە.. هەتا مابم لێناگەڕێم نە بشکێی ونەبقنجێی..!!

رێبوارێك بەوێندەرێدا تێپەڕی و گوێی لەو قسانە بوو. ئۆقرەی نەگرت و پەلاماری داو بەتوڕەییەوە گۆتی: زەلام هەستەوە کابرا یەك پێ هەستاوە و گۆتی: فەرمو..

رێبواریش گۆتی: لەحاسڵاتی ئەو سارەت شەریکم.

گۆتی: کو دەرێێ با وابێ..!!

ئەوجارە گۆتی: هەر ئەو سار نا هەموو سارێك شەریکم.

گۆتی: لەمابەینی برایەتێ ماری دونیایێ چ قیمەتەکی هەیە..!!

رێبوار هەرچەندی هەڕوگێفی دەکردو هەنجەتی پێ دەگرت، سەرلووس هەر نەرمی دەنواند.

رێبوارەکە بەپێکەنینەوە گۆتی: هەی زۆرزان.. هەتا ساعێبی ئەو تەبیعاتەی بی. سەرت نەدەشکێ و نەدەقنجێ..!!

لێرە خۆیان حەشاردایە

لەزەمانی شۆڕشی ئەیلول لەترسی تەیارە خەرك خۆیان حەشاردەداو بەرۆژ نەدەوێران خۆیان ئاشکرا وەدەرخەن. رۆژێك دوو تەیارەی جۆرێ(هۆکەرهنتەر) جەولەیان دەکرد و شتەکیان دیتبایە چ ئاژەڵ چ مرۆڤ بۆردمانیان دەکرد.

لەو عانو ساتەدا پیرەمێردێکی منجڕ دەیویست ئاگر بکاتەوە. لەترسی چڕەدوکەڵ لێنەدەگەڕان ئاگر بکاتەوە. لەڕقی خەرکەکە راپەڕی و چوە سەرگردی پشت ماڵان و بە جەمەدانی ڕاوەشاندن ئیشارەتی لۆ تەیارەکان دەکردو دەیگۆت: ئەوەتا..!! لێرە خۆیان شاردیتەوە..!!

یەك لەتەیارەکانیش سێرەی لێگرت و یەك سەلیە شەستیری لەتەختەی سینگی داو کوشتی..!!

مەگەر خەیار بێ

کابرایەك قەیرە کچەکی خۆش دەویست و خەرکی عەوانیش مەسەلەکەیان بەژنەکەی دەگۆت: هەرجارەی ژنە خۆی مشەوەش دەکرد.

کابرا خۆی قورتار دەکرد و دەیگۆت: بەخەرکی باوەڕ مەکە. مەگەر خەیار بێ..!!

پاش عەیامەکی زۆر کابرا داخوازی کردو گواستیەوە.

ژنەکە بەمێردەکەی گۆت: پیاوەکە .. لۆ درۆت لەگەر کردم؟

گۆتی: درۆم نەکردیە چونکە ژنەکە ناوی خەیارە.

تێبینی:- عەوان: فتنەچی.

نیسکی بە زڕە پونگێ

ژنەك مێردەکی گێلۆکە و گەمژەی هەبوو. چەندەی نەسیحەتی دەکرد بێ فایدە بوو. ژنە لەبێزاریان ویستی تەجروبەی بکا و پێی گۆت پیاوەکە ئەوە چیە : سەر لەبن بەڕێ قون لەدەرێ دەلەوڕێ ..!؟

گۆتی: کو نازانم.. یەعنی نیسکی بەزڕە پونگێ ئەوەی دونێ خواردمان..!!

بڕی سوپاس

لەدوای بەیاننامەی ۱۹۷۰/۳/۱۱ هەندەك کەس بەناوی پێشمەرگە لەکڕینی کەلوپەل و کرێی تڕومبێل و چایخانە و چێشتخانەکان..هتد پارەیان نەدەداو دەیانگۆت: سوپاس..!!

شـــوفێرەکی تەکســـی خەتی هەولێر و چۆمان لەنەقلیاتی هـەولێری پێنج نـەفـەری بـارکردو بـەرەو چۆمـان بـەرێکـەوتن. لەگەڵڵە دوو نەفەر دابەزین و پارەیان نەداو گۆتیان سوپاس..

لـەنـاوپردانیش دوو نـەفـەری دیکـەش دابـەزین و گۆتیـان: ســـوپاس. نـەفـەرەکـەی دیکـەش لـەچۆمـان دابـەزی و هـەر گۆتی سوپاس.

شـــوفێرەکـەش چوو نـانی خوارد و پـارەی نـەداو گۆتی سـوپاس. چوە بـەنزینخانـەوەهـەر گۆتی: سـوپاس و هـەر دەیگۆت بژی سوپاس..!!

شـــکایـەتیان لێ کردو بردیـانـە لای فـەرەنســـۆ هـەرێری قایمقام.

پێی گۆت: کاکە .. لۆ پارەی خەرکی نادەی؟

گوتی: بـەقوربـان.. نـەفـەرەکـان پـارەیـان نـەدامێ و هـەر گۆتیان سوپاس..

ئـەمنیش نـاچـارم حـاجـەتی خۆم بـەســـوپاس بکـرم.. بژی سوپاس..!!

فەرەنســـۆ بڕیاریدا هەر کەس بەناوی پێشـــمەرگە بڕێ سوپاس لۆ کرین و فرۆشتن سزای توندی بدرێت..!!

یان شوان.. یان نەمام

ساڵی ١٩٧٠ی زایینی مامۆستا عەلی سولەیمان بەهاری بووە قایمقامی کۆیە. لەو ســـێ چار ســـاڵەی وەزیفەکەیدا کارو چالاکی بەرچاوی هەبوو. یەکێك لەکارە باشـــەکانی نەمام چاندن بوو لەدەروازەی کۆیە و ئێستاکەش هەرماوە.

عەلی بەهاری زۆر بایەخی بەنـەمـامـەکان دەداو بڕیاریدا هەر کەســـێك دەســـتکاریان بکا ســـزا بدرێت . شـــوانێکی منجڕ

نەمامەکی شکاندەوە بەڵام نەپچڕابوو. شوانە دەستگیرکرا و قایمقام گۆتی: ئەگەر نەمامەکە وشک بێ شوانەش وشک دەکەم. کەسووکاری شوانەکەش لەترسان نەمامەکەیان راستکردەوە و بەقوڕو پەڕۆ و تەختەدار هەڵیان بەستاوە. لەبەختی شوانەکەش شکستەکە یەکتری گرتەوە و نەمامە وشک نەبوو..

جا لۆ ئەوەی خەرک عیبرەت وەرگرێ شوانەکەی بە (١٠٠) دینار سزادا. ئەوان سەردەم بەو پارەیە خانوەکی پێ دەکردرا..!!

ئەجەلت لەکێندەرێ هاتبێ.. لەوێ دەمری

لەسەرەتای سەتەی بیستەم جوتیارێکی گوندی قەشقە، لەقەراغی زێی گچکە جووتی دەکرد. شتێکی ڕەش بەئاوێدا دەهات. ئەویش مەزندەی ڕەشکەکای لێکردو بەمەلەوانی چوە ناو رووبار. دیتی لاشەی کەسێکە لەئاوەکە و دەریهێنا. دیاربوو نەمردبوو، هەندەك هەرگێرو وەڕگێڕی پێکرد و سەرەو ژێری کرد، کەسەکە بەئاگا هاتەوو لەجوتیارەکەی پرسی: ئێرە کوێیە..؟

گۆتی: قەشقەیە.. ئەی تۆ خەرکی کوێی..؟

گۆتی: بەخوای، خەرکی سەردەشتێم و هەر ئەوەندەم ئاگا لێبوو قاچم خلیسکا و ئیتر نازانم چۆن گەیشتومەتە ئێرە.!؟

جوتیارەکە گۆتی: دەبچۆ لەبن سێبەری ئەو کەندەڵانە ئیستراحەتێك بکە. منیش دوو خەتە جوتم ماون بیکێڵم پاشان دەگەڵ خۆم دەتبەمەوە ماڵێ. کابرا لەسەر تێرکەو شمەکی جوتیار خەوی لێ کەوت و لەناکاو کەندەڵانەکە بەسەریدا ڕما و دەسبەجێ گیانی لەدەستدا..!!

شەرت بی ..هەندەی هەردووکیان لەتو دەدەم

بیستانەوانەك هەرجارەی دەچوە ناو بیستان دەیدیت گندۆرەو تەرۆزیەکان کەلوکۆم کراینە . ئێشگەی لێ گرت و دیتی سێ کەس چوونە ناو بیستانەکە. ئەوانیش(مەلا، شێخ، سەید) بوون. وەکی تێفکری بەتەنێ دەرەقەتیان نایێ و لەدرێ خۆیدا گۆتی: وا چاکە فێرەکیان لێ بکەم.

بەرەو پیلیان چوو.. دەستی مەلا و شێخی ماچ کرد.

مەلا گۆتی: ئەدی لۆ دەستی مام سەیدیشت ماچ نەکرد.؟

گۆتی: مامۆستا .. ئەتو ژن مارە دەکەیی و شەرع و مەرعمان فێردەکەی. مام شێخێش دوعامان لۆ دەکا باشە سەید ئیستفادەی چیە..؟

با بیستان لۆ تو لۆمام شێخی بی بەس لێگەڕێن سەیدتان لەیەخە بکەمەوە. کابرا سەیدی دارکاری کردو راوی نا. پاش چەند رۆژەك کابرا دیتی شێخ و مەلا بەکەیفی خۆیان تێبەر بووینە ئەو جارە بەتەنێ دەستی مەلای ماچ کرد..

مەلا گۆتی: لۆ دەستی مام شێخیش ماچ ناکەی ؟

گۆتی: ئەدی مامۆستا .. ئەتو نەتگۆت لەخوا بپارێوە و واستەی پێ ناوێ ؟

گۆتی: بەرێ وایە..

کابرا گۆتی : دە لێگەڕێ مامۆستا .. با حەقی خۆم لە شێخیش وەرگرمەوە.

کابرا مامە شێخیشی بەدەردی سەید برد.

مەلاش بەمەزەندەی خۆی وایزانی بەتەنێ بیستانی لۆ مایتەوەو دەستیگەیاندە گندۆرەکی و ویستی بێخوا.

کابرا گۆتی: نەکەی دەستی لێ بدەی..

مەلا گۆتی: باشە ..ئەتو نەتگۆت بەس لۆ تو عەرارە..!؟

کابرا گۆتی: شـــەرت بی .. مەلا دەبی هەنکی هەردووکیان لەتو بدەم ئەگەر ئەتو عەرامت لۆ عەرار نەکردبانە بیســـتانیش ئەوها کاول نەدەبوو..!!

لەبەهارێوە ئاگام لێیە

کابرایەك لەئاقاری دەڕۆیشـــت و زۆریش برســـی بوو. لەڕۆخ جادەی فەریکە نۆکی لێبوو. ئەویش ئامێزەکی لێ ڕنی و هێدی هێدی دەیخوارد. هەندۆکەك ڕۆیشـــت و زگی پڕ لەباوبژ بوو. لەدەســـتی دەرچوو ڕمبەی لێوە هیناو ئاوڕی داوە گۆتی: دەی دەی چ نیە، نرکەی تەگەی بەهارێیە. ئەوجارەش ویزەی لێ هەســـتاو گۆتی: گێ مەدێ کەس دیار نیەو هوڕەبا بوو..! ســـێیەم جار زرمەی لێوە هەســـتاو گۆتی: هیچ نیە، گەردەلوولی پایزە..

جاری چارەم زرمەی لێ هەستاو گۆتی:

سەرماو سۆرەی زستانە هەر دەرێی رێبەندانە

دەوجا ئیسراعەت بکە وەختی باوبژ بەردانە..

جاری پێنجەم بایەکی دوورو درێژی بەردا. کەئاوڕی داوە، دیتی کابرایەك لەپشـــتی دەڕواو هەر پێدەکەنی. پێی گۆت: ئەرێ لەمێژە ئاگات لەو بەزمەیە!؟

کابرا گۆتی: ئەرێوەڵڵا.. لەبەهارێوە ئاگام لێیە..!!

پەککووو.. چ زوو کوزەکتان لێکردەوە

لەشـەستەکانی سـەتەی بیستەم لەهەولێری پیاوەکی کۆرە لۆ ســەرشــووشــتنێ دەچوە عەمامی عەلیاغا بەرامبەر قەراتێ.

گندۆرە فرۆشێك گندۆرەکی زەردی گەورەی دایێ. ئەویش لەگەر خۆی بردیە عەمامێ. لەترسی ئەوەی نەوەك لێی بدزن بردیە جێی خۆشتنێ و لەتەنیشت خۆی داینا. کابرایەك گندۆرەکەی هەندۆك لەولاتر داناو لەجێی گندۆرەکە دانیشت. کۆرەکە لۆ ئەوەی بزانی گندۆرەکەی مایە یان.. دەستی لۆ جێی گندۆرەکە بردو دەستی بە پاشەری کابرا کەت و گۆتی: پەکووو.. چ زوو کوزەکتان لێکردەوە..!!

ئەگەر ئازای.. دەرێی داکی من نیە

پیرەژنە دەرۆزەکەرەك دەستی لەبەر گەنجەك پانکردەوەو یەخەی بەرنەدا. گەنجەکەش لەخۆی بێزار بووبو پارەکی پێوەناو بەربۆوە و دەستی بەهاوار هاوار کرد. دوو جەندرمەش لەنزیکەوان راوەستابوون. هاتن و بەپیرەژنەکەیان گۆت: مەسەلە چیە، لۆ هاوار دەکەی..!؟

گۆتی: ئەوە کوڕی منە.. لەمارێ وەدەری ناوم و لێرەش وازم لێ ناهینی..!!

پۆلیسەکان کوڕەکەیان دا بەر شەق و پێلەقە و لەگەر پیرەژنەکە راپێچی جەندرمەخانەیانکردن. کوڕە هەرچەندی دەیگۆت داکی من نیەو ناناسم و باوەڕیان پێ نەدەکرد. ئینجا ناچاریانکرد لەپشتێی بکاو بیباتەوە مارێ. برایەکی خۆی لێ پەیدابوو بەو وەزعە دیتی و گۆتی: ئەوە ئەو پیرەژنەت لۆ لەپشتێ کردیە..؟

گۆتی: ئاخر ..ئەوە داکمە..!!

برایەکەی گۆتی: کوڕە ئەوە کەنگینێ داکی مەیە..!؟

کوڕەی بەستەزمان گۆتی: ئەگەر ئازای بڕۆ لەجەندرمەخانەی برێ داکم نیە..!!

ئەو سەگبابەش.. ناچتە بەهەشتێ

مەلا وتاری نوێژی جومعەی دەخیندەوەو گۆتی: سێ نەوعە کەس ناچنە بەهەشتێ. یەکەم ئەوانەی شەریك لۆ خوای پەیدا دەکەن و باوەڕیان پێی نیە.. کابرایەك لەبەردەمی مامۆستا دانیشتبوو. برمە برمەکی لێوەهات و قسەی بە مامۆستا بڕی.

مامۆستا دیسان گۆتی: نەوعی دووەم ئەو کەسانەن کە نوێژ و تاعەت ناکەن و رۆژی ناگرن. دیسان کابرا منجە منجەکی لێوەهات و قسەی بە مەلا بڕی . ئەویش زۆر تووڕە بوو بەهەموو تاقەتی خۆی پێلەقەکی لەدەفەی سینگی کابرا داو گۆتی: سێیەمیش ئەو سەگبابەیە ناچێتە بەهەشتێ..!!

سەیدی.. ماکو فەرق

سەریەی ئینشائات تایبەت بوو بەکەسانی سیلاح سز (غیر مسلح). لەدوای ساڵی ١٩٧٥ی زاینیش زۆر لەکوردەکان رەوانەی ئەو سەریانە دەکران چونکە گومانیان لەسەر بوو بەتایبەتی موالید ١٩٥٧ و خەریجە کوردەکانیش دەنێردرانە ئەوێ.

لەسەریەی ئینشائاتی یەك لەدیوانیە عەسکەرێکی کوردی لێبوو ناوی کەریم بوو. چارشانەو سمێڵ زل و گێلۆکە. زۆر کەم عارەبی فێر بووبوو بەس دەیزانی عومری(٢٣) ساڵەو خزمەتیشی(٣) ساڵە. زابتەکی پلە بەرز لەبەغدایێ هات و تعداد کراو چاوێکی گێرا. لەو هەموو حەشاماتەی دیقەتی لەکەریم داو بانگی کرد بەدەنگی بەرز گۆتی: ئیژگەت عومرەك..؟ عومرت چەندە..؟ کەریم مشەوەش بوو گوتی:

سـەیدی.. تلات سـەنەوات ..!! واتە سـێ سـاڵ زابتەکە واقی وڕماو گوتی: زێن.. ئیژگەد خدمتەك..؟ خزمەتت چەندە؟

گوتی: سـەیدی.. تلاتە و عشرین سـەنە..!! بیست و سـێ سـاڵ..!! زابتەکە زۆر تورە بوو. دارەکی لەزگی راکردو گۆتی: ئبنی.. لۆ ئانی موتی.. لۆ ئنتە موتی..!؟ واتە یان من کەرم.. یان ئەتو کەری..!!

کەریمیش هەر بەفشە گۆتی: سەیدی ماکو فەرق..!! واتە فەرقمان نیە..

لۆ خۆتان خۆڕی بن.. ناگیرێن

ئەو رۆژەی فەڕەنسـۆ هەریری تیرۆرکرا, ئاسـایش و پۆلیس بەدوای خەڵکی بەڕدێندا دەگەڕان. لەتەیراوە و تەنیشـت چایخانەی بن کەونە تەجنیدی .کابرایەك پرچ و ریدێنی تێکەڵ بووبوو. ئەوانیش گرتیان. لەبەر ئەوەی خۆی بەدەسـتەوە نەدەدا.. بەتۆبزی سواری ئۆمبێلیان کرد.

خەرکەکەش گۆتیان: کاکە.. لۆ لەو کابرایەی دەدەن..!؟

گۆتیان: چونکە تیرۆرستە..!!

کابرایەك گۆتی : کاکە .. تیرۆری چی و عاری چی.. ئەوە معەدەل سەرخۆشە و خۆڕییە و هەر ئاگای لەخۆی نیە..!!

کەبۆنیان کرد زانیان قسەی خەرکەکە راستە و گۆتیان: ما خۆڕی .. بڕۆ َلێرە ڕانەوەستی..

سـەرخۆشـەکەش لەجادەی(٣٠) مەتری پەڕیوە و چووە ساعەی تۆپانێ لەکن قەبرستانی تەیراوە و کۆمەرە گەنجە کیش تۆپانێیان دەکرد.

ئەویش دەیگۆت: کوڕە.. لۆخۆتان خۆڕی بن.. ناگیرێن..!!

مانم قارداشە ئۆلبتە

لەحەفتاکانی سەتەی بیستەم قادر مرور کۆیی خزمێکی عەمەلیات دەکرا لەخەستەخانەی کۆماری هەولێر. بەجلکی پۆلیسی لەبەردەم سالّەی عەمەلیات راوەستابوو . ژنەکی هەولێریش لەچاوەڕوانی برایەکەی بوو لەعەمەلیات بێتەدەرێ. بەتورکی بەقادری گۆت : مانم قارداشە ئۆلبتە..؟

قادریش گۆتی : ئەرێوەڵّلا..

ژنەکە قیژاندی و لەگەر چەند ژنەکی دیکە دەستیان بەگریان و لەخۆدان کرد.

قادر بەژنەکەی گۆت: چ بووە .. ئەو بەزمەتان لەچیە..؟

ژنەکە گۆتی : ئەدی کو نەگرییم .. ئەمن دلێم برام مردیە ئەتوش دەلێی ئەرێوەڵّلا..

قادریش گۆتی: کچێ.. کا گۆتم برات مردیە .. خۆ ئەمن تورکی چوزانم وامزانی دەرێی ئەنگۆش نەخۆشتان عەمەلیات دەکرێ ئەمنیش بەناخێری گیانم گۆتم ئەرێوەڵّلا..!!

تەشقەرەی شوفێران

لەساری ١٩٥٦ی زاینی چەند شوفێرەك دەمەو عەسران دەچوونە سەر کارێزی شێخە عەمد لەسەر رێی کاروانچیان دادەنیشتن و بەسەرخۆشی گێچەریان بەکاروانچیان دەکرد. شوفێری قەڵابەکیش ناوی معەمەد بوو بەناوی دەوعەتکردنێ شوفێرەکانی قایل کردو هەموویانی سواری بۆدی قەلابە کرد. کە گەیشتە لای کارێزی شێخە عەمدی لەسەر کەندەرانی کارێزەکە، هەموانی هەڵرشتە خوارێ لۆ ناو کارێزەکەو کەسیان بەسەلامەتی قورتار نەبوون.. دەست و لاق و سەرو گوێلاکیان

شـــکابوو. لەوە بەولاوە جارێکی دیکە شـــوفێرەکان جورئەتیان نەدەکرد لەترســـی معەمەدی روو لەو جێیەش بکەنەوە و لەکۆر خەرکی بوونەوە..!!

ئەوانە.. نە لەئیسلام.. نەشوعیەت تێنەگەیشتون

مامۆســـتا عەزیز محەمەدی ســـەرکردە لەحزبی شـــوعی، سەردانی مەقەرەکی حزبی کرد. دیتی چەند کەسێك نوێژ دەکەن، ئەویش گۆتی: ئەوانە لۆ لەمەقەرِی ئێمە نوێژ دەکەن..!؟

گۆتیان: هاوڕێ ئەوانە جەماعەتی خۆمانن..

هاوڕێ عەزیزیش بەپێکەنینەوە گۆتی: دیارە ئەوانە زۆر گێلن.. ئەگەر لەئیســـلام تێبگەن نابنە شـــوعی.. ئەگەر لەشوعیەتیش تێبگەشتبانە .. نوێژیان نەدەکرد..!!

بەسوێندی تو باوەڕکەم.. یان بەکلکی عەلەشیشێ

کابرایەك عەلەشـیشـەکی لێ دزرابوو .دەگەڕاو سـۆراغی دەکرد. کەسێکی دیت قەمسـەڵەکی لەبەرکردبووعەلەشیشی لەبن قەمســـەڵە شـــاردبۆوە. کە دیقەتی دایێ کلکی عەلەشـــیشـــەکە هاتبووە دەرێ.

بەدزەکەی گۆت : چ عەلەشیشت بەرچاوان نەکەتیە..!؟

گۆتی: بەقورئان نەم دیتیە..

ساحێب عەلەشیش گۆتی: وەڵڵاهی نازانم.. بەسوێندی تو باوەڕبکەم .. یان بەکلکی عەلەشیشێ..!!

نە تەتەی من.. نە کخەی توو

ژنەکی غوردی تەڕپیر نازوفیزی بەســـەر مێردیدا دەکرد. هـەر رۆژەی بـەزمـەکی پێدەکرد. کـابرا دەرەقـەتی نـەدەهـات و نەیدەزانی کو ئەو بەزمەی پێ تەرك بکا.

رۆژەك ژنـەکـە بـازنۆکـەکی نـایلۆنی کێژۆرانی لـەزەنـدەی باسکی کردبوو. قۆری خۆی برند و نەوی دەکردو پێشانی مێردی دەدا.

پیاوەکە گۆتی: کچێ ئەو بازنۆکانە چیە.. خۆ ئەتوو تازە بەتازە کێژۆرەنی..!؟

ژنەکە گۆتی: تەتە..!!

هەرچەندی کابرا دەیگۆت کچێ عەیبە .. تەتەو مەتەی چی . ژنەش هەر دەیگۆت : تەتە.. تەتە.. !!

پیاوەکە لەڕقان هەستاوەو شەڕواری هینا خوارێ و سەر رایەخی پر لەگوو کرد.

ژنەکە گۆتی : ئەیەڕۆ پیاوەکە..چما ئەتوو منداری..!؟

پیاوەکە گۆتی: کخە .. کخە..!!

ژنەکە زانی ئەو کخەیە لەتۆرەی تەتەیە و بەمەمنوونی گۆتی: پیاوەکە.. لێرە و پاش نە تەتەی من .. نە کخەی توو..!!

هەتا مەڕی خۆت بوو.. خێرت نەدەکرد

لەدەشـــتێ پیرەمێردەکی رەزیل و قڕچۆ ســـاعێبی مێگەلە مەڕو بزنێکی زۆر بوو. شـــوان و بەرخەوان و بێری هەموویان مارو منداری خۆی بوون.

وەختی ماست فرۆشتنێ مەنجەرە ماستەکانی بەپیکەمی دەبردە هەولێری و لەدوکانەکانی بەرامبەر کەونە بەنزینخانەی تەعجیلی دەیفرۆشت. هەر مەنجەرەکی بفرۆشتایە تلکەکی بەرۆخی مەنجەرێدا دەیناو لەجامەکی دیکە تلکە ماستەکەی دەستڕیەوە. نوردیە نانەکیشی لەمارێ دەیناو بەو ماستەی بەتلك خڕی دەکردەوە نانی پێ دەخوارد. بەعەیاتی خۆشی خێرەکی نەکردبوو، سار هات و سار چوو لەبەر نەخۆشی لەپەلوپۆ کەت، لەسەرەمەرگدا گاسی مارو منداری کردو گۆتی: هەتا نەمردیمە، دوو سێ عەیوانم لۆ بکەنە خێر..

کوڕە گەورەکەی بەجواب هات و گۆتی: وەڵڵاهی پوشکەکیشت لۆ ناکەینە خێر. هەتا ماری خۆت بوو خێرت نەکرد و هەنووکە دەتەوێ بەو سەروەتەی لۆمە بەجی دەمینێ خێرو سەدەقەی پێ بکەی..!؟

ئەوە بەتڕێ حوکمەتی پێدەکەنی

کوڕێکی شێتۆکە چوە تەجنیدی لۆ ئەوەی بە ئەسباب سەحی تەسریح بکرێ. ژوور بەژوور ئیشەکەی لۆ جێبەجێ دەکرا.

دەوروبەری نیوڕانێ نۆرەی تەوقیعی زابت تەجنیدبوو. کوڕە وەژوور کەوت و زابتەکەش تەنگاو بوو دەیویست بچیتە ئاودەستێ . گێلەکەش دەرگەی لێ گرتبوو یەخەی بەرنەدا. زابتەکە لەسەر کورسی دانیشتەوەو لاڕانەکی هەندۆکەك جوڵاند و بایەکی لێ بەربوو..!! شێتۆکەش کردیە هەراو هۆریاو پێکەنین.

زابتەکە ش لەمشەوەشیان بەسەر شێتەدا قیژاندی و گۆتی: هەتیمی سەیانی.. ئەوە بەتڕێ حوکمەتی پێدەکەنی!؟

خیانەتی توە وام بەسەر هات

لەپەنجاکانی ســـەتەی بیســـتەم زێرنگرەکی هەولێری سەرڕاست و لەخواترس هەبوو. ژنەکی جوان هاتە دوکانەکەی و نەفس زەفەری پێ بردو دەستی ژنەکەی گرت و ئەنگوستیلەی لەپەنجەی کرد. ئێوارێ کەهاتەوە مارێ دیتی ژنەکەی چاو بەفرمێسکە.

گۆتی: خێرە.. چ بووە ..؟

ژنەکە بەهەنســـکە گریانەوە گۆتی: ناوەڵڵا.. ئەمن لەتو دەپرسم بزانم ئەوڕۆ چی خراپت کردیە..؟

تومەز بەفیتی خۆی شـــك دەهات و لەدری خۆیدا گۆتی: هەبی و نەبی.. ژنە موشتەریەکە لۆی گێڕایتەوە . ئەوجا گۆتی: خوا شـــاهێدە .. ئەوە یەکەم جارە بەنیازی خراپ دەســـتی ژنە موشتەریەك بگرم..!!

ژنــەکــە گۆتی: دە وەڵڵاهی .. ئــەمنیش لــەعومری خۆم تووشـــی هیچ نەبوویمە.. بەس ئەوڕۆ لەناو قەیســـەری پیاوەك خۆی لێ خشاندم..!!

ئەگەر ئەتوو خیانەتت نەکردبا.. ئەمنیش ئەوهام بەســـەر نەدەهات..!!

کەس قاسیدی چاکە نیە

کابرایەك هەرچەندی چاکەو پیاوەتی دەکرد و نەکەس منەتی پێ بوو نەکەسیش باسی دەکرد. زۆری حەزدەکرد ئەگەر لۆ جارەکیش مەدحی بکەن. بەیانیەکی زوو ســـەروچاوەی کانی گوندی پڕ پیســـایی کرد. بووە هەراو چبو.. چبو..! هەر بابا بوو دەچووە لای کوێخای و ئەو مەســـەلەیان پێ گۆت. کابرای هەژاریان بەقۆڵ بەستراوی بردە لای کێخوا.

ئەویش بەتوڕییەوە گۆتی: هەی نەفام.. لۆ ئەو کەتنەت کردیە..!؟

گۆتی: مام کێخوا.. لەوەتەی هەمە چاکە و پیاوەتی دەکەم کەس نەبوە قاسید، لۆ یەك خراپەش هەموو خەرکی گوندی بوە قاسید..!!

دەوڵەمەند هێشتا ئاوس نەخواردیتەوە سەت کەس دەرێن عافێتە، ئەمنیش تەنەکە ئاوەکی دەخۆمەوە کەس نارێ بەقوزەلقورتت بی..!!

لۆ ئاوڕ لەگوی خۆتان دەدەنەوە

زەمانی کۆن کەچەر و کۆسە زۆرزان بوون. خەڵك نەدەوێرا خۆی لەقەرەیان بدا . بەتەگبیر کەچەرەکیان ناردە گەڕەکەکەی دیکە لۆ ئەوەی بڵێ : لۆ خەڵکی گەڕەکەکەتان ئاوڕ لەگوی خۆیان دەدەنەوە ؟ بەس ئەگەر کۆسەی لێ بوو هیچ مەڵێ .

کابرای کەچەر چاوی گێڕاو کۆسەی نەدیت و پرسیاری لێکردن : باشە خەڵکی گەڕەکتان لۆ ئاوڕ لەگوی خۆی دەداتەوە..؟

کابرایەکی کۆسە لەپشت دەرگا دانیشتبوو هەستاوە و پێی گۆتی : بۆیە ئاوڕ دەدەینەوە هەتا بزانین گوەکە هەندە هەیە ئێوەی پێ تێر بێ..!؟

هەتا دێرە بەباتان هەبی.. سەگڕوی مە نایەتەوە

کاك نوری برای سافی هیرانێ لەقسەو مەجریسان کەس دەرەقەتی نەدەهات. پایزان ئاغای دزەییان بەنۆرە دەوعەتیان

دەکرد. لەقوشتەپەی گەورە مێوانی سرێماناغای خوارزای بوو. خدری پاشاو چەند ئاغایەکی دیکەش هاتبوون . لەبن سێبەری رێزە داربیان لەسەر جۆگەی خوار گوندی دانیشتبوون. لەئاقاری کاروانچیەك بەرەو گوندی دەهات. سرێماناغاش لۆ ئەوەی لەمەجریسێ قسەی وەسەر قسەی خاری کەوی گۆتی : دەچم تەشقەرەی بەو خۆشناوەی دەکەم و تۆرەی خارمی لێ دەکەمەوە. کاك نوری کە دیتی کاروانچیەکە مام بەکری دێوانەیەو زۆرزانە .. ئەوجا لۆ ئەوەی سرێمان رژتر بکا لێی پاڕاوە کە تەشقەرەی پێ نەکا. کنیزك بۆوە سرێماناغا گۆتی : مام خۆژناو .. .. کەرەکەت ماکەرە یان نێرەکەرە..؟

گۆتی: بەسەری تو.. ئاغا ماکەرە ..! سێ جاران پێی دەگۆت ئەویش هەر ئەو جوابەی دەداوە . ئاغا زانی دەرەقەتی نایێ گۆتی : مادام قسەت ئەوها قەرەوە لۆ نایەن سەگڕوی خۆتان ببەنەوە؟

جوابی داوە و گۆتی: ئاخر هەتا ئەنگۆ دێرەبەباتان هەبی.. سەگڕوی مەش نایەتەوە..!!

عەلی حەشاشە و عەلی حەرامی نیە

ساری ١٩٨٧ی زاینی مەفرەزەکی ئەمنی خاسەی کەرکوکێ هاتە هەولێرێ لۆ سۆراغی کابرایەکی عارەب بەناوی (عەلی حەڕامی). لەگەراجی سیکرابی وەستا مەولودی تەنیشت عەمامی عەلیاغە، عەلی حەشاش شەوڕۆژ لەوێ بوو.

ئەمنەکان لەکابرایەکیان پرسی: عەلی حەڕامی ناناسی ؟

ئەویش واتێدەگا مەبەستیان عەلی حەشاشە و نیشانیان دەدا. عەلی حەشاش خەرکی هەولێرە و هەر لەمندارییەوە لەگەر لۆری و سەکنی و سیکراچیاتی بوو. ئەوانیش راپێچیان کردو

بردیانە کەرکوکێ . برایەکی عەلی حەشـــاش هانای بردە بەر مارێ شـــێخ بەهرامی مەلا ئۆمەری ئەویش لۆ ســـۆراغی عەلی بەســـتەزمان چوە کەرکوکێ و راســـتی مەســـەلەکەی تێگەیاندن کەوا ئەو کەســـەی گیرایە عەلی حەشـــاشـــە و عەلی حەرامی نیە..!!

بەسە.. تەقەی مەکە

لەهەشتاکانی سەدەی بیستەم لەدەوروبەری گوندێك چەند رەبایەکی عەســـکەری لێبوو. خەڵکی گوندەکەش زۆربەیان مەڕومااڵتیان هەبوو . دەفعول بەلا ناوە ناوە کاوڕ و گیسکیان لۆ عەسکەرەکان دەبرد. شـەوێك مەفرەزەیەکی پێشـمەرگە دێنە ناو گوندی. خەڵك لێیان پاڕانەوە کەخۆیان ئاشـــکرا نەکەن. پێشمەرگەیەك سەلیە فیشەکەکی کالنشیکۆفی لەدەست دەردەچێ و بەگورجی گوندەکەیان بەجێ هێشـــت. عەســـکەرەکان بۆ ســـۆراغی تەقەکردنەکە هاتنە ناو گوندی و پیرەمێردەکیش لۆ ئەوەی تەقەکردنەکە تێدا بزر بکا بەچکوچ لەبەرمیلەکی قۆپاوی دەدا.

عەسکەرێك دەڵێ مامە حاجی ئەو تەقەکردنە چ بوو..!؟

گوتی: تەقە نەبوو .. ئەوە منم ئەو بەرمیلە قۆپایە راست دەکەمەوە.

عەســـکەرەکانیش بەپێکەنینەوە گۆتیان : عەمۆ حەجی.. بەسە ئیتر تەقە مەکە..!!

تەقەی خۆ بکە.. تە ل من دین تری

ئێوارەی رۆژی یازدەی ئازاری ١٩٧٠ی زایینی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردســـتان راگەیەندرا. لەپێناو ســـەلامەتی خەڵك موقەدەم عەزیز ئاکرەیی ئامر هێزی ســـەفین تەقەی خۆشـــی قەدەغەکرد.

خدرە کەڕ پێشـــەرگەیەکی هێزی دەشـــتی هەولێر بوو. بڕنۆی لەشـــانی هینا خوارێ و دەســـتی بەتەقەکردن کرد. لەتەنیشـــت خارعەزیزیش ڕاوەســـتابوو. خارعەزیز بەهەموو تاقەتی خۆی زلڵەکی لەبن گێی دا. خدریش رووی خۆی وەڕســـوڕاند و زلڵەکی لەبن گوێی خارعەزیز داوە و بەچەند کەســـان گرتبوویان هێشـــتا رانەدەوەستا. خار عەزیز کە زانی خدر کەڕوولالە و زۆر عیناده.. بەپێکەنینەوە دەســـتی لەملی کردو پێی گۆت: برا تەقەی خۆ بکە، خودێ تە ل من دین تری..!!

دەست لەکاری خودا مەدە

مامۆستایەك لەقوتابخانەی گوندێك دامەزرا. خەڵکی گوندی لەبەرخاتری مامۆســـتا دەعوەتەکیان ســـازکرد. هەردوو کەس لەسەر سینیەك قاپە گۆشتەك و پراو برنج و ترشیان بۆ دادەنان. مەلای گوندی و ئەفەندی پێکەوە لەســـەر ســـینیەك دانیشـــتن. گۆشـــتەکە کەتە لای مەلای و برنجەکەش لای ئەفەندی بوو. بەدەم نانخواردنێ خەلك سوالفەیان دەکرد. مەلاش خۆی بێدەنگ کردبوو. ئەفەندی شـەرمی دەرکرد دەست لۆ گۆشتی ببات. بۆیە بەمەلای گۆت: جەنابی مەلا، بۆ قسەیەکی خێر ناکەی..!؟

مەلا گۆتی: شـــەرعەن لەســـەر نانخواردن.. قســـەکردن حەرامە..!!

ئەفەندێ لۆ ئەوەی فرسەتێك وەرگرێ، سنیەکەی سوڕاند و گۆتی: بەگوێرەی عیلم دونیا دەسوڕێ..

مەلا ســـنیەکەی وەکی خۆی لێکردەوە و گۆتی: دەســـت لەکاری خوا مەدە..!!

نەخۆی کا.. نەلیرەی

پێیرەمێردەك ســـێ کوڕی بـەژن و مـاری هـەبوو. هـەتا ژنـەکـەی لـەژیـانـدا مـابوو منـەتی بـەکـەس نـەبوو. پـاش مردنی ژنەکەی وەکی جاران نازی رانەدەگیرا . فکری کردەوە کە ئەگەر ئێستا ئەوهابم.. ئەدی نەخۆش بم چم بەسەردێ..؟

واچاکە عیلاجەکی لەوەزعی خۆم بکەم. هەستا کوپەکی پر پیســـایی کردو شـــاردیەوە. پاشـــان یەك یەك بەدزی کوڕەکانی دەبردە ســـەر کوپەلەو دەیگۆت: باش خزمەتم بکەی ئەو کوپە لیرەت دەدەمێ. بەو نەوعەی پیشانی هەرسێ کوڕەکەیدا.

پیرەمێرد مرد هێشتان نەشاردرابۆوە کوڕەکان هەریەکەو بەلایەکدا خۆی دەدزیەوە و دەچوە ســـۆراغی کوپە. کەزانیان بەهەرســـێکیانی گۆتیە.. ئیتفاقیان کرد کەهەتا تازیە تەواو دەبێ بێدەنگ بن و پاشـــان بەشـــەرع دابەشـــی کەن. مەلا و چەند پیاو ماقولـەکیان گـاس کرد لۆ ئـەوەی مـەســـــەلـە. کێخوای گوندیش گۆتی: ئەمن و مەلا بێبەش مەکەن.

مـەلا گۆتی: کوپـەکـە لـەســـــەر ســـــەری کێخوا رووبکـەن ئەوەی لەســـەر مێزەکەیەدا ماوە ئەوە بەشـــی شـــەرعی مەلا و کێخوایە.. ئەوەی دیکەش میراتی شەرعی کوڕەکانە..!!

مام کوێخا لەتەماعان نیو تۆپە قوماشـی لەسـەری ئاڵاند و دوو پیاو ماقوڵ کوپەکەیان لەسەر مێزەری هەڵڕشت.

لـەبـەختی کێخواش پشـــکـەکیش چیە نـەکـەوتـە خوارێ. لـەخۆشـــیـان لێوی تـەترەی دەکرد و خـەرکـەکـەش تێکڕا پێدەکەنین..!! لەپەکی لەوەی سەر مێزەری گیرکردو وەزعەکەی دیت و هاواری کرد : هەی گو بەگۆڕی بابتان بی.. نەخۆی کا و نەلیرەی..!!

مەکتەب سەرۆك

مامۆستایەك لەمەکتەبێ لەناو مامۆستایان خۆی هەڵدەکێشاو و دەیگوت: هەر رقم بکەنەوە تەلەفۆن لۆ مەکتەب سەرۆك دەکەم . مامۆستایەکانیش بێدەنگ دەبوون. رۆژێك مامۆستایەك بەنێو مەکتەب عەقاراتەکاندا گوزەرەی کرد. چاوی بەتابلۆیەك کەوت نووسرابوو مەکتەب سەرۆك و ژمارەی مۆبایلەکەشی لەسەر نووسرابوو . مامۆستایەکان تەگبیریان کرد کە لەدەرێ تەلەفۆنی بۆ بکەن ئەویش بەپۆزەوە دانیشتبوو. کەتەلەفۆنیان کرد ئێرە مەکتەب سەرۆکە..؟

گوتی: هەوە.

مامۆستایەکان لێی هاتنە ژۆرێ و گۆتیان: هەی درۆزن.. ئێرە مەکتەب سەرۆکە یان مەکتەب خوێندنە ..!

بەقەرە ئەوهابی.. دەبی فیل کو بی

مەلایەك لەمزگەفتەکی کرا بەئیمام و خەتیب . جا لۆ ئەوەی خۆی بەزانا نیشان بدا. لەیەکەمین نوێژی جەماعەت سوڕەی (بقرە)ی خوێند. ئەهلی جەماعەتیش بەزۆری کەسانی پیربوون . هەر لەڕکاعەتی یەکەم زۆر هیلاك بوون و هەندەکیش دانیشتن کەنوێژ تەواو بوو پیرەمێردەك گۆتی: مامۆستا.. ناوی ئەو سوڕەتەی چ بوو؟

فەرموی : سوڕەتی بەقەرە ..

پیرەمێرد گۆتی : مامۆستا .. زۆر هیلاك دەبین و خێرت دەگاتێ سوڕەتەکی کورت بخوێنە..

مەلا گۆتی: باشە.. لەنوێژەکی دیکە فیل دەخوێنم..!!

پیرەمێرد گۆتی: هەی قوڕمان بەســـەری.. ئەگەر بەقەڕە ئەوهابی.. دەبی فیل کو بی..!!

حەسەنی برام تفەنگی پێ فرۆشتم

لەشــۆڕشــی ئەیلول بەتالیۆنی دەشــتی هەولێر مەقەڕیان لەســماقوڵی بوو ســەر بەهێزی ســەفین بوون. مقەدەم عەزیز ئاکرەیی ئامر هێزی ســـەفین بوو لەئیشـــوکار زۆر جدی بوو . لەناو خەڵکیش زۆر ســادەبوو. ســەردانی جەماعەتی بەتالیۆنی کرد. لەو عانەشدا دوو پێشمەرگە دەسگیرکرابوون لەبەر ئەوەی تفەنگیان فرۆشــتبوو. خارعەزیز بەپێشــمەرگەی یەکەمی گۆت: لۆ تفەنگت فرۆشتیە ..؟

گۆتی: خــارە .. موحتــاج بووم و لۆ مــارومنــدارم خــەرج کردیە بەپارەکەی مایتەوە ئەو دەمانچەم پێ کڕی و فەرموو ئەوەش دەمانچەکە..!!

بەپێشمەرگەی دووەمیشی گۆت ئەتو لۆ تفەنگ فرۆشتیە ..؟

گۆتی: خارە.. نەم دەفرۆشــت بەس عەســەنی برام گۆتی خار عەزیز عایدی من و بیفرۆشە..!!

خــار عــەزیزیش بــەتوڕەی گۆتی: هــەڕن گــاس کــەنــە حەسەنی..

پێشــمەرگەکەش دەســتی لەســەر گونی داناو گۆتی خارە.. ئەوە حەسەنی برامە و بەپارەی تفەنگێ ژنم پێ هینا..!!

خــار عــەزیزیش بــەپێکــەنینــەوە گۆتی: خودێ ..کــەس دەستهەڵاتا حەسەنی نینە..!!

بەرانەکەت بنێرە ماری خاری

کابرایەك دوو ژنی هەبوو هێشتاش مۆزی ژنەکی دیکەشی دەکرد . ژنەکان لۆ ئەوەی ناچاری بکەن واز لەژنهێنانێ بینی .. ئیتیفایان کرد کە لێنەگەڕێن ئیسراعەت بکا. چەند رۆژەك بوو مێردیان بەو دەردەی دەبرد . رەق و هیشتك بووبۆوە و لەگەڵ شەقاو هاویشتنێ بەلادا دەچوو. لەمارێ خۆی دزیەوە و لەپەنا دیوارەك (هەرتوترکا بوو) برادەرەکی بەو وەزعە دیتی و لەمەسەلەکە گەیشت . پێی گۆت وەرە تەگبیرەکت لۆ بکەم هەتا برۆکەك ئیسراعەت بکەی و رەنگ و رووت بێتەوە بەرێ . ئەوجا گۆتی: باشە .. ئەتو چ مارە خارت لەدەشتێ نینە..؟

گۆتی: کورە.. بەرێوەڵلا مارە خارم لەدەشتێ هەیە..!!

گۆتی: دەبڕۆ ماری خارت.. دوو سێ عەفتان خۆت بزرکە..کابرا بەرەو ماری خاری بەڕێ کەت و لەئاقاری مێگەلە مەڕەکی دیت. دیقەتی دایێ بەهەموو مەڕەکان یەك بەرانیان هەیەو ئەویش وەکی وی بەسەرهاتیە.

زگی بە بەرانەکە سوتاو چوە کن شوانەکە وپێی گۆت بەرانەکەت بنێرە ماری خاری..!!

خوا رزقی ئەو هەموو رەشەوراغانەی دایە

لەزەمانی شۆڕشی ئەیلوول لەهیرانێ مام سالح شێرە مێوانی ماری مە بوو. لەبەر قسەخۆش و نەستەقەکانی هەموو کەس حەزی دەکرد لەمەجریسی وی دابنیشی . لەهەر جێیەکیش بایە جمەی لێوەدەهات. زیاتر لەسی چل کەس لەمەجریسەکەی مام سالح دانیشتبوون. تەمەشایەکی خەرکەکەی کردو گۆتی: حەمەدەمین.. بزانە خوا چەند بەرەحمەو رزقی ئەو هەموو رەشەوراغانەی دایە..!!

بابیشـــم گۆتی : کاك ســـالح.. خوایەك بی و رزقی ئەو هەموو کەرەی دەشـــتێ بدا.. رزقی ئەوەندە وراغەی ئێرەش هەردەدا..!!

هەی ناشرین.. ما تو ئەوەی

مەنســـولی دائیرەك چاوی بەناوێك کەوت . جا لۆ ئەوەی دانەخۆرەی بکاو چاوی پێ بکەوێ و پاداشتی کرد . هەستا دوو ناوی دیکەی بەگەر دا فەرمانی پاداشـــتکردنی لۆ دەرکردن . پاداشـــتی فلان(١٠٠٠) هەزار دینار . ئەوانی دیکەش هەر یەکەو(١٠٠) سەت دینار بوو.

مەنســولەکە بە ســکرتێرەکەی گۆت : ئەوانەی پاداشــت کراینە با یەک یەک بێنە ژووری. کە نۆرەی فلان هات ئەویش زەلامەکی نابوتی ناشرینی دەنگ گەورە چوە ژوری.

مەنسولەکە گۆتی : بۆچی هاتوی..؟

گۆت : مامۆستا .. ئەمن فلانم..!!

مەنســـولەکە بەتوڕییەوە گۆتی : هەی ناشـــرین.. ماتو فلانی..!!

فلانی بەســـتەزمان ئێســـتاشـــی لەگەڵدابێ نەیزانی بۆ مەسەلە چ بوو..!!

سەلاموعەلیکوم کافرینە

لەپاش شـــەڕی کۆڕێ ١٩٩١ی زاینی حزبەکان هەریەکە و بارەگایەکی لەحوجرانی کردەوە . جەرەبچیەکیش مێگەلە بزن و گیســـکی لەوێندەرێ دەلەوەڕاند . دوو کەس لەمەقەڕەکەی سەرگردی پشت دائیرەی زراعە گیسکەکیان دزی و سەروپێچك

و هورگ و پیستەکەیان لەنزیك مەقەڕی بزوتنەوەی ئیسلامی لەبن خۆرێ شاردەوە . رۆژی دواتر جەرەبچی پیستە گیسکەکەی لەدەست گرتبوو چوە مەقەری سەرگردی و گۆتی: عەیب ناکەن گیسکێ مە دەدزن..؟

یەك لەگیسك دزەکان گۆتی: بەچا زانی ئەمە گیسکێ نگۆن دزیە ؟

جەرەبچی گۆتی: بەو پیستەی ڕا زانم کە لەتەنیشت مەقەڕینگۆ فڕێدرابوو..!! تومەز ریوی پیستەکەی هینابووە کن مەقەڕی سەرگردی . چەکدرارەکەش مەسەلەکەی دەزانی و گۆتی: کاکۆ.. ئەمە نەن دزیە و لەوانەیە دەعبا پیستەکەی هینایە . دەبابچین شووڕی راکێشانی بیستەکەت نیشاندەم . کابرا قەناعەتی هات و بەجێ شووڕی راکێشانی بیستەکەدا چوون . هەتا گەیشتنە نێزیك مەقەڕی بزوتنەوە . بەچیلکە دارەکی لەبن خۆرێ سەروپێچکی دەرهیناو بەجەرەبچی گۆت : خۆ قەناعەتت هات کە گیسکن نەدزیەو لۆت وەدەرکەت کێ گیسکی دزیە..!!

جەرەبچی چووە مەقەڕی بزوتنەوە و گۆتی : سەلاموعەلیکم کافرینە..!!

جەماعەتی مەقەڕیش لێی هاتنە دەرێ و گۆتیان کابرا ئەو قسە عەلەق و بەلەقانە چیە دەیکەی..!؟

گۆتی: ئەگەر کافر نەبانە گیسکێ مەتان نەدەزی و سەروپێچکیشم لەتەنیشت مەقەڕینگۆ لەبن خۆڕی دەرهینا.

جەماعەت ناچار بوون هەر کوەکی بی وسکتی کەن و گۆتیان : هەنوکە ئەتوو چت دەوێ..؟

گۆتی : حەفتێ دینار حەقی گێسکێم دەوێ..

ئەوانیش دەفعول بەلا .. حەفتاو پێنج دیناریان دایێ..!!

ساکین جەفتە

دوو ســـێ کەس خۆبەخۆ یەکەکیان کردبووە شـــێخ و دووەکەی دیکەش بووبوونە دەرویش. بەدەف لێدان .. مار بەمار دەگـەڕان و دەرۆزەیـان دەکرد. وەختی نـانخواردنیش تـاقیبی دیوەخان و مارە دەورەمەندەکانیان دەکرد و بەهایوهوو.. دەف لێدان دەچوونە ژۆرێ.

نیوڕانەکی لەکۆرانێك دوو مەنجەری زنجیرداری گەورە لەسەر ئاگر بلق بلق دەکوران . ئەوانیش بە تامەزرۆی گۆشت و پڕاو برنجی لەبەرامبەر مەنجەرەکان دەستیانکرد بەدەف لێدان و هایو هوو..!! زۆریش هیلاك بووبوون و کەسیش دیارنەبوو.

جەنابی شـــێخ چوو ســـەری مەنجەری هەرداوەو دیتی گۆشـــت نیە و جەفتە. ئەوجا لۆ ئەوەی مریدەکان هێورکاتەوە.. هاواری دەکردو دەیگوت: ساکین جەفتە.. ساکین گۆشت نیە..!!

تێبینی:-

1.ســـاکین: هیوربوونەوە. دەســـتەواژەیەکە شـــێخ و مریدەکان بەکاری دێنن.

2.جەفت : کڵاوی بەڕوو.

ئەڤ سەباب .. مرۆ خڕ خەلاس کرد

لەســـاری 1964 زاینی لەشـــاری هەولێری جاشـــەك بەچەکەوە چوە سینەمای سیروان . فلمێکی عەسابەی جۆلیانا جیمۆ(رینگۆ) ئیشی دەکرد. بلیتی سینەماش چل فلوس و هەشتا فلوســـی هەبوو. هەردوو لۆجی چل باوی و هەشـــتا باویش جمەیان دەهات وخەرك لەگەرمەی تەمەشـــاکردنی فلیمەکەدا

بوون .. جاشـــەکە تفنگـەکی ئینگلیزی یـازدە خۆری پێ بوو فیشـەکەکی بەشـاشـەی سـینەمادا تەقاندو خەرك زندەقیان چوو. هەر بابا بوو خۆی قورتار دەکرد . فلیم لێدان راگیراو پۆلیس و ئینزیباتی عەســکەریش بە ژۆرێ وەربوون و دیتیان جاشــەکە هێشــتا تفەنگی بەدەســتەوەیە و خۆی رادەپچڕاندو هەڕو گیفی دەکرد .بەچار پێنج پۆلیس و ئینزیباتان بەرزەفتیان کرد و لێیان پرسی: لۆ تەقەتکرد..؟

گۆتی: ژ بەر وی سەبابی.. مرۆ هەمی خەڵاس کرن..!!

تێبینی:-

ئێســتاکەش شــوێنەواری فیشــکەکە لەســەر شــاشــەی سینەمای سیروان ئاسەواری هەر ماوە..!!

بابەل باب هەر ئەفەندی بووینە

دوو کاروانچی دەچنە گوندەکی دەشـــتی قەراجی و بارە تڕێیەکانیان لەماری خانەخوێ دانا و کەرەکانیان بردە ئاقاری و لەناو پەرێزی رایان تەوراندن. یەکەکیان جەمەدانی لەســەربوو، ئەوی دیکەش ســـەرڕووت. ماکەرەك لەئاقارێ دەلەوەڕاو جەمەدانی لەســـەرەکە تاوی دایێ و جەمەدانی لەملی بەســـتا و چەندی کرد ماکەر خۆی تەســـلیم نەکرد و بە جەمەدانیەوە قوچاندی.

وەختی نانخواردنێ.. خانەخوێ گۆتی: باشــە.. وەکی هاتن ئەتو جەمەدانیت لەسەری نەبوو..؟

گۆتی: جــەمــەدانیی چی.. بــا بــەلبــاب هــەر ئــەفــەنــدی بووینە..!!

خانەخوێ جەمەدانیەکەی لە بن چۆکی دەرهیناو گۆتی : ئەفەندی چی و حاری چی ..ئەدی ئەوە جەمەدانی توو نیە لەملی ماکەری بوو..!!

عەیب ناکەن.. بابتان کردیتە شوان

کاروانچیەك خانەخوێیەکی لەبناری قەرەچوغ هەبوو. هاوینان لەنێزیك جۆخینان رەشماریان هەردەدا. خانەخوێ فەلاعەتیشی دەکرد و مێگەلە عەیوانیشی هەبوو. کاروانچی چەند سار بوو(هاموشۆ)[1]ی دەکردن و ترێ و هەرمییان لۆ بەگەنم دەگۆڕیەوە.

جارەك کاروانچی کەهات ساعێب مار لەبن رەشماری نەبوو، وەزعیش وەکی جاران نەبوو. پرسیاری خانەخوێی کرد. ژنەکە بەسەری لموزی جوابی داوە و گۆتی : خۆ دابەستی نیە.. شوانە و لەبەر مەڕیە..!!

لەوە بەولاوە چاوی بەرایی نەدەدا روو لەو ئاقەرەش بکا. پاش سێ چار ساران لۆ سۆراغی خانەخوێ سەردانی کردنەوە و دیتی خانەخوێ وەکی جاران(بەگوراحە)[2]. وەزعەکەی جارانی لێ پرسی..

ئەویش گۆتی: چت لێ بشارمەوە و بەینی خۆمان بی. (لە هیکرا)[3] پیاوەتیم نەما.. داکی منداران هەر رۆژەو هەنجەتەکی پێ دەگرتم. کار گەیشتە ئەوەی لەبەرچاوی منداران تێی (وەڕاخوڕیم)[4] و گۆتی لەمارێ چ دەکەی خۆ دابەستی نی.. دە هەستە بڕۆ بەر مەڕی..!!

ئەمنیش لەشەرمان چوومە بەر مەڕی . پاش عەیامەکی پیاوەتیم هاتەوە و بەدزی بەداکی منداراتم گۆت : هەتا کەنگینێ شوان بم..!؟ پاش دوو سێ رۆژان کە وەزعەکەی دیت ..

سـبـەینـەکی زوو خۆی لـەمنـداران تورەکرد و گۆتی: هەی داوەشێن.. عەیب ناکەن هەتا کەنگینێ بابتان شوان بی..؟

بەمنیشـی گۆت ئەتوش هەروەکی جاران گەورەو سـاعێب ماری..!!

تێبینی:-

1. هاموشۆ: سەردان
2. بەگوراح: بەزەوق و رەنگ و رووخۆش
3. لەهیکرا: لەناکاو
4. تێی وەراخوری: خۆی لێی تورەکرد.

وەکی کەرەکەم حیساب کەن

لەحەفتاکانی سـەتەی بیسـتەم لەشـەقامەکانی شـاری هەولێرێ. خەتی پەرینەوەیان دانا. سـزایەکەش لۆ نەفەر یەك دینار لۆ ئاژەڵیش نیو دینار. لەبەرامبەر کەبابخانەی (بەهار) و دوکانی مام قادر شـەربەتفرۆش کە ئەلعان دوکانەکان نەمایە و بویتە پارك و باخچە و نافورەی شـار. کابرایەك بەخۆی و کەرو تێرکەوە سەوزەی لۆ ناو قەیسەری دەبرد و لەدەرەوەی خەتەکە پەریەوە.

پۆلیس گرتیان و گۆتیان سـزای موخالـەفـەش لۆ توو دینارەك، لۆ کەرەکەش نیو دینارە..!!

کابرا بە پۆلیسەکانی گۆت: کاکە.. ئەگەر عەفوشم ناکەن.. هەروەکی کەرەکەم حیساب کەن..!!

هەلکۆپتەرێ شێخی

لەهەشتاکانی سەتەی بیستەم سەرۆك جاشەك(موستەشار) چەند هەزار جاشـــەکی هەبوو. معاشـــی دوو مانگی نەدانێ. جاشەکانیش پرسیاریان کرد: لۆ معاشمان نادەنێ .. ؟

گۆتیان: بەپارەی معاشـــێ جەنابی شـــێخ هەلیکۆپتەری کڕیە..!!

هەر هەلیکۆپتەرێك بەعاســمانێدا تێپەڕیبایە .. جاشـــەکان دەیانگۆت : ئەها.. ئەوە هەلیکۆپتەرێ شێخیە..

رۆژێك پێنج شـــەش هەلیکۆپتەر بەســـەریاندا تێپەڕین. جاشـــەکی گۆت: ئەڤ هەمی هەلیکۆپتەر خڕ یێ شـــێخینە.. !! قەیرە جاشێك بە چەپەرۆکان لەســەرو مێشکی خۆی داو دگۆت: خودێ .. قوڕ ب سەرێ مەبوو..!!

فەریکە جاشـــەکانیش گۆتیان : چەوا قور ب ســـەرێ مەبوو..!؟

قەیرە جاشـــی گۆت: کوڕۆ ..ژ بەر هەلیکۆپتەرەکێ دوو هەیڤا معاشێ مە نەدهان ..ژ بۆ پێنج شەش هەلیکۆپتەران.. هەر معاشێ مە نادەن ..!!

سەیدی.. خارت سەلامی لێکردی

ســـاری ١٩٨٣ی زاینی لەعەفو عامەکەی لۆ فیراران دەرچوو خەرکەکی زۆر خۆی تەســلیم کردەوە . ســبەینان ئەو حەشـاماتە دەهاتە مەعەسـکەری و نیوە بەجلکی عەسـکەری و هەندەکیش نیوە مەدەنی و نیوە عەسـکەری . پاش ســەعات نۆ دەبووە هەراو هۆریا ویاڵڵا مارێ.. مارێ ..دەیاقوچاند. ئەمنیش رۆژەك چوومە کن رائید عیکۆی سرێماناغا لۆ ئەوەی ئیجازەکم

بداتێ .تەعیەکم لۆ کردو گۆتم : سەیدی.. خارت سەلامی لێکردی..

گۆتی: کیهان خارم .. ؟

گۆتم: سەیدی.. خارت شێخ ئەنوەر..

گۆتی: باشە.. ئەتو بەخۆت دیتت..!؟

گۆتم: بەڕێ.. سەیدی..

ئەوجا گۆتی: کوڕە هەی لەدرۆت نێم.. خارم چەند سارە خارم مردیە..!!

زۆر بەسەرەخۆمدا شکامەوە و لەشەرمان نەم دەزانی چ بڕێم و بەس ئەوەندەم گۆت: بەخوای سەیدی.. لەبەر فیراری نەم زانییوو وەفاتی کردیە..!!

لێم هاتە پێش و گۆتی : هەی گێلە.. نازانی درۆیانیش بکەی .. بەس لەبەر خاتری خارم عەفت رۆژ ئیجازەت دەدەمێ..!!

تێبینی:- بەسەرهاتی خۆم.

لەخواو لەمەلا مستەفا بەزیاد بی

لەشەستەکانی سەتەی بیستەم سەرۆك جاشەکان لەمەقەرِی فرقەی عەسکەری هەولێرێ معاشیان وەردەگرت. سەرۆك جاشەك وەکی معاشی وەردەگرت و بەئاشکرا دەیگۆت: لەخواو لەمەلا مستەفا بەزیاد بی..!!

سەرۆك جاشەکانی دیکە و زابتە گەورەکانیش بەترسەوە دەیانگۆت : باشە.. ئەتو کو دەوێری ئەو قسەی بکەی..؟

دەیگۆت : ئاخر.. ئەگەر مەلا مستەفا نەبوایە.. حوکمەت قەت معاشی نەدەداینی..!!

چاکەو پیاوتی لەجێی خۆی

لەگوندێك پارەیان لۆ دروستکردنی مزگەوت کۆدەکردەوە، دوو سێ پیاوماقوولّ مالّ بە مالّ دەگەڕان و هەرکەس بەپێی توانا خێری خۆی دەکرد. چوونە مالّی کابرایەکی هەبوو لەگەڵ بەخێرهێنان سەرو چگەرەی پێشکەش کردن. یەکێك ویستی بەشقارتە چگەرە داگیرسێنێ.

خاوەن مالّ لێنەگەڕاو گۆتی: مادام مقەڕە ئاگر هەیە.. بەشقارتە دامەگرسێنە..!!

ئەوانیش تەمەشای یەکتریان دەکرد و جورئەتیان نەدەکرد باسی هاوکاری بکەن.

خاوەن مالّ گۆتی: فەرموون.. بۆچی هاتوون..؟

بەترسەوە گوتیان: بۆ هاوکاری هاتوین و بۆ تۆش (دە) دینار پێشنیار کراوە..

گوتی: باشە لەجیاتی دە دینار.. من پەنجا دینار دەدەم..!!

یەکێك لەوان گوتی: ئێ باشە.. بۆ یەك دەنکە شقارتە رەزیلیت کرد، لۆ هاوکاریش خێرە ئەوها سەخی بووی؟

گوتی: دەنکە شقارتە زیادەڕۆیی و هەوەنتەبوو ئەگەر بۆ خێر و پیاوەتیش بی چەندی زۆربێ لێی خەسار نیە..!!

مولّکی خۆتە.. یان میراتە

لەسەرەتای سەتەی بیستەم هەتا شەستەکانیش ئەحمەد چەلەبی کەسایەتی و دەولّەمەندی شاری هەولێر بوو . کە زەوی

و زار و مولّکی دەکڕی پرسیاری دەکرد : ئەو مولّکە هی خۆتە یان میراتە..!؟

ئەگەر گوتبای هی خۆمە یەکسەر دەیگوت بەکەلّکە من نایی و خێری لێ نابینم..!!

خۆ ئەگەر میراتیش بایە لێی دەکڕی و دەیگوت : پێوە ماندی نەبووە و چاوی لەدوی نیە..!!

سمایل و عەمە

لەزەمانی مەلەکی سمایل و عەمە پێکەوە بوونە عەسکەرو عارەبیشیان نەدەزانی . لەمەرکەز تەدریبی عەریفەکی عارەب چەند قسەی لۆ دەکردن کەس تێنەدەگەیشت. ئەویش بەتوڕەیی گۆتی : ولەك.. ئەنتو کولکوم زمایل..!! واتە هەمووتان کەرن

سمایل هەستاوەو گۆتی: نەعم م م م..!!

عەریفەکە گۆتی : ولەك شترید ئەنتە..؟ واتە هەتیم.. چت دەوێ ..؟

سمایل گۆتی : ئەدی عەریفی نەتگوت سمایل..!!

ئەو جارە دەرسی سیلاحی لۆ شەرح کردن و دیسان کەس تێنەدەگەیشت. عەریف توڕەتر بوو گۆتی : ولەك.. ئەنتو کولکوم عەمە..!! واتە ئەنگۆ هەمووتان کۆرەن

عەمە هەستاوە و گۆتی: نەعم م م م..!!

عەریف بەپێکەنینەوە گۆتی: ولەك.. ئەنتە شبیك؟ واتە ئەتو چت دەوێ؟

عەمەش گۆتی: ئەدی عەریفی.. ئەتو نەتگوت عەمە..؟

پیستەکەی خۆشترە

ئاغایەك، گرەوێکی رێکخست، گۆتی: هەر کەسێك لەمەرامی من تێبگا، لەباج و سەرانەی ساڵەکی خۆش دەبم. هەر کەسێکیش نەیزانی باج و سەرانەی دوو قات لێ وەردەگرم.

لەدیوەخانێ چەند ریش سپی و ماقوڵی گوندی لەوێ بوون و فەرمانیدا. کەسی یەکەم بێتە ژوورێ، ئاغا لێی پرسی: کێندەری کەلەشی مریشك لەهەمووی خۆشترە..؟

گۆتی: پیستەکەی..!!

ئاغا ئافەرین و پاداشتی کرد و بەدڵخۆشی چوە دەرێ و پێیان گوت: ئاغا چی لێ پرسی؟

ئەویش مەسەلەکە چۆن بوو بۆی گێڕانەوە. کەسی دووەم چوە ژووری و ئاغا گوتی: لە کەلەشی گاجووت کامەی خۆشترە..؟

گوتی: پیستەکەی ..!!

ئاغا بەپێکەنینەوە گۆتی: هەی گێلە.. ئاخر چۆن پیستەگا دەخوری؟

دە ئەتوش بڕۆ سزای خۆت وەرگرە..!!

ئەوها دایۆ (....) و فیتەو دەبڕم

لەپشدەری کابرایەك سێ چوار کچی عازەبی هەبوون . جحێلی گوندیش لەدەوری ماڵیان فیتوهۆڕیان دەکرد. نەیدەزانی نەکاسبی بکا نەچاودێری ماڵێ بکا . جا بۆ ئەوەی خۆ لەو وەزعە قوتارکا .. کەسوکاری کۆکردەوە ئەوانەی کوڕیان هەبوو.

پێی گوتن : ئەگەر خوازبێنی کچەکانم دەکەن باشە ..ئەگەر نا گلەیم لێ مەکەن و بەشوویان دەدەم..!!

هەر زوو هەموویانی بەشووودان . ئینجا بەبێ منەتی دەچووە بەردەرگای ماڵێ قاچی لەسەر قاچ دادەنا و ئەوانەی فیتوهۆڕشیان دەکرد هەموویانی دەناسی.

کاتێك بە بەردەمیدا تێدەپەڕین پێی دەگوتن: ئەوە لەبۆ فیکەو نایێ.. دەچاك بزانن ئاوا دایۆو (دەگێم) و فیتەو دەبڕم..!!

لۆ بەهەشتی نیە.. تۆڵەی فەقێیە..

فەقێیەك لەسەر دەستی مەلایەکی پڕعیلم ئیجازەی مەلایەتی وەرگرت و لەگوندێك بوە مەلا. گوندەکەش شێخێکی لێ بوو حەزی نەدەکرد مەلا هەبێ و بەخۆی پێشنوێژی دەکرد و هەڵەی تێدا دەکرد. دەبوایە مەلا هەڵەکانی بۆ راستکاتەوە. دەرۆێشەکان لێی توڕەبوون و گۆتیان چۆن جورئەت دەکەی هەڵە لەحەزرەتی شێخ بگری و چینە لێدانەکی چاکیان لێداو لەگوندی وەدەریانا. مەلا گەڕایەوە لای مامۆستای گەورە و مەسەلەکەی تێگەیاند.

مامۆستای گەورە ش گۆتی: دە هەستە بابچینە لای شێخ و شەرتبێ دەبێ بەزمەکی پێ بکەم هەتا هەتایە جورئەت نەکا خۆی لەقەرەی مەلایان بداتەوە . کە گەیشتنە تەکیەی شێخی دەستی ماچ کردو چوار پێنچ تاڵەمووی لەڕیشی دەرکێشاو ماچی کردو خستیە ناو گیرفانی . دەرۆێشەکان گۆتیان مامۆستا .. ئەو تاڵە موانەت بۆ چیە..؟

گۆتی: هەر کەسێك وەکی من بکا.. موحەقەق دەچێتە بەهەشت..!!

دەرویشەکانیش لەخۆشی چوونە بەهەشتێ شاڵاویان بۆ حەزرەتی شێخ هێناو هەریەکەو چەند تاڵە مووێکی بەپیستەوە هەڵدەکێشا.. تاوەکو وای لێهات دەموچاوی حەزرەتی شێخ خەڵتانی خوێن بو.. تاڵە مووەك چیە بەڕوومەتیەوە نەمابوو. لەحەژمەتان شێخ هاواری دەکرد و دەیگۆت: وەڵڵاهی.. تۆڵەی فەقێیەو مەسەلە بەهەشت نیە..!!

ئەشهەدووو.. حەقتانە

مارەك، دوو مار، نیو مارەك بووین...
لەدۆرەك، دوو دۆر، نیو دۆرەکی، هەرماندابوو..
شەوێ، دزەك، دوو دز، نیو دز، هاتنە سەرمان..
خەرەك، دوو خەر، نیو خەریان دزین..
دەستمان دایە، دارەك، دوو دار، نیو دارەکی..
سەری، دزەك، دوو دز، نیو دزمان شکاند..
سبەینێ، چوینە کن، مەلایەکی..
گۆتمان مەلا: بەقوربانی، مەلەك، دوو مەل، نیو مەلت، بین
دوو سبەی، چوینە کن قازیەکی..
گۆتمان جەناب: بە قوربانی، قازەك، دوو قاز، نیو قازتبین
دە ئەنگۆش برێن: حەقی مەیە، یان.. نا؟
قازی و مەلا گۆتیان: ئەشهەدووو.. حەقتانە..!!

تێبینی:-

1. سێ مارو نەو مارەك بووین.
2. لەسێ دۆر و جۆماییەك هەریاندابوو.
3. سێ دزی گەورەو مێرمندارەك .
4. سێ کەر و جاشکەك.

5. ساعێب ماریش.. دەستیان دایە، سێ خوترمە و شوێرکەدارەك
6. سەری هەر سێ دزەکان و مێرمندارەکەیان شکاند.
7. مەلا و فەقێ و سێ تەیر و جوجکەیەك
8. مەلا و قازی و کاتبەکەی.. سێ قاز و فەرخە قازەك.

فندق و مەتعەم ئازاد

لەنۆهەتەکانی سەتەی بیستەم لەهەولێر لەگەڕەکی سێیتاقان کرێچی بووم . ساعەی پاسی هەموو گەڕەکانیش هەندۆکەك لەولاتری مارێ مەبوو. لەزۆربەی گەڕەکەکانیش خزم و ناسیاوم هەبوو بەخێرو سەلامەتی لۆ ئیشوکاری خۆیان دەهاتنە بازاڕی و لۆ نانخواردنیش تەشرێفیان دەینا مارێ مە..

هەندەك جاریش تاخیر دەبوون و بە پاسەکان رانەدەگەیشتن و شەوەکەش مێوانمان دەبوون.ئەوجا لەجیاتی چاکەو پیاوەتیش ئەگەر پرسیاریان لێ کردبانە لەکێندەرێ بوون..؟ بەتەوسەوە دەیانگۆت: لەفندق و مەتعەم ئازاد بووین..!!

خۆ ماندی مەکە

کابرایەك ژنەکی گێل و فسەزمانی هەبوو بەزەعمەتیش لەقسان تێدەگەیشت. هەر کوەکی بی کابرا بەناچاری گوزەرانی دەگەڵدا دەکرد. بەکتوپڕی ژنەکە جەڵتە لێیدا و مرد. لەپاش لەگۆڕنان مەلا بە عارەبی تەلقینی دەدا .. هەر زوو مێردی ژنەکە بەچاوی پر لەگریانەوە قسەی بەمەلا بڕی و گۆتی مامۆستا.. چاوەکەم خۆماندی مەکە.. ئەو ژنە بەستەزمانە

لەکوردیش نەدەگەیشت ئەتوش دەتەوێ بەعارەبی تەلقینی بدەی..!!

بەس لۆ چاکەی گۆتم سەگباب

لەساری ١٩٨٤ی زاینی لەگەر کاك موعسین عوسمان لەبەرامبەر بینایەی ئوتێل قەسری زەهەبی راوەستابووین کە ئێستا ناوی گۆڕاوە لۆ دم دم . هێشتا بینایەکە ئیشی تێدا دەکرا موعسینیش کەسێکی قسەخۆش بوو. تەماشایەکی بینایەکەی کردو گۆتی: ئۆۆۆۆی.. لەو سەگبابەی ی ی ی .. ئەو هەموو پارەی لەکێندەرێ هینایە..!؟

کابرایەکیش هەندۆکەك لەولاتری مە ڕاوەستابوو دیاربوو گێی لێبوو گۆتی کاکە بۆ من سەگباوکم و لەکەرکووکەوە ئەم حەمکە پارەیەم هێناوە لێرە سەرفی ئەکەم لەبان ئەمەشا ئەمکەن بەسەگباوك..!!؟

موعسینیش دەوی تێك ئاراو نەیدەزانی چ جواب داتەوە و هەر ئەوەندەی پێکرا بڕێ چاوەکەم ..خۆ بەخراپە وەنارێم وهەر لۆ چاکەی گۆتم سەگباب..!!

وەکی سەی پڕت دامێ

زەلامەك کوژرابوو بێجگە لەکابرایەکی شێتۆکەش کەس لەمەسەلەکەی نەدەزانی . شێتەیان بردە مەحکەمەو حاکم لێی پرسی: چ لەو مەسەلەی دەزانی..؟

گێلە بەپەنجەی دەستی خەتەکی لەسەر مێزی بەردەم حاکم راکێشاو گۆتی: دەبا ئەو خەتە جۆگەلەی ئاوێ بی و ئەمنیش کابرای کوژرای بم و ئەتوش کەری من بی لەو بەری جۆگەی . . !! یەکسەر حاکم قسەی پێ بڕی و وەدەرێی نا.

هەرچەندیان دەکرد بێجگە لەشێتە کەسی دیکەیان وەدەست نەدەکەوت لەمەسەلەکە بزانێ . بەناچاری گێلەیان راپێچی مەحکەمەی کردەوە و پێیانگۆت کوڕە ئەو جارە بەڕێزەوە جوابی حاکم بدەوە..

حاکمیش چەند پرسیاری لێدەکرد شێتە مت و پڕ بوو بوو جوابی نەدەداوە . حاکم لە بێزاریان بەدەنگەکی گەورە گۆتی: کوڕە کابرا.. لۆ جواب نادەیەوە؟

شێتەش بەتوڕەیەوە گۆتی: خۆ هێشتا دوو قسەم نەکردبوو ئەتوو وەکی سەی پڕت دامێ..!؟

کولکوم قۆندەرە بەس ئانی کراش

لەزەمانی عوکمەتی لەهەولێری مام مەولود سەرۆکی نەقابەی کرێکاران بوو. لەقاعەی پارێزگا کۆبوونەوەیەك سازکرا. قائید فرقە و مودیر ئەمن و پارێزگارو زۆرێك لەمەنسولی دائیرەکان بەشداربوون . مام مەولودیش خۆی پۆشتەکردبوو. سەروسمێری رەش کردبۆوە و رانکو چۆغەری کرو پەستەکی لبادی سپی و جەمەدانی لەسەری بەستابوو بەس ئەویش کراشی لەپێ بوو.

جەماعەت هەموویان بەعارەبی قسەیان دەکرد . ئەویش فڕ عارەبی نەدەزانی . ئەوجا لۆ ئەوەی بەژداری لەقسان بکا گۆتی: کولکوم قۆندەرە بەس ئانی کراش..!! واتە: هەمووتان قۆندەرەن بەس ئەمن کراشم..!!

پێکەوە هەموویان لەتریقەی پێکەنینیان داو قائید فرقەش گۆتی : ئی.. سودگ تحچی.. ئیحنا کولنا قەنادر بەس ئینتە کراش..!!

لەبەر دەرکێ خۆن دەڵێ هەویتەك

لەســـاڵانی هەشـــتاکان لەنزیك گوندی قەرەنیاغای بیتوێنێ ســـەیتەرەیەکی عەســـکەری لێ بوو خەڵکیان زۆر ئەزیەت دەدا. رۆژێك قادراغای بلباس دەگەل چەند کەســـێك بەوێدا تێپەڕین و هەر چەندە قادراغا کەسەکی ناسراو بوو بەڵام کابرای سەیتەرە عارەبەکی رەشـــتاڵەی ددان گڕە بوو تەشـــقەڵەی پێکردن و بەئاغای گۆت: هەویتەك..!!

قادراغاش لەجیاتی هەویە پێدا گوتی : هەی دایێت دەگێم.. لەبەســـڕایێ ڕاهاتیەو لەبەر دەرکی مااڵێ خۆن دەڵێ هەویتەك..!!

کابرا ئیزنیان نادات و دەڵێ: هەتا پێم نەڵێن ئاغا چی گوت و چۆن زانی خەڵکی بەسڕام..؟

یەکێك لەوانەی دەگەڵی دابوون.. مەسەلەکەی تێگەیاند...

حزبی شوعیش لۆ خوای ناکا

کابرایەك ناوی خدر بوو بەهاوڕێ مام خدە ناســـرابوو. پاشی(٣٠) ساران ئیستقالەی لەحزب کرد . گۆتیان : هاوڕێ لۆ ئیستقالە دەکەی ..!؟

گۆتی: وەڵاهی تـازە لۆم بـەدیـار کـەتیـە.. خۆ حزبی شوعیش لۆ خوای ناکات..!!

پشتی سوڕایە

لەپەنجاو شـەستەکانی سـەتەی بیستەم دوکانی عەللافان لەوبەرو ئەوبەری جادەی شـــێخی چۆڵی بوو هەتا دەگەیشـــتە فلکەی کۆتری ســـەالم . جاعێرەك لەگەر لۆری گەنمی هاتبوە شـاری و و زۆری پێ عەنتیکە بوو کە خەرکی شـاری پانتۆڕیان

لەبەرکردیە. هەر کوەکی بی پانتۆڕەکی پەیداکردو لەبەریکرد. هەر تەمەشـــای بەژن و بارای خۆی دەکرد و ئاگای لەدنیایێ نەمابوو لەناوەندی جادەش دەڕۆیشـــت. تڕومبێلەك لەپشـــتەوە لێیدا و شـــوفێرەکـە هـاتـە خوارێ و تـەمـەشـــایـەکی کردو بەچەپەڕۆکان لەسەرو گێلاکی خوی دەدا . خەرکیش خڕبوونەوە و لەشۆفێریان پرسی : ئەوە چ بوە..؟

گۆتی: لەو ئەفەندیەم دایە و پشتی سوڕایە..!!

کە تەماشـــایان کرد بەپێکەنینەوە گۆتیان : مەترســـێ.. پشتی نەسووڕایە و پاشەوپێش پانتۆڕی لەبەرکردیە..!!

وەرن کەرێ لێ وەبەستن

ڕێبوارەك شـــەوی بەســـەرداهات و لادەداتە گوندەکی و لەماری کوێخا مێوان بوو . شـــەوانیش خەرکی گوندی دەهاتنە دیوەخانێ و مەجریس بەقســـان گەرم دەبوو . هەر لۆ خۆشـــیش دوو سێ کەس بەڕاست و بە درۆ خۆیان دەکردە پارەوان و هەر دەیانکوشـــت و نەیان دەشـــاردەوە . ئەوانی دیکەش لەتریقەی پێکەنینێیان دەدا.

کابرای مێوان شـارەزای ئەو وەزعەی نەبووسـەری گەرم بوو خەنجەری لەکالانێ دەرهینا و لەڕانی خۆیدا چەقاند و گۆتی: دەوەرن کەرێ لێ وەبەستن.. ما هەر ئەنگۆ ئازانە..!!

ئیسمی شەریفت

کەسێك لەسەر شەڕو دەمەقاڵی ڕاپێچی دادگا کرابوو. لەو ڕۆژەدا حاکمیش میزاجی تەواو نەبوو بۆیە بەتوڕەیی پرســـی : ئیسمی ناشەریفت..؟

گۆتی: سالە قۆڕ..!!

حاکم زیاتر توڕە بووگۆتی هەی ناشـــەریف.. ئەوە کەی ناوە..؟؟

گۆتی: ئاخر جەناب.. ئەتو گوتت ئیسمی ناشەریفت. دەبڵێ ئیسمی شەریفت. هەتا بەڕاستی جوابت بدەمەوە..

حاکم گۆتی: باشە، ئیسمی شەریفت..؟

یەکسەر گۆتی : سالّح..!!

حاکم بەپێکەنینەوە گۆتی : ماشەڵڵا. لەو سالّحەی..!!

تەراقی نادەم

لەهەشـتاکانی سـەتەی بیسـتەم حوکمەتی عێراق بڕیاریدا ژن ئـازاد بکرێ لـەتـەراقـدان . کـابرایـەکیش مـاری لـەکـاولـە خانیەکانی ســـەر قەراتی هەولێری بوو ئەوانەی لەگوندەکانی ســـەرێ هاتبون و گوندیان لێ تێکدرابوو لـەوێ نێشـــتـەجێ بووبوون . خزم و کـەســـانێکی خۆی بـەحوکمی ئـەو بڕیـاری مەجلیس قیادەی سەورە دەیانویست بەتۆبزی ژنەکەی پێ تەراق بدەن.

دوو ســێ جاران راپێچی لای قازی دەکراو تەراقی نەدەدا. جاری چارەم خەنجەرەکی لەبن پشـــتێنی شـــاردەوە و بەقازی گۆت: هەنوکە ئەتو هـەر دەتـەوێ بـەتۆبزی ژنـەکـەم پێ تـەراق بدەی..؟

قازێ گوتی ئەوە قەراری حوکمەتە..!!

کـابرا(فرتکـە)*کی هـەردا ســـەر مێزی قـازی و چـار پێنج خەنجەری خێواندێ و گۆتی دە وەڵلاهی تەراقی نادەم ئەنگۆش بێ منەت بن..!!

ئەو خەنجەر لێدانە قەراری بە حوکمەت گۆڕی و پاش (١٠) رۆژان حوکمەت قەرارەکی دیکەی دەرکرد و نووسیبووی: (یستثنی منطقة الحکم الذاتی من هذا القرار). واتە ئەو بڕیارە شموولی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناکات.

*(فرتکە) پازدان.

هەر گێش مەدێ

مەلای گوندی مێوانی مارێك بوو خانەخوێش دوو ژنی هەبوو. ژنی گچکە لۆ ئەوەی نیازی مەلا بزانێ دەستی بەگریان کرد. مەلاش لێی پرسی: چیە .. لۆ دەگرییی..؟

گۆتی: مامۆستا.. باشە ..ڕاستە دەڕێن لە بەهەشتێ بەس ژنی گەورە دەچتەوە کن مێردی و ژنی گچکەش لەو گۆڕەی بەتەنێ دەمینێتەوە ؟

مەلا گوتی : کچێ هەر گێش مەدێ .. بەهەشت پڕی مەلای ملەستورو بەقەوەتی وەکی منە و خۆت وەگەر مەلایەك دە..!!

داناکەسێ

لەگوندی دوو کەس بە مەجەی گەورە و مەجەی گچکە ناسرابوون. ئەوەی گەورە زەلامەکی بەقیافەت و بەقەوەت و لاشەڕ بوو. ئەوی دیکەش پوخە و فشەکەرو منجڕ بوو.

مەجەی گچکە لەناو قەرەبارغی گێچەری بە مەجەی گەورە دەکرد و رانەدەوەستا و خۆی گیف دەکردەوە . ئەوی گەورەش بەناچاری چینە لێدانەکی چاکی لێدەدا و وسکتی دەکرد. کە مەجەی گەورە لەوێندەری دەڕۆیشت مەجەی منجڕ فشەفشی دەکرد و دەیگۆت: هەتا ئەوها نەیتەپێنم .. داناکەسێ..!!

تێبینی:- داناکەسێ : تەمبێ نابێ
منجڕ: لاسار

خێرو شەڕت بەرامبەرە

ژنەك چوە کن مەلایەکی و پێی گۆت: مامۆستا.. ئیشی ناشەرعی دەکەم و پارەکەش بە تەژگەبەڕ دەدەم لۆ مزگەفتێ. ئایا خێرم زیاترە یان شەڕ..!؟

مامۆستا جوابی دایەوەو گۆتی: خێرو شەڕت بەرامبەرە.. بەس قون دڕانەکەت لۆ دەمێنێتەوە..!!

لۆ نەهاتییە دەوامێ

رەمەزان فەرمانبەری کشتوکاڵ بوو لەهەریێ و بەماتۆڕی زراعە(ئێم - زێد) هاتوچۆی دەکرد.

رۆژێك ماتۆڕەکەی تێك دەچێ و بەتەکسیەکی خەتی رواندزێ چوە دەوام. شوفێرەکە بەخەتی بەسەرمێ دا دەیوێست بڕوات و رەمەزانی لەدوڕیانەکەی هەریێ دانا.

لەتەنیش تابلۆیەکی رۆخ جادە راوەستا. دەستی لەهەر تڕومبێلەك رادەگرت لەجیاتی راوەستان بە تەناش هەردەستاو دەی قوچاند ئەویش نەیدەزانی مەسەلە چیە کەئاوڕی لە پشتە خۆی داوە دیتی پۆستەرێکی گەورەی رەسمی مەلا مستەفا بارزانی هەڵواسراوە!! ئەویش لەترسان لەجیاتی بەرەو لای هەریێ بڕوا ڕووەو مامەجەلکە ملی لێنا.

لۆ سبەینێ کەچوە دەوامێ پێیان گۆت: لۆ نەهاتیە دەوام ؟..

گوتی: لەترسی مەلا مستەفا نەوێرام بێم..!!

مو مسەدەس شایل عەریزە

لەهەشتاکان سەدام حوسێن سەردانی رواندز و خەلیفانێی کرد. لەگەڕانەوەدا بەهەریڕێدا هاتەوە. مام رەمەزان فەرمانبەری زراعەی هەریڕ بوو زەلامەکی بەژن دریژو باریکەلە بوو. پاش(٣٠) ساڵ خزمەت هیچی بەهیچ نەکردبوو. عەریزەیەکی لەگیرفانی داناو بەسواری ماتۆڕی (mz) بەپیر سەدامەوە چوو. لەنشێوەکەی ئەودیو باتاسێ تووشی کەژاوەی ترومبێلەکانی سەدام بوو. لەمشەوەشیان لەناوەندی جادە راوەستا. سەباح میرزا بەگورجی دابەزی و هاتە لای رەمەزان ئەویش دەستی لۆ گیرفانی برد. یەکسەر سەباح میزراش تیە دەستەکی لەقۆڵی داو شکاندی و سەقەتی کرد. پاشان تەماشای گیرفانی رەمەزانی کردو گوتی: سەیدی .. مو مسەددەس شایل عەریزە..!!

گەورەم دەمانچە نیە وعەریزە بوو.

گەورە و تەواوی خۆرێ مەخۆ

کابرایەك چوە کن مەلای و گۆتی: مامۆستا.. نوشتیەکم لۆ بکە لۆ ئەوەی خۆرێ نەخۆم..!!

مامۆستا گۆتی : نووشتیت لۆ چیە..

گەورەو تەواوی خۆرێ مەخۆ..!!

سمەم کەس بی... ئەوڕۆم جێژنە دەبی

سمەو بابی پێکەوە چوونە ئاشی. خەرك گۆتیان: تفەنگ یان خەنجەرەکی لەگەر خۆتان ببەن.بابی گۆتی: مادام سمەم لەگەرە شمەکم لۆ چیە..!؟

لەئاقارِی دزو جەردە رووتیانکردنەوە و سمەش قوچاندی و بابی بەجێهێشت . پیرەباب بەسەرو گێلاکی شکای و دەست بەتار هاتەوە گوندی .

گۆتیان: چت بەسەر هاتیە..؟

گۆتی : دزو جەردە رێیان لێ گرتین و رووتیان کردینە؟

گۆتیان: باشە.. ئەدی سمەت لەگەر نەبوو..؟

ئاخەکی هەرکێشاو گۆتی : وەڵڵا بابە.. هەتا سمەم کەس بی.. ئەوڕۆم جێژنە دەبی..!!

چت پێگۆتیە هەر ئەوها بڕێ

جاران کەرە(گوڵە)[1] یەکیان لۆ شوانی پەیدا دەکرد. تێرکەکیان لەسەر پشتی دادەناو و شمەکیان لێ باردەکرد. شوانیش وەکی ماندی دەبوو (عارەبی)[2] سواری پشتی دەبوو.

شوانەك مێگەلە مەڕی لە لەوەڕێ هیناوە و لەهۆڕێ دایکردن. بەهەچە هەچچە و عەیزەرانیش کەرە گولەی تەنگاو کردبوو لەکۆسپەی دەرکەی قەمتەرێ غەزری[3] بوو. ساعێب مەڕ وەکی تێفکری زانی ئەو ماستە موەکی تێدایە..

بەشوانی گۆت: کاکە.. چەند جارە چت پێ گۆتیە هەر ئەوها بڕێ و چیدیکە عەزیەتی مەدە..!!

شوانیش گۆتی: هەچچە.. هەی داکی ساعێبت (....)..!!

کەرە گولە بەلووسی(عەمباز)ەکی داو چووە ژۆورێ..

تێبینی:-

1. گوله: پووخه.
2. عارەبی سواربوون: تەنشتاو تەنیشت سواربوون لۆ ئەوەی تەواو مێگەلی لێ دیاربێت.
3. غەزری: عیناد بووبوو.
4. عەمباز: بازدان.

کەتنی کردبایە نەدەبووە مەئموونی خۆی

ساری ١٩٦٥ی زاینی تازە بەزمی جەلالی و مەلایی پەیدا بوو بوو. مەنسوولەکی پێشمەرگەش لەنەفەرەکی جەماعەتی خۆی بێزار بوو بوو. نامەیەکی دایە دەستی تاکو بیباتە مەکتەبی عەسکەری لەناو پردانێ. ئەویش بە ئەمانەتەوە نامەکەی تسلیم کرد و چاوەڕێی جوابی دەکرد .

هەندەی پێ نەچوو قۆڵبەستان کردو بردیانە مەحکەمە . چەندەی بینە و بەردەیان پێ کرد دەرکەوت هەر ئاگاشی لەو مەسەلە نیە..!! بۆیە حاکم گۆتی : ئەگەر کەتنەکی کردبایە قەد نەدەبووە مەئموری خۆی و ئازادیان کرد..

هەچە هەچەیە.. نەچە چیە

لە سالانی نەوەتەکان و گەرمەی شەڕی خۆکوژی شوفێری پیکەپێك کەخەڵکی گەرمیان بوو لە سەیتەرەیەك چەندی پرسیاریان لێکرد تێنەدەگەیشت. کارمەندی سەیتەرەکەش بێزاربوو بوو .. لەڕقان هاواری کردو گۆتی: نەچە..!!

دیســـان شـــوفێرەکە تێنەگەیشـــت. کارمەندێکی دیکەی ســەیتەرە کە ســۆرانی دەزانی و ئاگای لەو کەین و بەینە بوو.. جا بۆ ئەوەی ئیزنی بدات. بەدەنگی بەرز گوتی: هەچە..!!

شـــوفێرەکە واقی وڕمابوو.. هەر لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئەك براڕۆ.. هەچە هەچەیە .. نەچە چیە..!!

هەم تڕید توالیت

ساڵی ١٩٨٠ی زاینی عەسکەر بووم لەسریەی ئینشائاتی یەك لەدیوانیە. بێجگە لەکورد عارەبەکان هەموویان(ســـیلاح سز)[1] بوون . ڕۆژێك لەگەڵ دوو عەسکەری دیکە یەك سەعات درەنگتر لەئیشێ گەڕاینەوە . تومەز خواگیرەك شیعاراتی حزبی لەئاودەستێ نووسیبوو. لەلایەن ئیستخباراتەوە هەموو لەســەر چیچکان و دەســت لەســـەر لەپشـــت مل ســـەر نەویکرابوون. ئێمەشـــیان وەك ئەوانی دیکە ریزکرد . زۆر هیلاك بووبووم و بەمەزندەی خۆم وێستم فێڵێك بکەم . دەستم بەرزکردەوە و گوتم: سەیدی.. ئەرید توالێت..!!

ئەویش بەتیلەی چاو ئیشارەتی لۆ دوو کەس کردو گوتی: عەفیە.. وەدوو.؟؟ واتە: ئافەرین .. بیبەن .ســـەت مەترێك دووریان خستمەوە و بێ قسور تێیان هەڵدام و منیان خستەوە ناو ریزێ . کەسیش(فززە)[2]ی لێوە نەدەهات .

ســـەیدی بەگاڵتەجاڕیەوە ئەو جارە پێی گوتم : هەم تڕید توالیت..!؟ واتە دەتەوێ بچیتەوە سەر دەستاوێ !!؟

لە ترسان گوتم: شکرا.. سەیدی

تێبینی:-

1. سیلاح سز: بێ چەك، عەمەل مەندە.
2. فززە: نوقە، بێ جولە.

ئەو لەمن نەقورا تڕە

لەمەجریسەکی قەڕەبارغ کابرایەکی خڕکەڕە پارەوانیەتی خۆی دەگێڕاوە . هەر دەیکوشت و نەیدەشاردەوە. کۆسەکی زۆرزانیش هانی دەداو دەیگۆت : کاکە.. ئازایەتی هەر لەشان و شەوکەتی تووە دەوەشێتەوە..!! خەرکەکەش تێکڕا ئەشەدو بیلایان لۆ لێدەدا و پێدەکەنین..

ناسیاوەکی کابرای خڕکەڕەش وەژوور کەت و ئەویش مشەوەش بوو. بەگورجی هەستاوە و گۆتی جەماعەت لەقەوامی من دەرچوو.. ئەمن بەدوعا..!!

گۆتیان ئەوە چ بوە .. لۆ ئەوها زندەقت چوو..!؟

گۆتی: کاکە .. ئاخر ئەو لەمن نەقۆرا تڕە..!!

قەل بەهێلانێدا ڕیتیە..؟؟

میرەك مێوانی میرەکی دیکە بوو. لەپاش نانخواردنێ، دەنکە برنجەك لەناو سمێڕی خانەخوێ گیر بووبوو. خورامەکەی گۆتی: میرم.. بەرازەك لەناو چەمی عاسێ بوە..!!

ئەویش تێگەیشت و دەستی بە سمێڕی خۆیدا هیناو لێی کردەوە.

کە گەڕانەوە گوندی خۆیان.. بەخورامەکە گۆت: هایت لێ بوو.. خورامی میری کو عەیب و عاری میری دادەپۆشی..!؟ دەبی ئەتوش وەکی وی ئەگەر عەیبم هەبوو لۆم داپۆشی . پاش عەیامەکی میری گۆرین سەردانی میری دیکەی کرد و لێی مێوان بوو. لەوەختی نانخواردنێ دوو سێ پشکە ماست بەسەر ردێنی میردا رژا. خورامەکەش لۆ ئەوەی برێن وەکی خورامەکەی دیکە زۆرزانە گۆتی : میران.. قەل بە هێلانێدا ڕیتیە..!!

مار بۆر بەرەك

کەسێکی لای ئۆمەرگومەت و سێگردکان لەئیشوکاری رۆژانەیدا زۆر ماندوو دەبوو. هەرچەندی دەکرد خۆی لەئیشێ بدزێتەوە نەیدەتوانی لەبەر ئەوەی هەمویان وەك ئەو ماندوو بوون.

رۆژێك مارێکی بۆربەرەك بەقاچیەوە دەدا. کەوتە سەرجێ و قاچی زۆر ئەستور بووبوو. ئەویش قاچ هێشانەکەی پێ لەئیشێ خۆشتربوو. ناوە ناوە سەیری قاچی دەکرد و دەیگوت: مار بۆربەرەك .. گەر بەت نەمرم .. بەت حەسایمەوە..!!

هەندە بەتەماع مەبە

لە هەراتنەکەی بەهاری ١٩٩١ی زاینی کەسێك بەترومبێلی بەرازیلی خۆی و مارو منداری پێ قورتار کردبوو. لە لۆفەکەی مابەینی سەرتاو باسەرمێ تایەی پەنچەر بوو. ئەویش خەریکی تایە گۆڕین بوو. دەنگە دەنگەك لەودیوی ترومبێلەکەی دەهات. تەماشای کرد دوو کەسی هێزی(ئاڕ ئاڕ) خەریکی لێکردنەوەی تایەکانی دیکە بوون.

پێی گۆتن: چیە.. خۆ فەرهوود نیە.. ئەو تایانە لۆ لێدەکەنەوە..؟

گۆتیان: بەسە بەس.. هەندە بەتەماع مەبە..!!

تێبینی:-

هێزی ئاڕ ئاڕ: پاتارچی، راو ڕووت.

هەموو شتەکی هەیە.. بەس کەرامەتی نیە

لەزەمانی مەلەکی پۆلیسەك هەر لەخۆرا زلەیەکی لەهەژارێکدا ئەویش قبوری نەکرد و زلەیەکی لێداوە و راپێچی پۆلیسخانەیان کرد.

مەئمور مەرکەز تەماشای سەروسیمای کابرای کردو بەپۆلیسەکەی گۆت دەبێ لەتۆرەی لێدانەکە پەنجا روپیەی بدەیتێ و داوای لێبوردنیشی لێ بکەی..!!

هەژارەکە بەو پارەیە کاسبی کردو بەدوو ساران دەورەمەند بوو. مەئمور مەرکەز بەپۆلیسەکەی گۆت دە ئێستا بڕۆ لەناو خەرکی دوو سێ شەقی لێدە.

پۆلیس گۆتی: باشە بە هەژاری لێی قبور نەکردم ئێستا بەدەورەمەندی هەر دەشم کوژی.

مەئمور گۆتی: ئێستا جێی مەترسی نیە..!!

پۆلیس راسپاردەکەی جێبەجێکردو کابرا هەر نوقەشی لێوە نەهات..!!پۆلیسەکە بەمەئموری گۆت باشە.. لۆ بەهەژاری قبوری نەکردو ئێستا بێدەنگ بوو..؟

مەئمور گۆتی: کە هەژار بوو کەرامەتی هەبوو ئێستا کە هەموو شتی هەیە بەس کەرامەتی نیە..!!

وەی لەو سوعبەت چیەی

چەند ماستاوچیەك خۆیان لێ گۆرابوو. لەپەنای مەنسوولەکەیان کاری نابەجێیان دەکردو بێ منەت بوون. خەرکەکی زۆر شکایەتیان لێکردن و لەوانەش ناسیاوەکی خۆی .

مەنسولەکە بڕیاریدا سزایان بداو لەبەردەم خەرکی سوك و ریسوای کرد ن و هەرچی جوون و قسەی ناشیرن بوو پێی

دان . ماستاوچیەکانیش هەر بەسەر خۆشیان نەدەهێناو بەپێکەنینەکی درۆزنانە یەکەکیان دەیگوت : وای لەو مەنسولە سوعبەت چیەی..!!

دەفڕی و نافڕی

عەسکەرەکی ئیحتیات ناوی کاکەمین بوو رەوانەی مەعەسکەری کرا. ئامر سریە ئیشارەتی لۆ گیرفانی دەکردو لێی پرسی : فیل.. دەفڕێ یان نافڕی؟

گۆتی: سەیدی.. نافڕی.

ئامر سریە دارەکی لەهورگی راکردو سێ رۆژ سجنی کرد.

کە بەربوو لێی پرسیەوە فیل دەفڕی یان نافڕی..؟

لەترسان گۆتی: سەیدی.. فیل دەفڕی..

ئەو جارەش سزا دراوە.جاری سێیەم پێی گۆت: ئێستا راستم پێ برێ.. دەفڕی یان نا؟

کاکەمین لەنیازی گەیشت و هەندەك پارەی لەناو دەستی ئامر داناو گۆتی: سەیدی.. دەفڕی و نافڕی..!!

عەلێکومە سەلاااام

لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوول مەلا مستەفا بارزانی سەردانی زۆرێك لەناوچەکانی کرد. کە گەیشتنە گوندی جەلی خەڵك بۆ ڕێزلێنان لەپێشت مزگەفتێ لەپێشوازی ڕاوەستابوون. کابرایەکی ساویلکەش لەسەر لاتەنیشتەکی پاڵیدابۆوە و دەستیشی لەپشت سەری دانابوو. کە مەلا مستەفا گەیشتە لای خەڵکەکە سەلامی لێکردن و هەر بەپاڵدانەوە بە دەنگەکی بڵند گۆتی: عەلێکومە سەلاااام... بەخێراتی مەلا مستەفا..!!

ئەویش ئاوڕی لێداوە و چوە لای و دۆقەکی گەرمی لەگەڵ کرد و بەزەردە خەندەوە پێی گۆت: کاکە ..هەر باش بوو منت ناسی..!!

تێبینی:-

مەلا مستەفا بارزانی لەلایان حاجی حمەدەمین جەلی زادە مێوانداری کرابوو..

چما هەر ئەمن بزنم

کەسێکی سەرەڕۆ و منجڕ تەشقەرەی بەژنەکی بەمێرد دەکرد و وازی لێ نەدەینا. ژنە بەناچاری مێردی ئاگادارکردەوە و بەهەردووکیان پیلانەکیان داڕشت.

منجڕەکە لەسەری کۆرانێ سەرە دیقانەی دەکرد. پیاوە بەژنەکەی گۆت: ژنێ.. دەچمە سەفەرێ و دوو سێ رۆژم پێدەچی و رۆیشت . ژنەکە گاسی کەسەکەی کردو بردیە ژۆرێ . پاش چارەکە سەعاتەکی مێردی ژنەکە هاتەوە و لەدەرکەی عەوشەیدا. ژنە خۆی مشەوەش کرد و بەمنجڕی گۆت : هەستە بڕۆ ناو کۆزی بزنان وخۆت رووت کەوە لۆ ئەوەی وەکی بزنان دیار بی کابرا وەژوور کەت و گۆتی ژنێ.. زەوقم هەستایە..!!ژنەش گۆتی تاقەتم نیە..

کابرا گۆتی: ئەگەر بەقسەم نەکەی دەچمە زگ بزنان.

دوو جاران بەو نەوعەی لەناو بزنان منجری ئەتك دەکرد. جاری سێیەم هەردەستی لۆ برد .. منجڕ بەرووتی دەرپەڕی و هاواری کرد و گۆتی : ئەرێ چما هەر ئەمن بزنم..!؟

پاشەرم دەخورێ

پێشـــمەرگە لۆ خواردن و نووســـتنێ لەماڵان تەوزیع دەبوون. شـــەوێك پێشـــمەرگەیەك مێوانی ماڵێك بوو. ژنی خانەخوێش زوو لەنیاز خراپی گەیشت. وەختی نووستنێ جێگەی مێوانی لەو دیو ســۆبە راخســت و هی خۆی و مێردەکەشــی لە دیوەکەی دی راخست.

پاش فانۆس کوژاندنەوە یەکســـەر جێی خۆی لەگەڵ مێردەی گۆڕیەوە. کە شــەو راکشــا مێوا نەیزانی ژنەکە جێگەی گۆڕیــە و خۆی خزانــدە بن لێفێ و بــەحســـــاب هی ژنــەکــەیــە. خانەخوێ وەخەبەرهات و گۆتی: کوڕە کابرا.. چت دەوێ ..!؟

مێوان لەترســـــان نەیدەزانی چ بڵێ و بەناچاری گۆتی: پاشـــــەرم دەخورێ..!! خانەخوێ دەســـتی کرد بە پەکو پەکو.. شەیتان بەلەعنەتکردن و بەتوڕەیی گۆتی سەگی سەگباب.. هەتا نەمکوشتی..هەستە بڕۆ دەرێ..!!

مێوان بــەس بــەدەرکردنێ مــەمنوونیش بوو بــەگورجی دەرپەڕی و رۆیشت..!!

تێبینی:-

خەرکی گوند و شـــارو دەوارنشـــین بەو شـــێوەیە دالّدەی چەکداریان دەدا. ئێستاش.. تەنیا ئەوان فەرامۆشن..!!

ئەوە کێ بوو ئحمەکی کرد

لەزەمانی حوکمی مەلەکی کابرایەکی گوندی(لهێبان) لەقەراجی لێی درابوو. عەلی قەمچی رەشیش لۆ سۆراغی ئەو مەسەلە هاتبوو. خەرکی گوندیش لە عەوشەی مارێ ئاغای گوندی خڕ کردبۆوە و بەسواری ئەسپ لەسەر سەکۆی مارێ ئاغا راوەستابوو هەڕوگیفی دەکردو دەیگۆت بەس پێم برێن کێ لەو کابرایەی دایە..!؟

لەترسان کەس نەدەوێرا فززەی بکا . لەناکاو کەسێك ناوی برایم بوو.. ئحمەکی لێوە هات.

مفەوەز عەلی توڕە بوو گۆتی: ئەوە کێ بوو. ئەو ئحمەی کرد..؟

برایم هاتە پێش و بەترسەوە گۆتی ئەفەندی ئەمن بووم..!!

مفەوەز عەلیش بەقامچیان شلوکوتی کردو بەدەنگەکی گەورە گۆتی: بەس دەمەوێ بزانم.. ئەتو کو دەوێری لەبەرامبەرە من برێی ئحم..!؟

خەڵکی دیکە دەبێ چۆن بێ

لەنێوەی شەستەکانی سەتەی بیستەم مەلایەك سەردانی بارەگای بارزانی کرد لەدیلمان . کەنۆبەتی هات گوتی : جەنابی سەرۆك بارزانی پێشمەرگەت لەو خەڵکە بەردایە و سوغرە و پارەو سەرانە لەخەڵکی دەستێنن چونکە شۆڕش هیچیان ناداتێ. پاش تەواوبوونی گلەیی و گازندە مەلا مستەفا گۆتی : مامۆستا.. هەقاڵێکم لەو کەپرەی خوارێ دانیشتیە و ناوی فلانە و لێم توڕە بووە . داوای پارەی لێکردم و پارەم نەبوو. دە فەرموو ئەو پەنجا دینارەی بۆ بیە و ئەگەر توانیت ئیقناعی

بکەی لەگەڵ خۆتی بێنە ئێرە .. وەعد بێ هەموو داواکاریەکت جێبەجێ دەکەم . مەلا پارەکەی وەرگرت و رۆیشت و هەرزوو کابرای هێنا . مەلا مستەفاش گۆتی: هەڤاڵ.. سەیدا چەند پارە دا تە ..!؟

گۆتی: ئەزبەنێ.. پێنج دینار..!!

مەلا مستەفا گۆتی : ئەتو مەلای و لەو بستە رێیە لە(٥٠) دینار (٤٥) دینارت لێ قرتاند. باشە.. هەتا پارە دەگاتە ناوچە دووڕەکان چی بەسەردێ..!؟

مەلا لەشەرمان پارەکەی داناوە و قوچاندی..!!

بەتڕەوەش هەر خۆشم دەوێی

کوریژگەیەکی رەشتارەی کورتەخنە سەرە دیقانێی لەگەر کچەکی قەرەوی هورگن دەکرد . رۆژەك لەکۆرانێ تێکهەرنگفتن. کورە لەخۆشیان نەیدەزانی چ بڕێ. کچەش لۆ ئەوەی تاقیبکاتەوە، پێی گۆت: ئەگەر هەرم گری مێردت پێ دەکەم.

کوڕە پڕی دایێ کەهەری گری .. تەکانەکی دا خۆی و بایەکی لێ بەربوو..!!

لەشەرمان ملی شۆڕکردو ویستی بڕوا. کچەش زانی بەڕاستی کوڕە خۆشی دەوێ پێی گۆت: کورەتیم.. گێمەدێ بەتڕەوەش هەر خۆشم دەوێی..!!

تێبینی:-

تێهەرنگفتن: رووبەڕوو توشی یەك بوون.

چما ئەتو بەو نەوعەی هەرم دەگری

پیرەژنەکی شـەت و گێڕ دەیویسـت لەچۆمێ بپەڕیتەوە و کابرایەکی بێوەمێردیش چاوی پێ کـەت و لـەدری خۆیدا گۆتی: وەڵڵا لەو ژنەم باشـــتر بەدەســـت ناکەوی و بەژنەکەی گۆت: ئەگەر رازی بی هەرت دەگرم..!!

ژنەش گۆتی : خوا خێرت بنووسی..!!لەچۆمێ پەڕاندیەوە و هیدی هیدی دەستی گرتبوو دەڕۆیشت.

ژنەکە گۆتی: ئەوە لۆ کێندەرم دەبەی !؟

کابرا گۆتی: ئەدی نەمگۆت هەرت دەگرم و ئەتوش رازی بووی؟

ژنەکە لەنیەتی گەیشـت و گۆتی: هەی لەدەوێ بابت ڕیم.. چما دەتەوێ بەو نەوعەی هەرم گری..!؟

تێبینی:-

چۆم: رووبار

دەمانچەی کابرا بەچەندی دەکڕن

لە ســـاری ١٩٩٣ی زاینی لەپرســـگەی خەســـتەخانەی تـەواری هـەولێرێ دوو جـەمـاعـەتی چـەکدار لۆ مواجـەهـەی نـەخۆشـــان هاتبوون. هەردوو جەماعەت لەزەمانی ســـەدام مەفرەزە خاسەبوون و پاشان بووبوونە پێشمەرگە خاسە..!!

کەســـێکی پۆشـــتە وەژووڕێ کەوت و دەمانچەی چارده خۆری تـەســـلیم بـەپرســـگـە کردو چوە ژۆرێ . لـەهـەردوو جـەمـاعـەت بووە مقۆ مقۆ لۆ ئـەوەی فـەرهودی بکـەن . یـەك لەچەکدارەکان چووە لای جەماعەتەکەی دیکە و گۆتی : چارده خۆری کابرای چووە ژۆرێ بەچەندی دەکڕن..؟

وەلحاســـڵ بەچاردە هەزار دینار پێکەهاتن و پێشـــەکی هەشـــت هەزار و باقیەکەش لەگەر تەســـلیم کردنی دەمانچەکە وەرگرن. چوونە دەرێ لۆ دانانی کەمین. وەکی کابرا هاتە دەرێ چار پێنج ترومبێلی چەکدار هاتنە دەرکەی پرســگەو بەبێ منەتی چونە دەرێ و ســـواری ترومبێل بوون و رۆیشـــتن. هەردوو جەماعەتیش نەوێران خۆی لەقەرە بدەن و تێر تێر بەخۆیان پێکەنین..!!

گێلیەکە باشترە

بازرگانەکی خشـڵ و زێر بەسـواری وڵاغ ئەو گوند و ئەو گوند دەگەڕا. لەئاقارەکی گەیشتە لای شوانەکی و سەلامی لێکرد. شوانەش جوابی داوە و گۆتی: ئەو بارە چیە؟

گۆتی لابارەك زێرە و لایەکیش بەردە لۆ پارسەنگی..!!

شـــوان گۆتی : هەی گێلە.. بەردەکان فڕێدە و بارەکە ســـووکتر دەبی و لەبەر چاووزاری خەرکیش بارەکە گچکەتر دیارە . بازرگان تەگبیرەکەی بەدرێ بوو بەردەکانی فڕێدا. لە شوانەکە دوورکەتەوە و لەدرێ خۆیدا گۆتی: باشە.. شوان بەو زیرەکیەی خۆی نەبوێتە هیچ ئەمنیش بەو گێلاتیەی خۆم ئەو بارە زێڕەم هەیە..!!

هەســـتا بارەکەی وەکی جاران لێکردەوە و گۆتی: کاکە.. گێلیەکە باشترە..!!

هەر قوتابیەك سەی بێنێ.. پاداشتی ئەکەم

لەهەشتاکانی سەتەی بیستەم لەقوتابخانەیەکی ناوچەی پشدەر مامۆستایەکی خەڵکی سلێمانی رۆژێك پێش ئیمتیحان بەقوتابیەکانی گوت: هەر کەسێ سەی بێنێ پاداشتی ئەکەم..!!

ق وتابیەك گوتی: مامۆستا.. بەخوڵای من بۆت دێنم..

مامۆستا گوتی: بەخوا باوەڕناکەم تۆ سەی بێنی..!!

بۆ بەیانی قوتابیەکە بە پەتێك سەگێکی زەبەللاحی دەگەل خۆ هێنا. گوتیان: بۆچی ئەم سەگەت هێناوە ؟ گوی بۆ مامۆستام هێناوە .بەمامۆستایان گوت: ئەها.. ئەم قوتابیە سەگێکی بۆ هێناوی.

مامۆستاش بە حەپەساویەوە گوتی: رۆڵە.. خۆ من نەم ووت سەگم بۆ بێنە.. گوتم لەئیمتیحانە سەی بێنە..!!

مین هەڵگرتنەوە

ساڵی ١٩٩٢ی زاینی، دەزگایەکی مین هەڵگرتنەوەی سەر بە(یوئێن) لەکوردستان بوو. پێشمەرگەیەك شارەزای ئەو بوارە بوو گرێبەستی کارکردنی لەگەڵ دەزگاکە کرد. رۆژی دووەم خالید(٨٣) مینی هەڵگرتەوە و لەناو گونیەیەك بۆ دەزگای هێناوە.

بەرپرسی دەزگاکە بیانی بوو پێی گوت: ئەوە پارەی یەك مانگ و گرێبەستەکەت کۆتایی هات.!!

ئەویش گوتی: بۆچی دەرم دەکەن..!؟

بەرپرس گوتی: ئێمە نەهاتوین بۆ سێ چوار مانگ کارکرد و هاتوین.. دەیان ساڵ لێرە بمێنینەوە..!!

پارەم وەرگرتیە.. بەس بەقەرز

ساڵی(٢٠٠٠) زاینی سەرۆك لیژنەی پرۆژەیەك(١٥٠) دیناری ئەسڵی لەمقاولێك وەرگرتبوو. ئەندامەکانی لیژنەش ئاگایان لەو معامەلەیە نەبوو. زۆربەی ئیشەکانیش ئەنجام نەندرابوون، مقاولە فەندیش بەبێ منەتی گۆتی: کاکە.. ئەمن پارەم دایە.. تەوقیعم لۆ بکەن.

بوە شکایەت و شکایەتکاری. لێکۆڵەر ئەندامانی لیژنەی سوێندا و زانیان سەرۆک لیژنە بەرتیلی وەرگرتیەوحاشای پێناکرێ .. بۆیە گوتی: بەڵێ پارەم وەرگرتیە.. بەس بەقەرز..!!

ئێ عاسمانێ لە بۆ وا دەکەن

سەرەتای شەستەکان عەشایری عارەبی (سوریا)یان هێنابوو بۆ شەڕی کورد. بەئاقارو بناری چیای هەیبەت سوڵتانیان وەرکردن. بەرەو حەماۆك و میرسەید بەهوتاف لێدان دەیانگۆت ئحنا بەدو.. وێنە عەدو.. وەك بۆ ڕاوە کەرووێشك بچن بەزەوق و گۆرانی. پێشمەرگەش بە قیادەی مستۆی حاجیەمین لەهێزی سەفین لەپێشوازیان بوون.

لەگەڵ یەکەم دەستڕێژی فیشەک بەدوەکان وەك مەڕی بێ شوان تێك ئاڵابوون و هەر دەتدیت نەعل و عەگال دەفڕی و بە ماوەیەکی کەم کەسیان لێ قورتار نەبوو .لەتۆڵەی ئەو گورزە جەرگ بڕە حکومەتی عێراق بەپێنج شەش تەیارەی(هۆکەرهنتر) دۆڵی سماقوڵی و داری ئەسحابانیان بۆردومان دەکرد. ژنە ڕەوەندەکی بەجورئەتیش بەگوریس گۆلکەکی هێدی هێدی لەدوخۆ ڕادەکێشا و تەیارەیەك شەستیر بارانی کرد و ژنەش خۆی لەگووڕە نەدەبرد . پاشان سەری هەڵبڕی و گۆتی : هەی

ئی برای منتان دەداێوە.. ئێ عاردان هار بووینە.. ئەتو لەبۆ وادەکەی..!؟؟

تێبینی: لەو شەڕەدا فڕۆکەکان چەند پێشمەرگەیەکیان بریندارکرد. کوڕو باوکێك هەردووکیان بریندار بوون . لەگەڕانەوەدا لەناو رووباری جەلی کوڕە بریندارەکە ناوی(حەمەدەمین) بوو چاوەکانی کوێر بووبوون و پێشمەرگەیەك لەپشتێی کردبوو. کە گوێی لەشوڕەی ئاوێ بوو.. خۆی بەردایەوە و ئاوی خواردەوە و برینەکەی سار بۆوە . کە پەڕاندیانەوە یەکسەر گیانی سپارد..!!

سۆپەرەکەی خۆی کڕیەوە

ساری ١٩٩٥ی زاینی لەگەڕەکەکی شاری هەولێری مام خدر کوڕەکی لەشەڕی ئێران و عێراق کوژرابوو. حوکمەتی عێراق ترومبێلەکی تویوتا سوپەری بەدیاری پێدابوون. بەخۆی شوفێری نەدەزانی و نەوەکانیشی گچکە بوون، لەبەر هەندێ لەعەوشەی مارێ تایەکانیان لێکردبۆوە و لەسەر بلۆك دایاننابوو.

لەخودا نەترسەك خەبەری دابووە راو ڕووتچیەکان و هاتن بەتۆبزی سۆپەرەکەیان لێ ستاندو سێ کۆران لەولاتر دایان نابوو. هەر بەخۆشیان چوونە کن مام خدر و پێیان گۆت: سۆپەرەکەت پێ دەفڕۆشینەوە..!! چونکە سۆپەرەکە یادگاری کوڕە جوانە مەرگەکەی بوو.. لەحەژمەتان بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە بەحەفتا هەزار دینارێ ئەسڵی لێی کڕێنەوەو گۆتی: یارەبی نەخشەی کوڕی منتان لێ بی..!!

قوربان.. ئەحەی خزمەتکارت

لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ی زاینی لەعێراق لەشاری سلێمانی کارمەندێکی سەرژمێری عارەب کوردی نەدەزانی و بەعارەبی بەکەسێکی گوت: شسمەك؟ واتە ناوت چیە؟

ئەویش عارەبی نەدەزانی و گوتی : قوربان ئەحەی خزمەتکارت..!!

عارەبەکە وا تێگەیشت ناوی سیانی کەسەکەیە و وەك چۆن ئەحە گوتی تۆماری کرد..!!

ئەنا گاش

لەهەشتاکان خەرکەکی زۆر جاشی بندیوار بوون و بەناوی جاشی خسوسی و جاشی عادی لەفەوجە سوکەکان ناونووس کرابوون سەرۆك جاشەکان ئەوەندە بەتەماع بوون خەرکی غەیرە کوردیش لەعارەب و تورکمان و مەسیحی هەویەی جاشایەتیان لۆ کرابوو حوکمەت بەو فرت و فێرەی زانیبۆوە و پێداچوونەوەی بەلیستی ناوی جاشەکان کردەوە . کەسێکی میسری لەلای موستەشارێك ناونووس کرابوو.بەعارەبی لێیان پرسی: شیشتوغول!؟

بەڕاستی جوابی داوەو گۆتی: ئەنا گاش بتاع(..... ....)..!! واتە جاشی فلانە کەسم..!!

دەرێن بوویتە بوراق

لەسەرەتای هەشتاکانی سەتەی بیستەم شێخەکی ناسراو و ساحێب تەکیەو دونیایەك موورید و دەرویش بووبوە سەرۆك جاش(موسەشار). دەرویشەکی بەستەزمان و موخلیس و

موفلیس هەموو عومری خۆی لەخزمەت شێخ و تەکیە سەرف کردبوو. سەری سووڕمابوو لەوەی لەجیاتی شیروتیر و زەرگ لەخۆدان و دەف لێدان و هایوهووو.. خەرکی چەکدارو نەناسراو بەجلکی عەسکەری و عارەب لە دەوروبەری مارێ شێخی هەبوون . لە کابرایەکی پرسی: ئەرێ ئەو بەزمە چیە..!؟

کابرا گۆتی چما نازانی.. شێخ بوێتە سەرۆك جاش.؟

دەروێش لەڕووی نەدەهات بەمام شێخ بڕێ و باوەڕیشی نەدەکرد..!!

رۆژەك لەسەر چیچکان لەحزوری شێخ دانیشتبوو، بەشەرمەوە گۆتی : یا شێخ.. ئەرێ راستە دەرێن ئەتو بووێتە بوراق..!؟

لا یەئکول بەگونم

ساری ١٩٧٧ی زاینی لەئامادەیی بازرگانی ئێوارانی تێکەڵاو بووین لەبنایەی قوتابخانەی سۆران لەگەڕەکی سێتاقان. هەموو پێنج شەمەموان قوتابیان لۆ تەعیەتول عەلەم رێز دەکران. (حەسەن حوسێن) خانەقینی نازناوی (ئەبو قائد) بوو مەسئولی مەکتەب تولابی بەعسی بوو. جارجارە بەمایکرفۆن شیعاراتی دەخوێندەوە و وتاری دەدا. شیعاراتەکانیش وەك (عەمەلوکە شەرەفوکە، ئەلبەعسو تەریقونا، مەن لا یەنتوج لا یەئکول...هتد) ئێوارەیەك رەفیق ئەبو قاید شیعاری دەخوێندەوەو گۆتی: مەن لا یەنتوج لا یەئکول. قوتابیەکیش لەڕێزی پشتەوە بوو بە ناوی عەلی شێخانی و بەدەنگەکی بەرز گۆتی : لا یەئکول.. بەگونم..!!

یەکسەر بوە چبوو چبوو ..هەراوهۆریا و بوە فشقیات. عەلی شێخانیش هەر بەخۆی لەریزێ هاتە دەرێ و بەخۆگیف

کردنەوە و خۆمشـــەوەش کردن گۆتی : کورە زۆر عەیبە ئەوها قســـەی قۆڕ دەکەن..!! لەو کەین و بەینەدا مەســـەلەکە تێدا بزر بوو..!!

هەر لەبەر هەندێ ئەبو قائید جارەکی دیکە تەشـــریفی نەهێناوە..!!

رزقی مانگەکی خوا ناردی

لەحەفتاکانی ســـەتەی بیســـتەم ما خدری مرور لەتەنیشـــت ســـەیتەرەی پردی قەتەوی ســـەیتەرەی دانابۆوە و تەشـــقەرەی بەشـــوفێران دەکرد. ئەگەر ئیجازە و ســـەنەویشـــی تەواو بایە عەیبەکی هەر لێ دەدیتەوە. شـــوفێرەکانیش شـــارەزا بووبوون و پێنج دیناریان لۆ لەناو ئیجازە دادەنا. مام خدریش دەیگۆت : بڕۆ پارەکە لەبن ئەو بەردەی ئەوبەری جادە دابنێ..!!

شـــوفێرەك ناوی عەمە بوو چوو پارە دابنێ و دیتی(١٣) پێنج دیناری دیکەش لەبن بەردی هەبوو. بەهێواشـــی هەموو پارەکەی دەرهینا و لەباغەری ناو گۆتی : ئەوە رزقی مانگەکی خوا ناردی..!!

لۆ چاکەی بورغیم تۆندکردەوە

لەساری ١٩٨٠ی زاینی مام خدر مرور سەری لۆفەکەی دەورەی قـــەراتێ بـــەرامبـــەر بینـــایـــەی پـــارێزگـــاری هـــەولێر ڕاوەســـتابوو. پۆلیســـەکی مروریش تازە تەعین بووبوو. بورغی سەر سوکانی ماتۆڕی مام خدری بە سپانە تۆندکردەوە.

شـــوفێرەك لەترســـی مام خدر بەتەناش هەســـتاو بەلای دیواری مەحکەمەدا سوڕاوە. مام خدریش بەسواری ماتۆڕەکەی

کەتە دو کابرای و لەکن دیواری مەحکەمە سوکانی پێ نەسوڕاوەوە و بەناو خەرکی کەت ئەوانەی لەقتعەی ئامانە راوەستابوون. زۆربەیان بریندارو کەلوکۆم بوون و مام خدریش سەروگێلاکی شکا.

پاشان زانیان پۆلیسەکەی لەگەر مام خدری بوو بورغی سوکانی ماتۆرەکەی توندکرد بۆوە. کە لێیان پرسی لۆ ئەو بورغییەت توند کردبوو..؟

گۆتی: وەڵڵا.. ئەمن لۆ چاکەی بورغیم توندکرد بۆوە..!!

یاڕەبی هەر تازیەی مەنسولان بی

ساری ١٩٩٣ی زاینی قاتو قڕی بوو کابرایەك گونیەکی لەپشت خۆی هەردابوو گەڕەك بەگەڕەك دەگەڕاو قۆدی و تێل و کەونە فافۆنی خڕ دەکردەوە . لەکۆرانەک قەرەبارغیەکی زۆری لێبوو. زۆربەی خەرکەکەش چەکدار بوون ودیتی بە(گوفەك)[1] قۆدی لێ فڕێدرایە و ئەویش لەگونیەی دەئاخنی و وای لێهات دوو سێ گونیەی پڕکرد. کەنیوڕان داهات خواردنەکی پوختەیان لۆ هیناو لەخۆشیان نەیدەزانی چ خواردنەك بخوا . لەتەماعی قۆدیەکانیش دەستی لێ بەرنەدەبوو هەر بیسی دەخواردەوە. پاشان پرسیاری کردو گۆتی : ئەرێ ئەو قەرەبارغیە چیە..!!

گۆتیان ئەوە تازیەی مەنسولەکی گەورەیە..!!

هەردوو دەستی لۆ عاسمانێ بەرز کردەوە و گۆتی: یاڕەبی خودایە.. هەر ئەوها تازیەی مەنسولان بی..!!

تێبینی:-

1- گوفەك: کۆمەڵە زبڵ و خاشاك..

ماشەڵا.. لەشان و شەوکەتی خۆی

کەسێکی پووخەی رەشتارەی خوارو خێچ لە مەجریسێ خۆی مشەوەش کردبوو باسی ئازایەتی خۆی دەکردو دەیگۆت: تووشی کابرایەکی کورتەخنەی رەشی ناشرینی سەر بۆزو منجڕ بووم و تەشقەرەی پێ دەکردم . ئەمنیش ئەسڵەن بێزیشم نەدەهات جوابی بدەمەوە ..!!

ژنەکیش خەریکی چا تێکردنێ بوو لێی وەجواب هات و گۆتی: ماشەڵڵا.. لە شان و شەوکەتی خۆی..!!

کەر نابیتەوە جاش

ساری ١٩٨١ی زاینی بەفیراری لەگوندی جەلی بووم. لەمانگی ئاب سەردانی خزمانم کرد لەدۆڵی باڵیسیان لەگوندی چیوەی ژۆری . مەلا سابیری دۆرێ داوای لێکردم کەرەکەی پێ بدەم بۆ هێنانی کەلوپەلی ماڵەکەی لەهیرانێ . بەخۆشم چوومە گوندی بێراوەی و پاش چار رۆژان گەڕامەوە چیوێ. مەلا سابیر بەپێکەنینەوە گۆتی: کاکە ..خۆهەندەی نەمابوو کەرەکەت هەمووان بەگرتن بدا..!!

ئەمنیش گۆتم: یەعنی کو..؟

گۆتی: بەشەو کەلوپەلمان بارکرد و نفوس و جنسیەو دوو جانتا کتێبمان لێ بارکردبوو . ناپەسەندەی لەجیاتی لۆ ناو باخچان شۆڕ بیتەوە .. جادەوجادە بەرەو مەرکەزی پۆلیس چوو. پۆلیسەکانیش کە زانیان کەلوپەلی ماڵی منە لەپیاوەتی خۆیان سەرەوژێر لۆ ناو باخچان لێیان خوڕی بوو. زابتەکی پۆلیسی عارەب گۆتبوی ئەو بەزم و رەزمە چ بوو..؟

پۆلیسەکیش گۆتبوی: سەیدی.. کەرەکی ناپەسەند هاتبوو خۆی تەسلیم کاتەوە و ئەمنیش قبووڵم نەکرد..!!

زابتەکە گۆتبوی: بۆچی قبوولّت نەکرد ؟
پۆلیس گۆتی: ئاخر سەیدی خۆ کەر تابیتەوە جاش..!!

بەکەس پاس ناکرێن

لەهەشتاکانی سەتەی بیستەم برایم زەنگنە پارێزگاری هەولێری بوو. لەچەند بینایەکی تەنیشت سینەمای سیروان داخیلیەی کچانی لێ بوو. لۆ بنبڕکردنی ئیشی خراپ بەفەرمانی برایم زەنگنە لەچاردەوری باڵەخانەکان پاسەوانی پۆلیسی لێ دانا.

لەدرەنگانی شەوێك برایم زەنگنە بەئوتومبێلی مەدەنی بەلای داخلیەکاندا تێپەڕی و دیتی لەزۆربەی پەنجەرەکان گوریس و چەرچەف شۆڕکرایتەوە و پۆلیسەکان پێ هەڵدەگەڕێن. هەر بەو شەوە بڕیاریدا بەلابردنی پۆلیسەکان لەو شوێنە.گوتیان جەناب.. خێرە پۆلیسەکانت لابرد !؟

گوتی: ئەگەر لەگەڵ پۆلیسەکان ئەوهابن لەگەڵ خەرکی دیکە دەبێ چۆن بن..!! پاشان بەپێکەنینەوە گوتی: وەڵڵاهی.. ئەوانە بەکەس پاس ناکرێن..!!

دە دینار زۆر نیە

لە ساری ١٩٦٥ی زاینی حەمەدەمینی بابم پێشمەرگەبوو. بەواجب هاتبوە هەولێرێ . پاش تەواو بوونی ئەرکەکەی. سەردانی وەستا برایم پینەدۆزی کۆڕی پلکی کرد لەگەڕەکی تەیراوە لۆ ئەوەی هەندەك پارەی لێ وەرگری و خواردنەکی هەولێریانیش بخوا. وادیاربوو وەستا برایم دوو مانگ بوو زۆر نەخۆش و موحتاج بووبوو. ئەویش زگی پێ سوتاو پێی گۆت:

خەمت نەبی هەر ئێســـتا دەچم پارەت لۆ پەیدا دەکەم و عیلاجی خۆت بکە..!!

پاش چەند ســـەعاتەکی هاتەوە و(١٠٠) دینـاری لۆ هێنا برایم گۆتی ئەو هەموو پارەت لەکێندەرێ هینا..؟

گۆتی: لـەنـاو بـازاڕی پۆلیســـەکی عـارەبم چـەك کردو تفـەنگـەکی ئینگلیزی یـانزده خۆری پێ بوو ئـەمنیش بـە(١٠٠) دینـارم فرۆشـــت. برایم زۆر کـەیف خۆش بوو پـارەکـەشـــی لەگیرفانی نا . بابیشـــم گۆتی: کوڕە هەی بێوێژدان.. لەو هەموو پارە زۆرەی عەلەل ئەقەل دە (١٠) دینارم بدەوە..!!

برایمیش گۆتی: ئێ باشە.. بەس(١٠) دینار زۆر نیە..!؟

ب راستی باوەڕیا من هات

کابرایەك هەندۆکەك لەڕاستی وەزعەکە گەیشتبوو دەوروبەرەکەشی خڕ مرید و دەرویێشێ مالا شێخێ بوون. رۆژەك دگەل دەرویێشەك بوە مشتومڕیان دەرویێش تۆند دەبوو. ئەو ژی گۆتە دەرویێشی ئەگەر شێخی بەرێ باش و خودێناس بوون بەس نوکە وەکی بەرێ نینە. بلا سپێدێ ژ میسلێ بەرێخۆ بدەینێ..!! لە هوتێلی ئیدارەی محەللی میسلێ دیتیان یەکێك لەشێخەکان لەبەزم و سەفا دایەو چەند کچەکیش سەمای لۆ دەکەن . وەکە دەرویێش هۆسا دیت دەست ب هایوهووو کر و گۆت: پە مەزارا شێخی.. نوکە ب ڕاستی باوەڕیا من هات..!!

گۆتە وی : کانێ چەوا باوەڕیا تە هات!؟

دەرویێشـی گۆت : خودێ.. ئەز ب چاڤا خۆ دیت کو شـێخا مە شەرابەن تەهوڕە قە خارد ونك وی ژی تەژی حۆری بوو..!!

بە زەبری خەنجەر دابەزی

لەگوندەکی دەشـــتێ بەرە بابی جاف و بلباس هەبوون. لەخوتبەی نوێژی جومعە مەلا ئایەتی قورئانی(وتتجافی جنوبهم عن المضاجع..) خوێندەوە و بلباسەکان تورەبوون . شەوی پێنج شەم چەند کەسەك چوونە کن مەلای و بەزەبری خەنجەر گۆتیان: کو لەخوتبەی مەدحی بەرەبابی جافت کرد دەبی ئەوهاش مەدحی بلباسان بکەی..!!

مەلا هەر چەندی کرد بێ فایدە بوو. بەناچاری لە ئاخیری خوتبەی جومعەی دیکە گۆتی : (إن کل بلباس بلا ضمیر مکانهم جهنم و بئس المصیر).

قورعان خینەك لەگوندی هەبوو پاش دوو رۆژان بەمەلای گۆت مامۆستا ئەوە دوو رۆژە تەمەشای پەڕ بە پەڕی قورعانم کردیە و باسی بلباسی هەر تێدانەبوو..!؟

مەلا گۆتی: کاکە ئەتو نازانی.. دونێ شـــەوێ ئەو ئایەتە بەزەبری خەنجەر دابەزی..!!

بەرانەکەم لەکێندەرە

دەورێش عەمە کابرایەکی عینادو منجڕ بوو لەگەر تڕی بزنێ بەشـــەڕ دەهات. بەرانەکی غوردو مزڕڕی هەبوو. ئێواران وەکی مێگەل دەهاتەوە پیرە بەران هەرچی کەتبا پێشـــی دەیدا بەرقۆچان. خەرکی گوندیش دەورێش عەمەیان ناچار کرد عیلاجەکی لەبەرانەکە بکا. ئەویش دری نەدەهات سەری ببڕی . لەپشتی پیکەبی بارکرد لۆ ئەوەی لەقەسابخانەی شاری بیفرۆشێ . پەتکی ملی بەرانی لەدەســـتی ئاراندو و لە بەرامبەریشـــی دانیشـــت. لەگەر تاســـەو هەرتەك و داتەك و تەپ و تۆز زۆر هیلاك بووبوو. هیدێ هیدێ دەبۆرژاو ســەری شـۆڕ دەبۆوە یان

سەری بەسەری بەرانەکە دەکەت . بەرانیش وای دەزانی شەڕە قۆچی لەگەر دەکا. ئەو جارە هەر سەری شۆڕ بۆوە بەهەموو قوەتی خۆی قۆچەکی لەنیوچەوانی داو گێژو وێژی کردو لەخۆچوو..!!

پاش دوو سێ رۆژان لەخەستەخانە بەخۆ هاتەوەو لەجیاتی هەموو شتەکی سۆراغی بەرانەکەی کردو گۆتی: بەرانەکەم لەکێندەرە ..!؟

خودی.. ئەز قی شۆلی ناکەم

لەسەیتەرەکی دەقەری دهۆکێ کارمەندەك تازە دامەزرابوو. لەڕۆژی یەکەم کە ئەرکەکەی ب دوماهی هات. بەتوڕەییەوە بەمەنسولەکەی خۆی گۆت : مت قوینا قی پێنج سەت هزاری.. خودێ ئەز قی شۆلی ناکەم..!!

مەنسولی گۆتە وی : ژ بەر چی..!؟

ئەڤ ژی گۆت: خودێ.. ئیرۆ.. تەڵەبا هەویا ل هەر زەڵامەکی کریە.. خڕا دگۆتە من.. ئەقە تە و ئەقە تە .. ئەقە تە ئەقە تە..!!

دەبڕۆن یەکدی تەفنیش کەن

لەهەشتایەکانی سەتەی بیستەم لەهەولێرێ پۆلیسەکی مرور هەبوو زوو زوو لەشوفێران توڕە دەبوو بەتایبەتی لەو کاتەی واجبی لەچوارریان بوایە. بەخۆی و بەفیت فیتە ئاسنەکەی بەدەستی ئیشارەت و رێنمایی شوفێرانی دەکرد. کە شوفێرەك سەرپێچی بکردبایە لە هەمووان توڕە دەبوو دەچوە ناوەندی جادەو بەئیشارەت و بەفیتە فیت بەشوفێرەکانی دەگۆت:

ئەتو وەرە، ئەتوش هەر وەرە ئەنگۆش هەر هەمووتان وەرن و بەناو یەك كەون.. خودا دەیكرد یەكدیتان تەفنیش دەكرد..!!

ئیللی مو گەواد.. یرجع

ساری ١٩٩١ی زاینی پاش كشانەوەی عوكمەتی عێراق لۆ پشت خەتی(٣٦) شۆفێرەكانی تەكسی و خسوسی دەچوونە بەرتلە و موسلێ لۆ وەرگرتنی بەنزین.

لەسەیتەرەی پردی خازر زابتەكی عارەب جوونی بە خەرك دەداو دەیگۆت: ئیللی گەواد یتلەع.. وللی مو گەواد. یرجەع..!! ئەمنیش لەگەر برادەرەكم دەچووینە موسڵێ تەكسیەكی بەرازیلی هەبوو. چار پێنج تڕومبیل لەپشتمان بوون پێش . پێش ئەوەی بگەینە سەیتەرە بەبرادەرەكەم گۆت: كاكە بگەڕێوە ئەمن ناچم..!!نە ئەو سەفەرە.. نە ئەو گەواد بوونە..!! ئەویش یەكسەر گەڕاوە.

چەند شوفێرەكم دەناسی لەلای خۆمان دەمانچەی چاردە خۆریان لەبەرپشتێن دەنا و سمێر گەورە و جەمەدانی سەریان هەندەی سەحنی تەلەفزیۆن گەورە بوو ملی خۆی شۆڕ دەكردو تێدەپەڕی لۆ چەند لیترە بەنزینەكی گەوادییەكەی قبول دەكرد. لەلای خۆشمان پارەوان بوون . هەر لۆ سوعبەتیش بە شوفێرەكم گۆت كاك گەواد ناچیە موسڵێ؟

هەندەی نەمابوو بمكوژی و پێم گۆت: باشە لۆ بەقسەی زابتەكە نوقەت نەكرد و بە قسەی منیش دەبیە پارەوان..!؟

دەبی جەماعەت بەغدایان گرتبی

کاك تەها گۆتی : لەنۆهەتەکانی ستەتەی بیستەم لەگەرمەی شەڕی ناوخۆ لۆ چارەسەری نەخۆشی داکم چووینە خەستەخانەی(ئیبنول بەیتار) لەبەغدایێ . بە مەسعەد سەرکەوتینە نهۆمی یەکەم. دیتم کۆمەرە چەکدارەکی کورد ماشەڵڵا پۆشتەو هەریەکەو دە دوازدە مەخزەنیان لەخۆ بەستابوو. لەدری خۆمدا گۆتم: هەبی و نەبی بەغدا گیرایەو ئەمن نەم زانیە..!!

لەڕێبەرەکەم پرسی کەوا کارمەندێکی ئەوێ بوو گۆتم یابە ئەوانە کێن..؟

گۆتی: جەماعەتی فلانە حزبن و حیمایەی مەنسولە بریندارەکەیان دەکەن. لەنهۆمی سەرەوەتر هەر بەو نەوعەی پر چەکداربوو.

گۆتم: ئەدی.. ئەوانە کێن..؟

گۆتی: جەماعەتی فیسار حزبن و برینداریان هەیە..

لەنهۆمی پێنجەم چەکداری دیکەی لێبوو.

گۆتم: ئەوانە کێن..؟

گۆتی: ئەوانەش جەماعەتی ئەودیوی عێراقن و برینداریان هەیە.لەمەراقان لەدری خۆم دا گۆتم کاکە .. هەر لێگەڕێ، بەردەکی لەسەر دانێ باشترە..!!

چ بەردیل چ بەرتیل

مامۆستایەك لەیەکەم تەعینی نەقلی گوندەکی دوور کرا. پاش(٥) ساڵ هەر جارەی داوای نەقڵی دەکرد داوای بەدیلیان لێ

دەکرد. ئەویش هەر دەیگوت کاکە.. خۆ مەعمەل مامۆستام نیە و بەدیلی لۆنگۆ لەکێندەر بینم..!؟.

وەکی تێفکری لەمەسەلە گەیشت .. ئەو جارە بەردیلەکی قەرەوی لۆ مەنسولەکە برد.ئەوجا مەنسول گوتی: ئێستا نەقل بوونت قبوولەو فەرقی نیە چ بەردیل چ بەرتیل..!!

تێبینی:- بەردیل: مەری قەرەو کە نەزابێ.

هەموو لە هەموو چوونە سەر مانگێ

دوو مامۆستا لەگوندەکی شاخاوی تەعین بوون. دەبوایە بە پیادە و سەرهەوراز چەند سەعاتێك بڕۆن. پێکهاتن کە هەریەکەو پازدە رۆژ دەوام بکەن . مامۆستای یەکەم کەویستی بچێتەوە شاری کابرایەك پێیگوت: کە هاتیەوە دوو کیسە چیمەنتۆم لۆ بینە و سەرشۆرکی پێ دروست دەکەم . مامۆستا وەکی تێفکری.. باشە ئەمن جانتام پێ هەڵنەگیرێ.. دوو کێسە چیمەنتۆ بە چ بینم..؟

مامۆستای لەگوندی مابۆوە لەدیوەخانی کوێخا گوتی: بەچاوی خۆم دیتم چوونە سەر مانگی..!! خەرکی لێی هەستانەوەو گوتیان : مامۆستای کافرمان ناوێ و ئەگەر لەبەر خاتری کوێخاش نەبی وەك ماری ژن کوشتیت لێ ئەکەین . تەگبیریان کرد کە ئەگەر مامۆستایەکەی دیکەش ئەو کوفرەی کرد لەگوندی دەریان دەکە ن.

مامۆستا کە هاتەوە رەفیقەکەی وەزعەکەی تێگەیاند. ئەویش گوتی: هیچ نیە.. عیلاجی دەکەم ..!!؟ کەچوە دیوەخانێ لێیان پرسی: راستە وارێن چووینە سەر مانگێ ؟!

مامۆستا گوتی : بەهیمەت و دوعای بابە شێخی خەرکەکی زۆر چووینە سەر مانگی..!! هەموو لە هەموو لەمەجلیسێ

گۆتیان ئەشهەدووو.. ڕاستە..!! پاشان کابرای بەتەمای چیمەنتۆ بوو گۆتی: مامۆستا.. چیمەنتۆت هینایە؟ گۆتی: چیمەنتۆی هیشك نەبوو چیمەنتۆی تەڕیشم پێ نەهات.

دیسان گۆتیان: ئەشهەدوو.. راستە..!!

فیشەك و ئەرزاقتان لۆ دەنێرم

لەهاوینی ساڵی ١٩٩٢ی زاینی لەچیای هەورێ و پشت گوندی کونەفلوسە شەڕەکی گەورە و بێ ئامان رووبدا لەنێوان چەکدارانی دوو حزب. زیاتر لە(١٥٠٠) هەزارو پێنج سەت چەکدار لەهەردوولا بەشدار بوون. بە هاوەن و دۆشکە و ئار پی جی و چەکی سوك کەوکوژی تەقەیان لەیەکتری دەرکرد. وردەکاری شەڕەکەش چۆن بوو بۆ جەماعەت بەجێ دێڵم وتەنیا باسی کەیف خۆشی دوژمن دەکەم..!! نەقیب ئەحمەد موسڵاوی ئامر سریەی عەسکەری ڕەبایەکانی دەوروبەری هیرانێ بوو بەدووربین تەماشای شەڕەکەی دەکرد و گوتبووی : وەڵڵاهی.. ئەگەر ئەو لەشکرە زۆرە هێرشی بۆ سەر حوکمەت بکردبایە بەرۆژێك هەتا پشت هەولێری قوەتی حوکمەتیان رادەماڵی..!!

هەروەها گوتبووی ئەگەر هەر ئەوها شەڕی خۆبەخۆ بکەن کەلام شەڕەف ئەرزاق و فیشەکیان لەسەر من..!!

پەمپەکی لۆ کاکێ خۆ لێدەن

لەنیسانی ٢٠٠٣ی زاینی پاش ئەوەی حوکمەتی عێراق لەبەر یەك هەڵتەکا لەسەیتەرەی کەرکوکێ هەر کەس چەك و سیلاحی لەدەست بایە ئەمریکیەکان پەمپەکی وەك سپرایان لێ دەدا و بێ کەڵك دەبوو.

کابرایەکی تەعڕش بەمەزەندەی خۆی لۆی ســـبوغ بکەن بەخۆی چوە لای ئەمریکیەکان و دەمانچەیەکی چارده خۆری لەبن پشتێنی دەرهێناو گۆتی: پەمپەکێش لۆ کاکێ خۆ لێدەن..!!

ئەوان دەعوەت و ئەنگۆش شەڕکردن

لەهاوینی ١٩٨٢ی زاینی لەپاش عەســـرێ هەتا درەنگانی شـــەو شـــەڕەکی گەورە لەمابەینی چەکدارانی دوو حزب رووێدا. لەقەدپاڵی ئەو چیایەی مابەینی نازەنین و ســـناوە و ئاواگرد. کە شـــەڕ کۆتایی هات و جەمماعەتەکەیان چوونە نازەنینێ ئەوانی دیکەش هاتنە ناو کەپرەکانی کاولە ســـناوە . لە بەرپرســـی ئەو جەماعەتەم پرسی کە هاتبوونە کاولە سناوە و گۆتم بەشە ..ئەو شەڕە لەپێناو چیە..؟

گوتی: لەپێناو کوردایەتیە ..!!

گوتم : بۆ داوای هاوکاری لەسەرکردایەتی خۆتان ناکەن..؟

ئەویش بەجیهازی بێتەل داوای هاوکاری کرد لەسەرکردایەتی خۆیــان. لەســـەرکردایەتی گۆتیــان نــاتوانین چونکــە لــەلای سەرکردایەتی حزبەکەی دیکە دەعوەتین ..!!

پێم گۆتن : ســـەیرە ئـــەوان دەعوەتکردن و ئـــەنگۆش شەڕکردن..!!

ئەخوك یەمی.. مو یەمهوم

ساری ١٩٨٧ی زاینی مەفرەزەیەکی ئینزیباتی عەسکەری لەبەردەم چێشتخانەکانی نەقلیاتی تەیراوەی هەولێرێ رادەوەستا بوون. پۆلیســـەکی موکافەحە بەکورتەك و شـــەرواڕەکی ڕەش و کراشـــەکی پەڕۆی ســـۆلانی نیوەی دەمانچەکەشـــی لەبن پشـــتێنی دیاربوو. لەتەنیشت ئینزیباتەکان بە پۆزەوە راوەستابوو.

مەنسوولی ئینزیباتیش عارەب بوو ناوی (فەواز) بوو. داوای هەویەی لێکرد دیاربوو هەویەی نەدایێ . فەواز کلاشینکۆفی لەشانی هێنا خوارێ و سێ چار گولەی لەتەنگەی سەرەواند و بەسێ چار ئینزیباتان فڕێیاندا ناو لۆری ئیڤەو دەستیان کەلەبچە کرد. مودیری پۆلیسی قەزا کە برای پۆلیسەکە بوو لەگەڵ چەند پۆلیسێك لەتەنیشت ئینزباتەکان شاگرد و وەستای چێشتخانەکانی تەنگاو کردبوون و دەیگوت: لۆخەبەرتان نەدا..؟

فەوازیش(تێی وەڕاخوڕی)[1] و گوتی: یا جەبان ..أخوك یمی مو یمهم..!! واتە ترسنۆک برات لای ئێمەیە و لای ئەوان نیە ..

تێبینی:-

1. تێی وەڕاخوڕی: خۆی لێ تووڕەکرد.

خۆم موحاسەبە بکەم.. لەکەسیش قبوڵ ناکەم

لەناوەڕاستی هەشتاکان ئامر مەرکەز تەدریبی مەعەسکەری هەولێر گۆڕدراو ئامرەکی دیکە بە ڕوتبەی موقەدەم هات . لەدووەم رۆژی عەڕەزات و لەکاتی پشکنین دارەکەی دەستی کەوتە خوارێ. لەشوێنی خۆی راوەستاو فەرمانی بەجێگری کرد. دەفتەری وقوعاتی بۆ بینێ و سزای بۆ خۆی نووسی. ئینجا فەرمانی بەجێگرەکەی کرد سزاکەی نووسراوە جێبەجێ بکات. ئەویش روتبەی سەرشانی و بێریە و نیتاقی پشتی لێ داماڵی و لەبەر چاوی هەمووان پازدە دەقیقە زەحف و دەحرەجەی پێکرد. پاشان هەستاوە و خۆی رێکخستەوە و گوتی : هەموتان دیتتان کە موحاسەبەی خۆم کرد.. موخالەفەش لەکەس قبوڵ ناکەم..!!

هەندەی نەمایە.. تەنکم کردیە

شـــوانـەکی گێلۆکـە ژنیـان لۆ هینـا تومـەز بووك ئۆینباز بوو.. هەســتا ناوکی خۆی پیشـــاندا . شـــوانـەش خۆی خـەریك کردبوو.. هەتا تەواو ماندی بوو. ئەوجا لینگە کراشـــەکی هیناو لەســـەر ناوکی دانا و بەنیشـــانی کرد لۆ ئەوەی لێی بزر نەبی و چووە دەرێ هەتاکو هەناسەیەکی بێتەوە بەرێ.

بووکەکە ترسا و لەدری خۆیدا گۆتی : نەدەبا کوڕەتیم زگم کون کا.. هەســـتا لینگە کراشـــەکەی گوازتەوە ســـەر جێگەی خۆی..!!

پێشان چیت هەبوو

مـام جـەهـەنگیری شـــوفێری لۆری دائیرەی زراعـە بۆی گێرامەوە کە لە ساڵی ١٩٧٩ی زاینی فایەق عەلی کازم رەئیس مەنتەقەی زراعی هەولێرێ نەقڵی جنوب کراوە. بێجگە لەپلەی وەزیفی لەحزبی بەعسیش مەنسولەکی گەورە بوو.

کاتێك کەلوپەلی ماڵەکەی گوازتەوە بۆ شـــوێنی وەزیفەی نوێ . لێیـان پرســـی کـە چوویتـە هـەولێرێ مـاڵـەکـەت بـەچی گواستەوە؟

نەوێرا درۆ بکا و گۆتی: بەیەك پیکاب.

گۆتیان: باشە.. کە گەڕایتەوە کەلوپەلت بەچی گوازتەوە؟

گۆتی بەچار لۆری

گۆتیان: باشـــە .. تەنها باری یەك پیکاب هی تۆیە و ئەوی دیکەش مولکی حوکمەتە ..!!

جەنازەیە.. بووك نیە

لەنۆهەتەکانی سەتەی بیستەم جەنازەکیان لەنەخۆشخانەی رزگاری هێنا دەرێ و لەسایتی بەرامبەر دەرکەی نەخۆشخانە لەسەر جادەی سەت مەتری راوەستان لۆ ئەوەی هەموو تڕومبیلەکان پێکەوە بەڕێکەون.

دوو نەفەری دۆم لەتەکسیەك دابەزین و بەدۆر و زوڕنا لێدان چوونە کن ئەو تڕومبیلەی جەنازەی لێ بارکرابوو. کەسوکاری مردیەکەش چاو بەفرمێسك و بەغەمباری چەندەی رجایان لێ کردن کە ئەوە جەنازەیەو بووك گواستنەوە نییە..!!

بێ فایدە بوو. زوڕنانگێو سەلکی زوڕنای بردە ناو پیکەبی جەنازەکەو دەیقیقاند و دۆرەنگێویش بەنەزمی وی دەیکوتا و داوای بەخشیشی دەکرد. دە دوازدە زەلامیش بەناچاری تاویاندانێ و دۆریان لێ دڕاندن و زوڕناشیان شکاند و بەهەموانیش لێیان دەدان . دۆمەکان هەر خواخوایان بووبەس قورتار بن و هەر یەکەو بەلایەکدا قوچاندی..!!

چ حەددت هەیە.. خێرم پێ نەکەی

دەرۆزەکەرەك دەوعای لەدوکاندارەك کرد خێرەکی پێ بکا. دوکاندارەکەش گۆتی: بڕۆ.. خوا بدا..!!

دەرۆزەکەرەکە گۆتی : چ حەددت هەیە.. خێرم پێ بکەی..!!

دوکاندار هیکەکی لەخۆدیت و پەشیمان بۆوەو هەندەك پارەی دایێ.. ئەو جارە دەرۆزەکەرەکە گۆتی: چ حەدت هەیە.. خێرم پێ نەکەی..!! دوکاندار گۆتی: باشە. ئەوەت لەچی و ئەوەت لەچی..؟

دەرۆزەکەر گۆتی: ئاخر ئەوەل جار خوا دری نەرم نەکردبووی نەت دەتوانی خێرم پێ بکەی.. پاشان خوا دری نەرم کردی و ناتوانی خێرم پێ نەکەی..!!

جۆرج.. ئەنتەو جەماعتەك ئیتڵەعو خارج

پایزی ١٩٧٦ی زاینی یەکەم رۆژی دەوامی ئامادەیی بازرگانی تێکەڵاوی هەولێر بوو لەبینایەی ئامادەیی کوردستان. هەموو لەلای ئێمەمانان رۆژەکی نامۆ بوو. کەس کەسی نەندەناسی و بەتایبەتی دەوامکردنی کۆرو کچ پێکەوە ئەزموونێکی نوێ بوو.

دێوەزمەی بەعسیش سەرباروبن بار. بۆیە بەترسەوە لەو واقیعەمان دەڕوانی . جەڕەس لێدرا و ریزکراین . مامۆستاکانیش بەرامبەرمان راوەستابوون . بەڕێوبەریش وەك قائیدەکی عەسکەری عەینەکی رەشی لەچاو کردبوو خۆی نمایش دەکرد. مەنسولی ئیتحاد تەڵەبەی بەعسیش لەتەنیشت بەڕێوبەر راوەستابوو.

یەکەم قسەی بەڕێوبەر (مامۆستا فاروق بەهائەدین) بەدەنگێکی بەرز گۆتی : جۆرج.. ئەنتەو جەماعتەك ئیتلەعو خارج..!! واتە جۆرج ئەتو و جەماعەتەکەت بڕۆنە دەرێ..!!

یەکسەر پێنج شەش قوتابی لەگەڵ جۆرج هاتنە دەرێ و ئێمەش نەماندەزانی مەسەلە چیە..!!

لە هەمووی عەنتیکەتر ئەوە بووجۆرج بەتڕۆس بە بەڕێوبەری گۆت: مامۆستا .. زۆر مەمنوون ئەگەر هیمەتی تو نەبووایە .. قەت بەو ئاسانیە جەماعەتی خۆم نەدەناسی..!!

پاشان لۆمان بەدیارکەت ئەوانە جەماعەتی شوعی بوون

.

ئەرید مەجموعول کول

لەناوڕاستی هەشتاکانی سەتەی بیستەم پێشمەرگەکانی حزبی شـــوعی لەگوندەکانی لای عەوێنە شـــەڕەکی قارەمانەیان کردو سێ شەهیدیان هەبوو.

زیاتر لەحەفتا عەسکەر و پازدە جاشی مەفرەزە خاسەش کوژرابوون و هەرهەمویان کورد بوون . کەهاتنەوە جەنازە کان پێکەوە بەرێز دانرابوون . ئامر ئیســـتخبارات بە ئامر مەوقیعی هەولێری گوت: ئیشگەدل قەتلا ؟ واتە: چەد کوژراو هەیە.

گۆتی: تلاتە.. واتە سێ کەس.

ئیستخباراتەکە گۆتی: لا ..ئەرید مەجەوعول کول..!! واتە نەخێرهەموو کوژراوەکانم دەوێ.

ئامیر مەوقیع گۆتی ئاخر ئەوانی دیکە عەسکەرو مەفرەزە خاسەن..!!

ئێســـتخبارات گۆتی : ماکو فەرق کولهوم کراد..!! واتە فەرقی نیە و هەموویان کوردن..

ئـەوجـا لـەڕاپۆرتـەکـەی نووســـی ئـەلمـەجموع(٩٣) موخەڕیب.. وە دێناهوم لیل جەهەننەم ..!!

واتە: (٩٣) موخەڕێیمان رەوانەی جەهەننەم کرد..

تێبینی:- سەربازێك بەناوی سەباح فەتاح بۆی گێڕامەوە.

بەس مێزەکەم گۆڕییە

لەگەڕەکەکی هەولێرێ مەنســولی مەقەڕەکی حزبی کەونە رەفیق حزبی و ستایلی قاتە جلکی بەعسی جارانی لەبەر دەکردو لەهەمان بینایەو لەهەمان ژوور بەس رەســم و شــیعاراتەکانی گۆڕیبوو . هەر حزبەك دەبوە دەسەڵاتدار بەگەری دەکەت.

لێیان پرسی : ئێستا وەزعت باشترە یان زەمانی بەعس ..؟

گۆتی : هەموو شتەك وەکی خۆیەتی بەس مێزەکەم گۆڕییە..!!

ئەکو بەك اهناکە

لەپەنجاکانی سەتەی بیستەم گەشتیارەکی زۆر ئەهاتنە شەقراوێ. موستافەك لەکابرایەکی پرسی: کاکە.. ئەکو بەگ اهناکە ..؟ واتە لێرە پێشکە هەیە..؟

گۆتی: ئی.. ئەکو فلان بەگ فیسار بەگ فلان و فلان بەگ...هتد

کابرای عەرەب بەسەرسوڕمانەوە گۆتی: یەمعەووەد.. حەتا لبەگ عدهوم ئەسامی..!!

واتە: لێرە پێشکەش ناویان هەیە..!!

ئەوها عەدمت دەکەم

عەمبارەك لەناو قەیسەری هەولێرێ چەند تۆپە قوماشەکی لەپشتی بار کردبوو لەگەر زۆرە ئەفەندیەکی بەقەرافەت پێك کەتن. ئەفەندی دەستی لەناو باغەری دانابوو خۆی دەپچڕاندەوە و بەسێ چار زەلامانیش گرتبویان هێشتا بەرزەفت نەدەبوو. خەرکەکەش دەترسان سیلاعی لێ راکێشی و بیکوژی و هەر رجایان لێ دەکرد.

عەمبارەکە بێزاربوو گۆتی : ئەرێ بێتامی کرد.. دە بەریدەن بزانم چتۆ پیاوە ..!؟

ئەفەندیان بەرداو تاویدا عەمبارەکەی و قەرەم پەندانی لەگیرفانی دەرهێنا و حبری پێداکرد ..ئەوجا گۆتی: دەبگرە.. ئەوها عەدمت دەکەم..!؟

موس هەیە

لەسالّی ١٩٧٥ی زاینی مام رەئوف رواندزی ئاوارەی ئێرانێ بوو لەشاری شیراز. فارسی نەدەزانی و بەدوکاندارەکی ژنی گوت : موس هەیە..!؟ ژنەکەش جوابی نەداوەو چوو(٣) زەلامی لەگەڵ خۆی هێناو لەگەڵ مام رەئوف بەشەڕهاتن.

کوردەك فارسی دەزانی و پێی گۆتن : بۆچی لێی دەدەن..!؟

گوتیان: بەخوشکمانی گوتوە بوس بدێ. بە ڕەئوفی گوت: چیت بەو ژنە گوتوە؟ گوتی: وەڵلا .. بەس گوتم موس هەیە..؟

ئینجا بەکەسوکاری ژنەکەیان گوت: ئاغایان.. رەئوف فارسی نازانێ و مەنزوری تیغ بووە نەك ماچ چونکە بەکوردی بەتیغ دەڵێن موس نەوەك بوس..

تێبینی:-

بووس: ماچ.

لۆ تامکردنێ بێ.. چ قەیدییە

لەنۆهەتەکانی سەتەی بیستەم شفتی فرۆشەك ناوی مام وەیسی بوو. لەبن دیواری مەکتەبی هەژاری سەرەتایی لەسێتاقان لەجادەی (٦٠) مەتری کۆمەرە شفتی روو دەکرد. لە معامەلەکردنیش زۆر قیسکەتەنگ بوو. ئەگەر شفتی سپیش بایە کەس نەدەوێرا برێ سپیە..!!

زەلامەکی چوختیش چوە کن مام وەیسی و شەش عەفت شەفتی قونك رەش بەپەنجەی کونی دەکرد و تامی دەکردو دایدەناوە. ئەو جارە شفتیەکی دیکەی دەست دایێ و مام وەیسی لەدەستی راستاندو بەعاردی دادا و پێی گۆت : هەتیمی سەیانی.. ئەگەر ئەوها پەنجە لەقوونی تو ڕاکەن قبوڵ دەکەی..!؟

ئەویش گۆتی : ئەگەر لۆ تامکردنێ بی ..چ قەیدیە..!!

تێبینی:-

مام وەیسی ناوێکی خوازراوە.

جەماعەتێ مە نینە

لە ١٩٩٣ی زاینی لەهەولێرێ کابرایەك چوە کن مەنسوولەکی کەونە جاش و پێی گۆت: جەماعەتێ نگۆ پارەیان لێ دزیمە.

مەنسولەکە گۆتی: پارەکەت چەند بوو؟

گۆتی: هەشت هەزار دینار.

مەنسوول: کاکە.. جەماعەتێ مە نینە.

گۆتی: کو دەزانی..!؟

مەنسوول: ئاخر .. لەپازدە هەزار کەمتر بی لۆ مە دەست نادا و خۆ بە پارەی کەم ماندی ناکەین..!!

کابرا گۆتی: عیلاجەکم لێ ناکەی!؟

مەنسوول: کاکێ .. لۆ خۆ هەڕوە کن جەماعەتی دی تاقیب کە..!!

هەر ئەوەندەت قابیلە

لە ١٩٧٦ی زاینی لەشـــاری هەولێرێ لەپۆلی چارەمی ئامادەیی بازرگانی بووین لەبینایەی ئامادەیی کوردســـتان. مامۆســـتا جەرجیس مامۆســـتای تابیعە بوو ئینتیحانی پێکردین لەسەر پێکهاتەی جیهازی تابیعە کەوا(٣٠) پارچە بوو. قوتابیەك ناوی محەمەد حەمەد عەلی بوو پەنجا لەســـەر ســـەتی هینابوو. بەمامۆستای گۆت: مامۆستا.. حەقی ســـەتم هەیە وئەتو پەنجات دایتە من..!!

مامۆستا گۆتی: هەر بایی ئەوەندەت جواب دایتەوە.

محەمەدیش گۆتی: ئاخر مامۆســـتا.. وەرەقەم لەدەفتەرێ لێکردەوەو تەسلیمم کردی.

مامۆســـتا ش بەپێکەنینەوە گۆتی: مادام قۆپییەت کردیە .. هەر ئەوەندەت قابیلە..!!

لەجیاتی بابی دەوام دەکا

لە ١٩٧٧ی زاینی چەند مانگەك بوو لەدائیرەی بەیتەرەی هەولێری بوومە مۆزەف . رۆژەك کابرایەکی چارشانەی کورتەك و شەروار لەبەر هاتە ژۆری و گۆتی بابت لەکێندەرە ؟

وام زانی برادەری بابمە و بەخێرهاتنەکی گەرمم لێکرد و گۆتم بابم لەمارێیە.

کابرا گۆتی : باشە لۆ دەوام ناکا.؟

گۆتم: خارە ئەمن مۆزەفم و بابم هەو نیە..!!

خارە بەتورەیی گۆتی هەی دەورووت و رۆیشـــت. پاش چەند دەقیقەیەك بەرێوبەر دکتۆر موحســـین بەتەلەفۆن گۆتی هەتا ژوورەکەی من وەرە . کەچووم دیتم کابرای موراجیعە و

یەکسەر گۆتی : ئەها.. ئەو دەوڕووتەیە لەجێی بابی دانیشتیە و دەرێ ئەمن مۆزەفم..!!

مودیریش بەپێکەنینەوە گۆتی : خارە قسەی جوان بکە.. ئەو بەخۆی مۆزەفە و هەستە بڕۆ بائیشەکەت لۆ بکا..!!

ئەو ئۆین و بلعاتە چ بوو

کابرایەکی ساعێب دوو ژن جوانەگایەکی رەسەنی هەبوو. هەموو خەرکی گوندی دەهاتن و چێریان لێ چا دەکرد. رۆژەك بێوەژنەك چێرەکی لەگەر خۆی هینا لۆ چاکردنێ . ساعێب جوانەگا گۆتی : ئەوڕۆجوانەگا زۆر پەڕەیەو تاقەتی نیە..!!

بێوەژنەکە گۆتی: ئەتو لەمن گەڕێ.. عیلاجی دەکەم. تلکەکی لەناو پاشەری جوانەگا راکردو جوانەگا یەکسەر پەڕی..!! کابرا چاوی چوە پشتی سەری و بەژنەکەی گۆت : کچێ هەی ئۆینباز .. ئەو ئۆین و بلعاتە چ بوو کردت..!؟

بێوەژن گۆتی: ئۆین و بلعاتی چی..؟

کابرا گۆتی : ئاخر.. لەپێش ژنەکانم لۆ ئەو بەزمەت کرد ئەدی نارانی لێرەپاش بەهەردووکیان بەتلکان قونم دەدڕێنن..!!

نەکەی.. کخەیە

جغارە خۆرەك جغارەی لەسەر تەپڵە دانا. منداڕەکەی دەستی لۆ برد و ئەویش گۆتی : ئەی ئەی.. نەکەی کخەیە..!!

منداڕەکەش گۆتی : ئەدی مادام کخەیە.. لۆ بەخۆت دەیخۆی..!!؟

عەریف نیمە

لە ساری ١٩٩٣ی زاینی لەدائیرەی نفوسی هەولێری چومە ژوورەکی. و سێ(لیوا) دانیشتبوون . گوتم: عەریفی.. مۆرەکێم لۆ لێنادەن..!؟

یەکەکیان هەستاوە و هاواری کرد و گوتی : چیە.. چاوت کوێرەیە ئەو هەموو روتبەی سەرشانم نابینی..!؟

گوتم : کاکە.. لەدەرێ خەرک هەر دەیانگوت عەریفی..!!

لیوایەکی دی لەتریقەی پێکەنینی داو گوتی: وەڵلاهی .. ناحەقی نیە.. ئەو ئیشە ئیشی عەریفە و هی لیوای تۆزو با نیە..!!

هەپرۆ ..هەپرۆ

لە هەشتایەکانی سەتەی بیستەم ، جاشەکی مەفرەزە خاسە شیشەی کلاشینکۆفی لە هورگی داکی پێشمەرگەیەک رادەکرد ودەیگوت : کوڕە خوێریەکەت لەکێندەرێیە ؟ زۆری ئەزیەت دا قسەی ناشرینی پێدەگوت

. پێشمەرگەکەش بە مەسەلەکەی زانیەوە و جاشەکەی کوشت .لۆ سبەینێ داکی پێشمەرگەکە چوە ناو تازیەی ژنان و دەیگوت : هەپرۆ هەپرۆ ..کێ بوو دونێ ئەمنی دەگا ..!!؟ پاشان بەتەکسیەکی لادا قوچاندی . کە رۆیشت ئەوجا ژنەکان لە مەخسەدی گەیشتن و زانیان ژنەکە داکی پێشمەرگەکە بوو..

کامەران بەدرخان ..

ساڵی ١٩٦٦زاینی ، بابم لەگەڵ عومەراغای دۆلە مەڕی و ملازم خدر عەبدوڵا کۆیی لەبەشی تۆپخانەی شۆڕش و هاوەنی ١٢٠ ملم بوون لە شێخ وەسان لە دۆڵی بالیسان . لەگەل دوو پێشمەرگەی دیکە چوونە سەرکردایەتی لۆ ئەرزاق و گوڵە هاوەن . دکتۆر کامەران بەدرخانیش بەسواری وڵاغ لەگەڵیان هات بۆ دیتنی چاڵاکی پێشمەرگە .

لە جۆماییەک وڵاغەکە خلیسکا و دکتۆریش بەربۆوە و لەشی بریندار بوو . لەفاف و دەرمانیان بۆ هێنا .. بەڵام وەری نەگرت و قۆراوەکی گرتەوە و برینەکانی پێ سارێژ کرد و گۆتی : خاک و ئاوی کوردستان دەرمانی منە .. مەگەر لە پاریس دەرمان نەبوو ..!!؟

بابم گۆتی : لەبەر ئەو هەڵوێستەی دکتۆر ، دەستان لە ملی کرد و تێر تێر گریاین ..

ئەو رەش ڕەشۆکانە چنە .

مەلایەک لە گوندەکی وەعزی لۆ خەرکی دەخیندەوە .
پیرەمێردەکیش تەماشایەکی کتێبەکەی کرد و گۆتی : مامۆستا .. چما ئەتو دەزانی ئەو رەش ڕەشۆکانە چنە ؟
مەلا بەتەوسەوە گۆتی : ئەدی کووووو ..
پیرەمێرد بزەیەکی هاتێی و گۆتی: بەخوای سەگی .. هاااااااا

لێرەش وازمان لێ ناینی ..

هاوینی ١٩٧٤ زاینی ، خەرک ئاوارەی ئێران بوون و زۆربەیان لە ئۆردوگای شنۆو کانی سپی جێگیر کران . خاچی

سوری ئێران (جمعیه شیر و خورشید سرخ ایران) لەسەر ئۆفیس و خیوەتەکانیش هەموی ئەو ناونیشانە نووسرابوو.

لە ئۆردوگای کانی سپی کابرایەک لەناو قەرەبارغی بەدەنگەکی بەرز گۆتی :

ئەدی کاکە .. قورشید شێرە .. لێرەش وازمان لێ ناینی.. !!

دەبی فەرقەکیان هەبی

لە هەشتایەکان ، سەدام عوسێن عەمەلەی کردە مۆزەف . بابیشم چوە دوکانی گونیە فرۆشەک لە بازاڕی شێخەڵڵا و گۆتی : کاکە .. لۆ دائیرەی ئیشغال سێ چار لەفە گونیەی سپی خاوێنم لۆ دانێن ..

قیچە مەرعەبایەکی لەگەر ئەمین عامی ئیشغال هەبوو ، چووە کنی و گۆتی : مامۆستا .. وا عەمەلەکان بوونە مۆزەف و ئەمنیش لەگونیەی سپی بۆینباغم لۆ بەڕادان داینە ..!!

ئەمین عامیش : عەمەلە بۆینباغیان لۆ چیە ..؟؟

بابیشم گۆتی : ئاخر جەناب .. دەبی عەمەلە فەرقەکیان هەبی لەگەر مۆزەفان ...!!

لەبەر هەندێ .. هەندەی نەمابوو بابم ئیعدام بکەن .

پاشکۆ

پاشکۆ:

1) بیرکاری فێری کردم.. شتی نادیارش بەهایی هەیە.
2) رق لەکەسانێك هەڵمەگرە کە ناینناسی.
3) نەپرس و ڕا، نەشەڕو هەرا.
4) لەکەر گەڕێ قەرسیل زۆرە با یاریکا
رۆژەك دادێ ساحێب قەرسیل دارکاری کا
(مام سابیر دیگەیی)
5) شارەزا خۆشە هاورێی سەفەر بێ
دوژمن زانا بێ نەك دۆستت کەر بێ
(پێرەمێرد)
6) کەژال ئێبراهیم دەربارەی ژن دەڵێ:
ژن لە رووبارێك دەچێ
نە تینۆیتیتان لێی دەشکێ و نە کەم دەکات
بەڵام کامتان دەتوانن
مەلەی تێدا بکەن و نەخنکێن...
7) ئوسکار وایڵدی بیرمەندی ئیرلەندی بۆ ئافرەت دەڵێ:
ئافرەت بۆ ئەوە دروست کراوە
کە خۆشت بوێت نەك لێیان تێبگەیت.
8) تەیر هەیە گۆشتی دەخۆی
تەیریش هەیە گۆشتی دەدەیێ

چەند هۆڕینەیەکی خۆم..

1) ئەوەی کە عەیبە.. عەیب نیە
ئەوەی کە عەیب نیە .. عەیبە
2) درۆ بۆتە راستی
راستیش بۆتە درۆ
3) ڕەسەن ڕێزی بگری منەتبار دەبێ
ناڕەسەن ڕێزی بگری پێی هار دەبێ
4) ڕەسەن وەك هەنگ شەیدای گوڵە
ناڕەسەن وەك قالۆچە شەیدای قەرسەقولە
5) هەیە حەرامی پێ قووت نادرێ
هەیشە حەلاڵی پێ قووت نادرێ
6) گێلی .. بەهرەیە .. هونەرە..!!
7) گێلەپیاو نەبووایە.. سەختەچی لە برسان دەمرد.
8) ٨٠٪ زیرەکی ڕێوی ئەنجامی گێلی مریشکە
9) الحرب فتنة يفتعلها الخبيث
يروج لها الساقط والمنافق
القائم بها الجاهل والبسيط
يستفيد منها السياسى والتاجر
الخاسر و الضحية فيها البائس والفقير
10) السياسيون:
اذا أتفقوا.. سرقونا
اذا اختلفوا.. قتلونا
11) گۆتیان:
کۆرە چیت دەوێ..!؟

گوتی: معاشەکی باش!!

12. نە عەقل دڵی هەیە، نەدڵ عەقڵی هەیە

13. ئیمامی عەلی(س) فەرموویەتی: لەسێ شت زۆر بترسە:

أ. لەخوای گەورە.

ب. لەو کەسەی کە لەخوا ناترسێ.

ت. لەزمانی خۆت.

14. مامۆستا زاهیر کۆیی گۆتی:

چل ساڵ درۆم کرد.. گۆتیان راستە

یەك جار راستم گۆت، گۆتیان درۆیە

15. دوژمنی کورد، خودی کوردە.

16. نارەسەن ئەگەر مەنسولی ئاودەستیش بێ پۆز لێ دەدا..!!

17. بەحوشتریان گۆت: لۆ ملت خوارە..؟

گۆتی: جا کوێی لەشم راستە..

18. مرۆڤ خۆی کەر دەکا

کەر خۆی ناکاتە مرۆڤ

19. ئاژەڵ کەبرسی بوو ترسناکە

مرۆڤ کەتێر بوو ترسناکە

20. رۆژ بەرۆژ خۆزگەم بەدوێنێ

21. داری خوار سێبەریشی خوارە

22. پشکۆیەك پاوانێك دەسوتێنێ

نیفاقەك میلەتێك دەفەوتێنێ

23. چۆن بەو دونیایە نیگەران نابم
کەنیوەی هەرزەکارە و
ئەوی دیکەش لەزمانی گولە بەولاوە
چیدیکە نازانێ.
ئای کە دنیایەکی ترسناکە..!!
ملیۆنەها کەس بەردەوام رەنج دەدەن
بۆ ئەوەی پیاوێك لەتیاترۆخانە دابنیشێ و
سەدان ملیۆن دینار ئاگر بداو بێسوتێنێ..
تا سەری جگەرێ قەحپەیەك داگیرسێنێ..!!
24. بەتەنیا خۆت..
رزگارکەری خۆتی و کەسانی دیکە نا (ولیام رابیش)
25. گەمژەییە کەنەزانی گەمژەی.
26. موخلیس= موفلیس= مەجهول
27. کە هەست و خۆشەویستی نەما هەموو چالاکیەك
هونەر، عەشق، سیاسەت..هتد. تەنیا کاوێژکردنە
28. دڕندەترین کەسە، ئەوەی
باشترین وتار دەدا..!!
29. لە توانج لێدانی هاکەزایی
پێشبینی توانجی بەهێزتر بکا..!!
30) مریشکی مەسڵەحە.. نازانێ کە مریشکە
31) شێتیش لۆ مەسڵەحەت شێت نیە...!!
32) هەموو تاڵێك، ژەهر نیە..!!

هۆرێنە..

دەیان هەزار ساویلکە بووین
دەگەل ماراسۆنەکی نامۆ وەغارکەوتین
هەر هەموومان مێروولە بووین
مێرولەش بوو، بەچاوتروکانێ دەبوە فیل
خودی ئێمە، مافێ ئێمە، هی ئەوانیش هەر دەلوشێ
هیچ نابینێ و باکی نیە...
لەژێر چەپۆکەکانی پان و پڕوچ
دەبینەوە....
قەت نامرین و زیندوو دەبینەوە
جارێك، جارێکی دی، دەیان جاری دیکەش
هەمان ماراسۆن، لەوەرزێکی دی
ساز دەکەینەوە...
دیسان دەبینەوە مێرولە، بەڵام ئەو جارە
گاجووت دەکەینە قوربانی بۆ
جوجەڵەی ناو هێلکەی نەتروکاو، تاکو
دەعبایەکی عەنتیکەی تری
لێ دەرنەچێتەوە..!!

فەهرەست:

ژ	ناوی بابەت	لاپەڕە
1	یەك عانە شك نابەم	7
2	کاکە مەلا خۆش کاکە مەلا	8
3	دەبێ وەك من دەستت بشۆی	8
4	کیللی بە بیللی دەگیرێ	9
5	هینەکەی خۆم باشترە	10
6	بە خەیار دونیا نابێتە بەهار	11
7	ئەوەی هەبوو لە ئاقاری ...	11
8	ئێرە جاستانە.. یان کیستانە	12
9	گاوانی گوندی رازی نییە	12
10	گێرەی ئۆمەرە کۆری	13
11	تا سەگی دڕتان هەبێ...	13
12	چما ئەنگۆ لێ گەڕان...	14
13	بەیەك رووپیە لە من....	15
14	تۆڵەی خۆم سەندەوە	16
15	بە زگماك چاوەکی کۆرە بوو	16
16	ئەو مێگەلە ئەمانەتە	17
17	ئحمەکی دەوێ	18
18	مەلا مانگای کانی محەمەوم	18
19	جغارەکێشی بێ کەرستە	19
20	هاااات.. گەوادی رووباری	19
21	مام باپیر	20
22	ئەز کوشتی	21
23	عەباکەت چەورە	22

24	حەقی خۆم وەرگرتەوە	22
25	بشفڕی هەر بزنە	22
26	بە خراپەش باسم بکەن هەر باشە	23
27	بەفرولّلاهی ناوقەدەتون	23
28	لە ترسی کەرەکی وەکی تو	24
29	چەند چەند مردو لە قەبری دەنێن.	24
30	سم سمی کەرە.. لەپ لەپی میاسە	24
31	ئاخر.. ناگۆترێ	25
32	فەرموو.. عەبا.	26
33	بابم نییە.. خزمەتکارە	27
34	بەخۆم دەزانم بۆ دەگرییم	28
35	بوە گاجۆتیش هەر لەشانی دەکرد	29
36	تەبایی دوو براو...	29
37	ساعێب ژنی باش مار ئاوەدانە	30
38	لەجیاتی ئیشەك دوو ئیشی پێکردم	30
39	خەتای عوسە کەچەرە...!!	31
40	ئەمن نەخۆشەکە نیم...	32
41	حەسودی.. مالّی کاول کردی	32
42	چارەی دوو ژنی.. دوو هەمبانەیە	33
43	لەسەر پیستە شێر...	34
44	کانی فلان تڕکەن	35

45	زگ تێر کەس ناکوژێ	36
46	کورە جبە.. لەسەرخۆ	36
47	کورم.. چاوم دەلەوەرێنم	37
48	کەوگیر نیە.. پێچکە گایە	37
49	دکتۆر پیشلە...	38
50	بەزمی قونێر	39
51	بەخۆم تەلقینی بابم دەدەم	39
52	ئەوەی سمێلی سور بێ...	40
53	دەی دەی پیاوەکە	41
54	هەرسێکیان وەك یەکن	41
55	رەشەو شیرینەو براو ۆ..	42
56	ناوم سەگبابە..	43
57	ناونیشان بەو ناونیشانەی	44
58	گونیەی سپی هی رەش نا	44
59	لەبەر خاتری جیرانان	45
60	ماران بارەکرد.. گولەش کەپرەکرد	45
61	ئەمنیش وەکی جەماعەت....	46
62	چەند زەلامت کوشت	47
63	چما پەلار ئەوها دەبی	48
64	کورۆ نەهاقێژە	49
65	مردو بەخێرهاتنی لێکردم	49

66	پێشنوێژیم بێ دەستنوێژ کرد	50
67	بەخۆی خۆی گەورە کردیە	50
68	بڕۆ چاوت لەو دونیایە نەبی	51
69	کێ کفتەی خواردیە....	52
70	سەت کوڕ بەقوربانی....	52
71	دەبەرت مرم سێو لەباغەر	53
72	بەفیتی خۆی شك دەهات	53
73	ئەوە عەلەشیشە یان.....	54
74	گوجیلە سەگیش دەفڕی	55
75	خواری داپۆشن....	55
76	سالعۆك ئەتوش	56
77	هەر ئەوەندەم لەبیرە	56
78	حاشا وەلیلا...	57
79	ها حەجی.. تڕید تسەجیل	57
80	لێگەڕێ باشترە	58
81	عەجەب.. مەکینەی تو..	59
82	کێ زووتر جۆگەلەی..	60
83	دزیش بوو.. نوێژیشی دەکرد	61
84	قابیلی ئەو تفەشت نیە	61
85	گورگۆ..	62
86	ئەهاااا بایەکی لێ بەربوو	62

87	فاتێ وادەزانی لای عەیشێمە	63
88	پیرە باب قوزە لقورتێ بخوا	64
89	سەر رووت ئەتوش	64
90	ناویشی رەمەزانە..!!	65
91	تەقەی خۆشی راگرن	66
92	ئەسپەکەت دوو ئالیکە	67
93	وەڵڵا بابە هەر شەشەران مابوو	67
94	تەلقینی نادەم	68
95	تلکەکی پێوەکە	69
96	نیسکە مڕە	70
97	خۆ شێت مەکە.. لۆت دەرناینی	70
98	هەی کەر هەی کەر.....	71
99	هەتا عەریف عۆدە مابی.. چش	71
100	واکەك لەسەر واکەکی بوو	71
101	ماندی نەبی...	72
102	پاشای کۆرە کێیە	72
103	فەقێ دەستان وەکە	73
104	چما هەر ئەتوو چاوپیسی	74
105	بەتەراقم ئەو تڕە کەرەکە.....	74
106	پراوی دەخۆی.. یان....	75
107	بنیادەم تەیری بێبارە	76

108	هایو لەخۆبی	76
109	سۆراغی مریشکێ بکەن	77
110	بەدوو نەفەری حیز....	77
111	کچم مابایە....	78
112	کێ لەهەموو کەس کەرتر بوو	78
113	پاش سێ ساری دی.....	79
114	تازە گوری کراست گەورە دەکەی	80
115	کێشکەی دەگرم	80
116	گەمژە هەر گەمژەیە	81
117	پارەش دەزانێ دەچیتە...	82
118	ژنی باش مێردی.....	83
119	خۆ ئەنگۆ سونەت ناکرێن	83
120	سێ وەسیەتی نەستەق	84
121	وەڵڵاهی فاتیحایان....	85
122	مەلای گوندی کافر بوە	85
123	چما بەلاش پارەم....	86
124	بابت هەتا مردیش	86
125	لەخۆڕا خەرکی	86
126	ئەو حەشاماتە چیە	87
127	کێ دەوڕاستی گوندیە	88
128	کەر بەس جۆی قابیلە	88

129	ئەو هەموو سەلکە مریشکە	89
130	پەرەی دایە.. یان نا..	90
131	بەس ئەنگۆ بەشەرمێن	91
132	بایی من و هەمووانیش دەکا	91
133	سەیدی.. بەخۆی سالم بوو...	92
134	در پیسی نەکەی	93
135	دوو حوکمەت.....	94
136	ئاغا ئەوەش هەر بەدرهەمەکی	95
137	ئەمە نەن دزیە	95
138	پێشەکی پارەی چار قاپی.....	96
139	کورە مەکە.. هەی....	97
140	باوەڕ بەمن ناکەی....	98
141	بەپشتە خاکەناس....	98
142	ئەو سنگە نیشانە بی	98
143	ئەمن تەلەفۆنی خۆم کرد	99
144	بەس ئەو گەوادەی لێ بوو	100
145	قەتران.. خۆماندی نەکە	101
146	مەلا خوار مەکەوە	101
147	لۆ پەزی خراپە	102
148	ئەمن و خوشکم	103
149	مەزارا شێخی بەدرۆ ناخۆم	103

150	نانەك نەبوو لە مەعەسكەری....	103
151	لەكەرێ كەرتر بخوا....	104
152	ئەز موسەقەف بوومە..	105
153	ئەگەر بڵێی وەك ئەوم	105
154	ئەرێ چ ئیشتان بەمن نیە	106
155	گلەیی لەو كەس بكە	107
156	دەمانچەیە یان...	107
157	ماكو غێر تەبیب	108
158	چیە.. نامناسی	108
159	هەتا ئەوهابی....	109
160	لێرە خۆیان حەشارداییە	110
161	مەگەر خەیار بێ....	111
162	نیسكی بەزرە پونگێ	111
163	بژی سوپاس	111
164	یان شوان یان نەمام	112
165	ئەجەلت لەكێندەرێ هاتبێ....	113
166	شەرت بی... هەندەی	114
167	لە بەهارێوە ئاگام لێیە	115
168	پەككوو...	115
169	ئەگەر ئازای دەرێی	116
170	ئەو سەگبابەش.. ناچێتە....	117

171	سەیدی ماکو فەرق	117
172	لۆ خۆتان خۆڕی بن ناگیرێن	118
173	مانم قارداشە ئۆلپتە	119
174	تەشقەرەی شۆفێران	119
175	ئەوانە نە... ئیسلامن...	120
176	بەسوندی تو باوەڕ بکەم....	120
177	نە تەتەی من نەکخەی تو	121
178	هەتا مەڕی خۆت بوو...	121
179	ئەوە بەتڕی حوکمەتی....	122
180	خیانەتی توە	123
181	کەس قاسیدی چاکە نیە	123
182	لۆ ئاوڕ لەگوی خۆتان...	124
183	هەتا دێرەبەباتان هەبی	124
184	عەلی حەشاشە....	125
185	بەسە تەقەی مەکە	126
186	تەقەی خۆت بکە	126
187	دەست لەکاری خوا مەدە	127
188	نەخۆی کا.. نەلیرەی	128
189	مەکتەب سەرۆك	129
190	بەقەڕە ئەوهابی....	129
191	حەسەنی برام تفەنگی....	130

192	بەرانەکەت بنێرە ماری خاری	131
193	خوا رزقی ئەو هەموو...	131
194	هەی ناشرین ماتو ئەوی	132
195	سەلاموعەلیکوم کافرینە	132
196	ساکین جەفتە...	134
197	ئەڤ سەباب...	134
198	بابەل باب هەر ئەفەندی بووینە	135
199	عەیب ناکەن.. بابتان	136
200	وەکی کەرەکەم حیساب کەن	137
201	هەلیکۆپتەری شێخی	138
202	سەیدی خارت سەلامی لێکردی	138
203	لەخواو مەلا مستەفا بەزیادبی	139
204	چاکەو پیاوەتی.. لەجێی خۆی	140
205	مولّکی خۆتە.. یان میراتە	140
206	سمایل و عەمە	141
207	پیستەکەی خۆشترە	142
208	ئەوها دایۆ.. فیتەو دەبڕم	142
209	لۆ بەهەشتێ نیە...	143
210	ئەشهەدو حەقتانە	144
211	فندق و مەتعەم ئازاد	145
212	خۆ ماندی نەکە	145

213	بەس لۆ چاکە گۆتم سەگباب	146
214	وەکی سەی پڕت دامێ	146
215	کولکوم قۆندرە....	147
216	لەبەر دەرکێ خۆن	148
217	حزبی شوعیش لۆ خوای ناکا	148
218	پشتی سوڕایە....	148
219	وەرن کەرێ لێ وەبەستن	149
220	ئیسمی شەریفت	149
221	تەراقی نادەم	150
222	هەر گوێش مەدێ	151
223	داناکەسێ	151
224	خێرو شەڕت بەرامبەرە	152
225	لۆ نەهاتیە دەوامێ	152
226	مو مسەددەس.. شایل	153
227	گەورەو تەواوی خۆرێ مەخۆ	153
228	سمەم کەس بی.. ئەوڕۆم..	154
229	چیت پێ گۆتیە.. هەروا بڕێ	154
230	کەتنی کردبایە.. نەدەبووە..	155
231	هەچە هەچەیە.. نەچە چیە	155
232	هەم تریدِ توالێت	156
233	ئەو لە من نەقۆراترە	157
234	قەل بهەیلانێدا ریتیە	157
235	مار بۆر بەرەك	158
236	هەندە بەتەماع مەبە	158

237	هەموو شتەکی هەیە.. بەس..	159
238	وەی لەو سوعبەت چیەی	159
239	دەڤڕی و نافڕی	160
240	عەلێکوە سەلاااااام	160
241	چما هەر ئەمن بزنم	161
242	پاشەرم دەخورێ	162
243	ئەوە کێ بوو ئحمەکی کرد	163
244	خەڵکی دیکە دەبی چۆن بێ	163
245	بەتڕەوەش هەر خۆشم دەوێی	164
246	چما ئەتو.. بەو نەوعەی....	165
247	دەمانچەی کابرا بەچەندی دەکڕن	165
248	گێلیەکە باشترە	166
249	هەر قوتابیەك سەی بێنێ	167
250	خالید و مین هەڵگرتنەوە	167
251	پارەم وەرگرتیە بەس بەقەرز	168
252	ئێ عاسمانێ لەبۆ وادەکەن	168
253	سۆپەرەکەی خۆی کڕییەوە	169
254	قوربان.. ئەحەی خزمەتکارت	170
255	ئەنا گاش	170
256	دەرێن بویتە بوراق	170
257	لایەئکول بەگونم	171
258	رزقی مانگەکی خوا ناردی	172
259	لۆ چاکەی بورغیم توندکردەوە	172
260	یاڕەبی هەر تازیەی مەنسولان بی	173
261	ماشەڵڵا لەو شان و شەوکەتی خۆیی	174
262	کەر نابیتەوە جاش	174
263	بەکەس پاس ناکرێت	175

264	دە دینار زۆر نییە..؟	175
265	ب راستی باوەڕیا من هات	176
266	بەزەبری خەنجەرێ دابەزی	177
267	بەرانەکەم لەکێندەرە	177
268	خودێ.. ئەز قی شۆلی ناکەم	178
269	دە بڕۆن.. یەکدی تەفنیش کەن	178
270	ئیللی مو گەواد.. یرجەع	179
271	دەبی جەماعەت بەغدایان گرتبی	180
272	چ بەردیل چ بەرتیل	180
273	هەموو لە هەموو چونە سەر مانگ	181
274	فیشەك و ئەرزاقییان لۆ....	182
275	پەمپەکێ لۆ کاکی خۆ لێدەن	182
276	ئەوان دەعوەت و ئەنگۆش شەڕ	183
277	ئەخوك یەمی... مو یمهوم	183
278	خۆم موحاسەبە بکەم...	184
279	هەندەی نەمایە	185
280	پێشان چیت هەبوو	185
281	جەنازەیە.. بووك نییە	186
282	چ حەددت هەیە..	186
283	جۆرج ئەنتەو جەماعتەك	187
284	ئەرید مەجموعول کول	188
285	بەس مێزەکەم گۆڕیە	188
286	ئەکو بەگ اهناکە	189
287	ئەوها عەدمت دەکەم	189
288	موس هەیە	190
289	لۆ تامکردنی بی.. چ قەیدیە	190
290	جەماعەتێ مە نیە	191

291	هەر ئەوەندەت قابییلە	192
292	لەجیاتی بابی دەوام دەکات	192
293	ئەو ئۆین و بلعاتە چ بوو..!	193
294	نەکەی.. کخەیە..!!	193
295	عەریف نیمە..!!	194
٢٩٦	هەیرۆ هەیرۆ..!!	194
٢٩٧	کامەران بەدرخان..!!	195
٢٩٨	ئەو ڕەش ڕەشۆکانە چنە..!!	195
٢٩٩	لێرەش وازمان لێ ناینی..!!	195
٣٠٠	دەبی فەرقەکیان هەبی..!!	196
*	پاشکۆ	198
*	چەند هۆرێنەیەکی خۆم..	199
*	هۆرێنە..	202

نازاد حمەدەمین مەولود

ساڵی ١٩٥٧ز لە شارۆچکەی هیران لە دایک بوە

دەرچووی ئامادەیی بازرگانی هەولێر لە ١٩٧٨ز

لە دەیان ڕۆژنامەو گۆڤار وەک نووسەر و هەڵەچن کاری کردوە